ئاوارەییێن کوردێن ئێزیدی ڤەدگەرنە شەنگال وPKK ێ ژی مەترسی یە ل سەر ئارامی یاوێ دەڤەرێ

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5997) سێشەممە 1ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



3

ئەڤە ماوەیەکە روژانە هەژمارەکا خێزانێن کوردێن ئێزیدی ییّن ئاوارەییّن شەنگالێ ڤەدگەرنە دەڤەرێن خوە، لێ دهەمان دەم ژی گەلەك وان ترس ژبەرقەرار بونا رەوشا ئارامی یا دەڤەرێن خوە هەنە ژبەرکو ئەو دەڤەر هێشتا دبن کونترولا هەژمارەکا هێز و گروپ چەکدارایە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێگەی خێرای هەولێر- دهۆک و شەقامی 150 مەتری شاری هەولێر بەسەر دەکاتەوە

بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووریی و باشترکردنی رێگاوبانەکان کاری لەپێشینەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتە







دوێنێ دووشەمە ٣١/٨/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی پڕۆژەی رێگەی خێرای هەولێر-دهۆك (گۆپاڵ) ی کرد.

سەرۆکی حکوومەت بە ئامادەبوونی دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، لە نزیکەوە جێبەجێکردنی پڕۆژەکەی بەسەرکردەوە کە پڕۆژەیەکی ستراتیجییە و ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هاتووچۆی نێوان هەولێر - دهۆك و ئالوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکات و بە پێی ستانداردی رێگەوبانیی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدرێت. بودجەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکە ١٥٧ ملیۆن دۆلارە کە ئێستا لە قۆناغی کۆتایی دایە و بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ تەواو ببێت.

دواتر سەرۆکی حکوومەت قۆناغی یەکەمی پڕۆژەی شەقامی خێرای ١٥٠ مەتری شاری هەولێری بەسەرکردەوە کە دڕێژییەکەی ١٠ کیلۆمەتر دەبێت و بەشی یەکەمی لە قۆناغی کۆتایی دایە و بودجەی ئەم بەشەی ١٣١ ملیۆن دۆلار دەبێت. سەرۆکی حکوومەت وێڕای دەستخۆشی لە کۆمپانیای جێبەجێکار، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە ئەم پڕۆژە گرنگ و ستراتیجیانە لە لایەن دەست و بازووی ناوخۆیی و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێن. ئاماژەشی بەوە دا کە یەکێك لە کارە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووریی و باشترکردنی رێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستانە .



3

سبەی پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی خولی پایزەی دەکات



4

عێراق دوای سەردانەکەی کازمی بۆ واشنتۆن بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟

عێراقییەکان بە یارمەتی ئەمەریکا لە رێگەی هەوڵەکانی سەرۆکوەزیران مستەفا کازمی بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن کە لە هەژموونی ئێران رزگاریان بێت. لە کاتی بەردەوامبوونی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لە هەنگاوانی زیاتر بە ئامانجی گێرانەوەی سەروەری کە بەشێکی زۆری پەیوەستە بەو لایەن و گرووپە چەکدارانەی شیعە کە نزیك بە ئێرانن، ئەوا دوو بژاردەی لە بەردەمدایە، رووبەڕووبوونەوە یان دامرکاندنەوە.

حەمەڕەشید هەرەس نامەیەکی توند بۆ پەرلەمانتارانی کوردی دژ بە هەرێمی کوردستان دەنێرێت

2



نووسەر و هونەرمەندێکی ناسراوی هەرێمی کوردستان، لە نامەیەکدا ڕەخنەی توند لەو پەرلەمانتارانەی کورد لە بەغدا دەگرێت کە لە دژی میللەتەکەیان وەستاونەتەوە. لە نامەکەدا حەمەڕەشید هەرەس نووسیوویەتی: چەند دەنگێکی نەفرەتیی کوردی لە کوردستانەوە تۆمار کراون و لە بەغدای پایتەختی نەگبەتی بۆ کورد، لێ دەدرێنەوە، ئەویش دژایەتیی هەموو هەبوونێکی کورە و نهێنگرانە لاقی هەنگاوە نەتەوەییەکانی کورد ئەگرن و ئامبازی پیرۆزییەکانی نەتەوەکەمان دەبن، ئەوەی جێگەی داخە لە هیچ دژایەتییەك و بیانوویەکی قێزەون ناپرنگێنەوە.



بەغدا.. شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری دانان و ڕێکخستنی بودجەی عێراق دەکات



سەرۆکی شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، ئاشکرای کرد، کۆتایی مانگی ئەیلوول، کارە ستراتیژییەکانی بودجەی سێ ساڵی داهاتووی عێراق کۆتاییان دێت.

زاگرۆس فەتاح، بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا بە سەرۆکایەتیی شاندێك لە بەغدای پایتەختی عێراقە، بە خەباتی ڕاگەیاند: لێژنەیەکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدان بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی لێژنەی باڵای دانان و ڕێکخستنی بنەما ستراتیژییەکانی بودجەی عێراق بۆ ماوەی ساڵانی ٢٠٢١، ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣. زاگرۆس ڕوونیشی کردەوە کە مەبەستی ئەم سەردانە، دانانی بنەمایەکی ستراتیژییە بۆ بودجەی گشتیی عێراق، لە نێویشیاندا بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و وەگەڕخستنەوەی پڕۆژەی چاکسازیی کارگێڕی و دارایی لە عێراق. بە گوتەی زاگرۆس فەتاح، "گرنگیی ئەم لێژنە هاوبەشە لەوەدایە کە خەملاندن بۆ بودجەی سێ ساڵی داهاتووی عێراقی فیدراڵ دەکرێت و بنەمای خواست و پێویستییەکانی سێکتەرەکان دەستنیشان دەکرێت، هەروەها ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانیشی تێدا دەچەسپێنرێت".

بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لەم لێژنەیە دوای ئەوە دێت کە وەزارەتی دارایی عێراق، لەسەر بنەمای یاسای دارایی وڵاتەکە، دەبێت بودجەی سێ ساڵ ئامادە بکات، لەم چوارچێوەیەشدا بانگهێشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ بەشداریکردن لە دانانی بنەما ستراتیژییەکانی بودجەی عێراق و هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی شاندەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاماژەشی بەوە کرد کە دوێنێ دووشەممە ٣١ی ٨ی ٢٠٢٠، کۆبوونەوەکان بە بەشداریی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستیان پێکرد و بڕیارە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ کارەکانیان کۆتایی بێت.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا:

ڕاکان جبوری سامانی کەرکووک بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاردەهێنێت

ئەگەر حکوومەتی عێراق چاکسازی بکات دەبێ جبوری دادگایی بکات و سزای بدات



ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند، پارێزگاری ناشەرعیی کەرکووک سامان و بودجەی شارەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار دەهێنێت. جوان حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە خەباتی ڕاگەیاند، بەهۆی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ەوە، کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لاواز بوون و بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان نەکراوە.

جوان حەسەن هەروەها ڕایگەیاند، کە راکان جبوریی پارێزگاری سەپێندراوی سەر کەرکووک سستبوونی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی بۆ گەندەڵی و بە ئارەزوو بەڕێوەبردنی کەرکووک بۆ بەرژەوەندیی خۆی، قۆستووەتەوە. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک جەختی لەوە کردەوە، کە راکان جبوری گەندەڵی لە بەشەبودجەی کەرکووک لە ساڵەکانی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٠ کردووە و سامانی ئەو شارەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی و ئەو کەسانەی لەخۆی نزیکن، بە هەدەر داوە.

جوان حەسەن بە ئاماژەکردن بەوەی ڕاکان جبوری لە چەندین کەیسی گەندەڵی گلاوە، ڕایگەیاند، ئەگەر حکوومەتی عێراق چاکسازی بکات، دەبێ جبوری دادگایی بکات و سزای بدات، چونکە تەنیا لە یەك کەیسی گەندەڵیدا، دەیان ملیۆن دۆلاری لە نانخواردن و میواندارییەکانی خۆی، بە هەدەر داوە.

هەروەك جوان حەسەن ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی پارێزگای داوای ڕوونکردنەوەی لە چۆنێتیی خەرجکردنی بودجەی شارەکە لە ڕاکان جبوری کردووە، بەڵام ئەو ئامادە نییە ڕوونکردنەوە بداتە ئەنجوومەن.

ئەوانە بیانوویان فرۆشتنی ئابڕووەندی و سەرفرازی و بەرزیی دەروونییانە کە خاوەنی نین و نابن

حەمەڕەشید هەرەس نامەیەکی توند بۆ پەرلەمانتارانی کوردی دژ بە هەرێمی کوردستان دەنێرێت

ئەم ئەزموونەی ئەمانە دژی بوونەتەوە زادەی خوێنی ملیۆنەها خێرنەدیوی کوردە



نووسەر و هونەرمەندێکی ناسراوی هەرێمی کوردستان، لە نامەیەکدا ڕەخنەی توند لەو پەرلەمانتارانەی کورد لە بەغدا دەگرێت کە لە دژی میللەتەکەیان وەستاونەتەوە.

لە نامەکەدا کە لە ماڵپەڕی باسنیوز بڵاوکراوەتەوە، حەمەڕەشید هەرەس نووسیویەتی: چەند دەنگێکی نەفرەتیی کوردی لە کوردستانەوە تۆمار کراون و لە بەغدای پایتەختی نەگبەتی بۆ کورد، لێ دەدرێنەوە، ئەویش دژایەتیی هەموو هەبوونێکی کوردە و نهێنگرانە لاقی هەنگاوە نەتەوەییەکانی کورد ئەگرن و ئامبازی پیرۆزییەکانی نەتەوەکەمان دەبن، ئەوەی جێگەی داخە لە هیچ دژایەتییەك و بیانوویەکی قێزەون ناپرنگێنەوە.

حەمەڕەشید هەرەس، ئاماژەی بەوەش داوە، ئەمانە: ئەو بێ دایك و باوکانەم بیر دەخەنەوە کە لە سەردەمەکانی ئەتاتورکدا، کاتێك جینۆسایدی شۆڕشەکانی کوردی دەکرد، زۆر لە منداڵانی کورد بێ باوك و کەسوکار دەمانەوە، ئەتاتورك خۆی بەخێوی دەکردن و ناویان لێ دەنان کەمال (بە ناوی کەمال ئەتاتورکەوە)، کە گەورە دەبوون، بە دوژمنایەتیی کورد گۆش دەکران و ئەمانە گەورەترین زیانیان بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد دەگەیاند.

ئەو نووسەر و هونەرمەندە ناسراوەی سلێمانی دەشڵێت: ئەم کوردە ناپاکانەی ئێستاش کە کەس نازانێت کوڕی کێن؟ لە چ خانەوادەیەکن؟ مێژووی ژیانیان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ بە چ نەجابەتێکەوە لەجیاتی کورد قسە دەکەن؟ چ سەرمایەیەکی هەڵوێستی جوانی ئیستا و داهاتوویان هەیە؟ ئەی بە چ مافێك دژایەتیی هەموو هەبوونیکی کورد دەکەن؟ ئەی بە چ مافێك ڕەنجی ئەو هەموو خەباتەی کورد بە با دەدەن؟ ئەم ئەزموونەی ئەمانە دژی بوونەتەوە، زادەی خوێنی ملیۆنەها خێرنەدیوی کوردە، ئەی بە چ سەروەرییەکیانەوە دەستیان ناوەتە بینی نەتەوەکەمانەوە؟. هەروەها نووسیوویەتی: "لە سەردەمی شێخ مەحموودی نەمردا، ئەو کاتەی جارِی دەوڵەتی کوردی درا، هەندێك خوێندەوار بە دنەی ئینگلیز و وەستاکانی سایکس بیکو، نامەیەکیان ئاراستەی (ساحیب) ئینگلیز لە بەغدا کرد، کە ئەمان لەگەڵ دەوڵەتی کوردی نین و دەیانەوێت لەژێر دەسەڵاتی عێراقدا بن، نامەیەکی پڕ شەرمەزاری، هەر کوردێکی ئابڕومەند بیخوێنێتەوە عارەق دەردەدا، هەموو پاساوێکی ئەم ناپاکانەش ئەوە بوو هاواریان دەکرد، ئەگەر لە عێراق بێینە دەرەوە، تووتنەکانمان بە کێ بفرۆشین؟".

حەمەڕەشید هەرەس لە نامەکەدا جەختی کردووەتەوە: "ئەوانەی ئەو ناماقوڵییەیان کرد، لە خانەوادە ناوداراکانی کورد بوون، حەسوودییان بە شێخی نەمر دەبرد، ئاخر ئەو قوڕەی ئەوان بوو بۆ کوردیان گرتەوە و بۆردومانی سلێمانیی بەدوای خویدا هێنا و دوای ئەوەش ئەو هەموو کوشتار و کیمیاباران و ئەنفالەی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەوان بیانووە سەرەکییەکەیان فرۆشتنی تووتن بوو. ئەی ئەمان بیانوویان چییە؟ خۆم وەڵامیان دەدەمەوە، بیانوویان فرۆشتنی ئابڕوومەندی و سەرفرازی و بەرزیی دەروونییانە، کە خاوەنی نین و نابن".

بەرپرسێکی پارتی بۆ (خەبات): لە ماوەی سێ ساڵەی ڕابردوو

20 گوندی کوردنشینی دووبز چۆڵ کراون

بەرپرسێکی پارتی ڕای دەگەیەنێت دۆخی سنووری قەزای دووبزی سەر بە پارێزگای کەرکووك، ناجێگیرە و تیرۆریستانی داعش شەو و ڕۆژ لە جموجۆڵدان و بەهۆی کردەوە تیرۆریستییەکانەوە ٢٠ گوندی کوردنشین چۆڵ کراون. جەواد محەمەد، بەرپرسی ناوچەی دووبزی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: سنووری قەزای دووبز ئێستا لە ڕووی ئەمنییەوە دۆخەکە ناجێگیرە و لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ەوە پێشمەرگە لە سنوورەکە نەماوە و داعشیش پەرەی سەندووە و ئێستا چالاکییە تیرۆریستییەکانیان لە ناوچەکە بەو شەو ڕۆژیش ئەنجام دەدەن و هەندێك جار لە شەواندا دێنە ناوەندی قەزای دووبزیش و لە گوندەکانیش بە ئارەزووی خۆیان لە پێش چاوی خەڵك تەراتێن دەکەن.

ئەو بەرپرسە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی ڕابردوو ٢٠ گوندی کوردنشینی سنووری قەزای دووبز بەهۆی داعشەوە چۆڵ کراون و تەنیا چەند گوندێکی کەم ماوە کە خەڵکی تێدا ماوە و ئەو گوندانەش چەندین جار داعش هێرشی کردووەتە سەریان و خەڵکی شەهید و بریندار کردووە و تا ئێستاش دۆخەکە زۆر ناجێگیرە. هاوکات لەگەڵ جموجۆڵ و کردەوە تیرۆریستییەکانی داعش، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و عەرەبی هاورە کە بۆ داگیرکردنی زەویوزاری جووتیاران دێنە سنووورەکە، هاوولاتییانی کوردیان هەراسان کردووە.

هەر دوێنێ دووشەممەش لە ناحیەی سرگەڕان، جووتیارانی کورد لەدژی داگیرکردنی زەویوزارەکانیان لەلایەن عەرەبە هاوردەکانەوە گردبوونەوەیان ڕێککخستووە.



بۆ دووەم ڕۆژ دهۆك بەرزترین ژمارەی تووشبووی نوێی کۆرۆنای تیادا تۆمارکراوە

هەرێمی کوردستان.. 25 کەسی دیکە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەست داو 370 تووشبووش چاکبوونەوە



وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماریکی نوێی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان کە دوێنێ دووشەممە بڵاوکرایەوە، بۆ دووەم ڕۆژ لەسەر یەك دهۆك بەرزترین ژمارەی تووشبووی نوێی کۆرۆنای تیادا تۆمارکراوە.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٥٩١ تووشبووی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراوە، بەرزترین ژمارەیان لە دهۆك بووە بە ٢٤٣ تووشبووی نوێ و لە هەولێرە ١٦٩ تووشبوو و لە سلێمانی ١١٥ و لە گەرمیان ٣٤ کەس و لە پارێزگای هەڵەبجە-ش ٣٠ تووشبووی نوێ تۆمارکراوە.

وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٧٠ تووشبووی کۆرۆنا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا چاکبوونەتەوە، بەرزترین ژمارەیان لە هەولێرە بە ٢٥٥ کەس و لە سلێمانی ٥٢ کەس و لە گەرمیان ٤٣ و لە هەڵەبجەش ٢٠ تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە. هەروەها لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٢٥ کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، ١٢ کەسیان لە سلێمانی و نۆ کەس لە هەولێر و سێ کەسیان لە دهۆك و کەسێکیش لە دەڤەری ڕاپەڕین.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تا ئێستا، ٢٨ هەزار و ٧٥٢ تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکراوە، لەو ژمارەیە ١٨ هەزار و ٤٩ کەسیان چاکبوونەتەوە و نۆ هەزار و ٦٢٩ کەسیش ماون لەژێر وەرگرتنی چارەسەردان. هەروەها تا ئێستا هەزار و ٧٤ کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

سبەی پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی خولی پایزەی دەکات



دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا دانیشتنەکانی خولی پاییزەی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ بکات و سبەی چوارشەممە ٢ی ئەیلوولیش دانیشتنی کردنەوەی خولەکە دەبێت. هەروەها بەپێی راگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش، کاتژمێر یەکی نیوەڕۆی رۆژی دووی ئەیلوولی داهاتوو، دانیشتنی ژمارە یەکی ئاسایی خولی پاییزە دەست پێ دەکات.

لەلایەکی دیکەشەوە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە یەکی ئاسایی خولی پاییزەی راگەیاند و بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمانی کرد رۆژی چوارشەممە دووی ئەیلوول کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان ئامادەبن.

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاندووە پالپشت بە «حوکمی مادەی (٥) و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە مادەی (١٦) و بڕگەی (سێیەم) لە مادەی (١٨) و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە مادەی ٢٠ و ماددەکانی «٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧» لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ١ی ئاسایی خولی پاییزەی سالّی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بەم شێوەیەبێت:

یەکەم: یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: کردنەوەی خولی پاییزەی سالّی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم / دووەم) لە مادەی ٧ و بڕگەی سێیەم لە مادەی ١٨ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: گوتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی پاییزەی سالّی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.


چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان) بەپێی حوکمی مادەکانی «٨٧، ٨٨، ٨٩» لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پێنجەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەیاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق) بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی مادەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان،

پەرلەمان لە سالّێکدا دوو وەرزی گرێدانی هەیە، خولی بەهارە لە سەرەتای مانگی ئاداریوە دەست پێ دەکات تا کۆتایی مانگی حوزەیران، خولی پاییزە لە سەرەتای مانگی ئەیلوول دەست پێ دەکات تا کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم.

لیژنەی پێشمەرگە ئەنجامی سەردانی نوێنەرانی وەزارەتی پێشمەرگەی لەگەڵ وەفدی عێراقی بۆ ئەمەریکا تاوتوێ کرد



رۆژی ٣٠-٨-٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەو بەشداریی جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەشێوەی ڤیدیۆ کۆنفڕانس ئەنجامدا. لەکۆبوونەوەکەدا کە عەمید هەژار بەڕێوەبەری بەشی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان لەوەزارەتی پێشمەرگە بەشداربوو تیایدا کە لەهەمان کاتدا نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە بووە کە لەگەڵ وەفدی حکوومەتی عێراق بەسەرۆکایەتیی مستەفا کازمی سەردانی ئەمەریکای کردبوو بۆ بەشداریکردن لەدیالۆگی ستراتیژیی ئەمەریکی عێراقی، گفتوگۆ لەسەر سەرجەم ئەو تەوەرانە کرا کەتایبەت بوون بەهێزەکانی پێشمەرگەو ئەو بابەتانەی کە لەکۆبوونەوەکانی حکوومەتی عێراق و ئەمەریکاو هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەسەر کرابوو، وەك ئەو هاوکارییانەی حکوومەتی ئەمەریکا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، بابەتی هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە، بابەتی چاکسازی لەهێزەکانی پێشمەرگە، پرچەککردنی هێزی پێشمەرگە، چاکسازی لەخانەنشینیی پێشمەرگە، دواتر هەریەك لەئەندامان ڕاوو تێبینیی خۆیان خستەڕوو.

لیژنەی شەهیدان کار لەسەر هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان دەکات



بەمەبەستی تاووتوێکردنی هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و پرسی سەردانیکردنی بەغدا بۆ بەدواداچوونی کێشەکان، پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە ٣١/٨/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لەپەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی سوسن محەمەد میرخان سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو ژمارەیەك لەئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا ژمارەیەك یاسا سەبارەت بەجینۆسایدو کەسوکاری شەهیدان و منداڵە ونبووەکان گفتوگۆی لەبارەوە کرا، لیژنەکە بەگرنگی زانی سەرەتا کار لەسەر هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان بکات، لەبەرئەوەی کێشەی تێدایەو پێویستە بەیاسا چارەسەریان بکات.

هەر لەکۆبوونەوەکەدا لیژنە بڕیاریدا بەپێکهێنانی چوار لیژنەی لاوەکی بەمەبەستی سەردانیکردنی مەیدانیی تەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکانی شەهیدان لەهەرێمی کوردستان بۆ چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ کارەکانی لیژنەی چاکسازی لەپارێزگاکاندا.

بڕیارێکی تری لیژنەکە بریتی بوو لەئەنجامدانی وۆرکشوپێك بەبانگهێشتکردنی ڕێکخراوەکانی جینۆسایدو شەهیدان و ئەنفال لەگەڵ زیندانیانی سیاسی و کەسانی پسپۆڕو شارەزا بۆ سوودوەرگرتن لەئەزموونی ئەوان و زانکۆکانی هەرێم و وەرگرتنی تێبینییەکانیان.

هەروەها لیژنە بڕیاری ئەوەشیدا کە لەداهاتوودا سەردانی بەغدا بکات بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەو گرفتەکانی شەهیدان و جینۆسایدو قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا تەواوی لیژنەکە کۆکبوون لەسەر ئەوەی کەپێویستە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، تایبەتمەندیی لیژنەی شەهیدان لەبەرچاو بگرێت و گرنگیی زیاتر بەلیژنەکەیان بدات، چونکە پەرلەمان و حکوومەت بەخوێنی شەهیدان بەرهەم هاتووە.

ئاوارەییێن کوردێن ئێزیدی ڤەدگەرنە شەنگال و PKK ێ ژی مەترسی یە ل سەر ئارامی یاوێ دەڤەرێ



خەبات/ زاخو :

ئەڤە ماوەیەکە ڕۆژانە هەژمارەکا خێزانێن کوردێن ئێزیدی ییێن ئاوارەییێن شەنگالێ ڤەدگەرنە دەڤەرێن خوە، لێ دهەمان دەم ژی گەلەك وان ترس ژبەرقەرار بونا ڕەوشا ئارامی یا دەڤەرێن خوە هەنە ژبەرکو ئەو دەڤەر هێشتا دبن کونترولا هەژمارەکا هێز و گروپ چەکدارداینە.

پیر دەیان ڕێڤەبەرێ ئوفیسا شەنگال یا دەزگەهێ خێرخوازیێ بارزانی بو خەبات دیار کر، دەزگەهێ خێراخوازیێ بارزانی ببەردەوام هاریکارێن مروڤی وپێدڤێن ڕۆژانە پێشکێشی خێزانێن ئاوارەییێن کوردێن ئێزیدی دکەت ییێن کو ڤەدگەرنەڤە سەر جهوارێن خوە، وئاماژەکر نها دەزگەهێ خێراخوازیێ بارزانی ئوفیسەکا تایبەت ل ڤەڤەرا سحێلا ڤەکریە ژبو پێشکێشکرنا هاریکاری یا بو وان خێزانێن ڤەدگەرنەشەنگالێ.

پیر دەیان دیارکر هەتا نها پتر ژ ٤ هزار خێزانێن ڤەگەریایی مفا ژ هاریکارێن دەزگەهێ خێرخوازیێ بارزانی وەرگرتینە، وگوت، ل ئایندەیی دەزگەهێ خێرخوازیێ بارزانی پروگرام هەیە پتر هاریکاریا خەلکێ دەڤەرا شەنگال بکەت.

ژلایەکی دی ڤەهێشتا هەژمارەکا مەزن ژئاوارەییێن شەنگال ییێن کو ل ناڤ کومپێن هەرێما کوردستانێ دژین ترسا وێ چەندێ هەنە کو ئارامی ب شێوەیەکی یەکجاری ڤەگەڕیتە دەڤەرێن وان ژبەر ئەو ناوچە نها ل ژێرکونترولا هەژمارەکا هێز وگروپێن چەکدارێن جودا دایە،وەلید سلێمان کو ئاوارەیەکی دەڤەرا شەنگالێ یە وەسا ددتە زانین هەبونا گروپێن چەکدار ییێن جودا ل شەنگالێ ئەگەرەکی سەرەکی یە کو تێکدانا ڕەوشا ئاسایش وئارامی دەڤەرێ ودیارکر هەبونا چەکدارێن PKK ێ ل شەنگال بویە بهانەیەکا مەزن کو فروکەییێن تورکی هێرشێ بکەنە سەر دەڤەرێن جودا ییێن شەنگال وئەڤێ چەندێ ترسەکا مەزن ل جەم خەلکێ پەیداکریە.

قایمەقامێ شەنگالێ محما خەلیل دیارکر هێزێن چەکدارییێن سەر بە(PKK)ێ ڤە کریارێن ڕەڤاندن وگرتنێ ل هەمبەر زارۆو وئافرەتێن کوردێن ئێزیدی ئەنجام ددن، وئاماژەکر هەبونا چەکدارێن PKK ێ ل شەنگال دبیتە ئەگەر کو ئاشتی یا کومەلایەتی ل دەڤەرا شەنگال تێکبچیت وهەروەسا ئالوزیان ل بەرامبەر ئاڤەدانی یادەڤەرێ وڤەگەڕاندنا خەلکێ بو جهوارێن وان دوست بکەت.

دهۆك.. پێکهاتەی مەسیحی پێنج پۆست وەردەگرێت

نوێنەری مەسیحییەکان لە پەرلەمانی کوردستان گوتی، بڕیارە لە ئیدارەی پارێزگای هۆك پێنج پۆست بدرێت بە پێکهاتەی مەسیحی، کە تاوەکو ئێستا پۆستێکیان وەرگرتووە و چوار پۆستی دیکەش ماوە وەریان بگرین.

ڕوبینا تیاری، نوێنەری پێکهاتەی مەسیحی لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: «حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە لە ئیدارەی پارێزگای دهۆك پێنج پۆست بە پێکهاتەی مەسیحی بدات و ئەمڕۆ پۆستی جێگری پارێزگار بۆ کاروباری ئیداریان وەرگرت و لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك دەنگی لەسەر درا و پەسەند کرا.»

ڕوبینا تیاری گوتیشی: «بڕیار چوار پۆستەکەی دیکەش وەرگرین، ئەوانیش پۆستێکی قایمقام و دوو بەڕێوبەری ناحیە و بەڕێوبەرێکی گشتییە، بەمەش پێکهاتەی مەسیحی لە دهۆك دەبێتە خاوەنی پێنج پۆست.»

جگە لەوەش، پێکهاتەی مەسیحی لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی وەزارەتەکانیش وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنیان پێ دراوە .

عێراق دوای سەردانەکەی کازمی بۆ واشنتۆن بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟

کازمی بە قۆناغبەندی هەوڵ دەدات عێراق لەژێر هەژموونی گرووپەکانی شیعە و لایەنە سیاسییەکانی نزیک لە ئێران دەربهێنێت



ئەستەمە مستەفا کازمی لەسەر داوای ئەمەریکا لە ئێستادا دژبە گرووپەکانی شیعە هیچ هەنگاوێک بنێت

عێراقییەکان بە یارمەتی ئەمەریکا لە رێگەی هەوڵەکانی سەرۆکوەزیران مستەفا کازمی بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن کە لە هەژموونی ئێران رزگاریان بێت. لە کاتی بەردەوامبوونی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لە هەنگاونانی زیاتر بە ئامانجی گێرانەوەی سەروەری کە بەشێکی زۆری پەیوەستە بەو لایەن و گرووپە چەکدارانەی شیعە کە نزیک بە ئێرانن، ئەوا دوو بژاردەی لە بەردەمدایە، رووبەڕووبوونەوە یان دامرکاندنەوە.

بێبەشکردنی گرووپە چەکدارە شیعەکان نزیک لە ئێران لە دەستکەوت

مستەفا کازمی پەیامی زۆری هۆشداری ئاراستە کراوە لە هەوڵەکانی بۆ بێبەشکردنی گرووپە چەکدارە شیعەکان نزیک لە ئێران لە دەستکەوت، هەژموونیان لە بەشێکی زۆری بڕیارەکانی دەوڵەتی عێراق لە رووی ئەمنیی، سەربازیی، ئابووریی و هەروەها سیاسییش. لە شەشی تەموزی رابردوودا، کەسانێکی نەناسراو شارەزای بواری ئەمنیی، هیشام هاشمییان تیرۆر کرد کە کەسێکی نزیکی مستەفا کازمی بوو و بۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە کاریان کردبوو، هاوکات دەستی تۆمەت لە تیرۆرکردنی هیشام هاشمی بۆ یەکێک لە گرووپەکانی شیعە دڕێژ کرا. لەم مانگەشەوە، کردەی تیرۆرکردن دژبە چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان ئەنجام دەدرێت کە تا ئێستا ژمارەیەک لە چالاکوانان تیرۆرکراون، ئەوەیش بە ئامانجی شڵەژاندنی رەوشی ئەمنی و تەحەداکردنی توانا و هەوڵەکانی مستەفا کازمی لە رووبەڕووبوونەوەی گرووپەکانی شیعە، جگە لەوەیش مستەفا کازمی وەک کەسێکی سەربەخۆ لە حکومڕانییدا خۆی نیشان داوە و خۆی سەربە هیچ پارتێک هەژمار نەکردووە کە ئەوەیش یەکێکە لە داواکارییە سەرەکییەکانی خۆپیشاندەران. ئێران لە میانی سەرپێچیکردنی سزاکانی ئەمەریکادا، هەژموونی هاوپەیمانەکانی و بوونی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی عێراقدا بە ئامانجی بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووری و دەستکەوتی دیکە بە ناپاسایی قۆستوونەتەوە بە تایبەتیش کە عێراق کارەبا و غاز بۆ وەگەرخستنی وێستگەکانی کارەبا لە ئێرانەوە هاورەدە دەکات. لە ئێستادا عێراق بە سەرچاوەی بووژانەوەی ئابووریی ئێران دادەندرێت بە تایبەتیش کە لەئێستادا، ئێران رووبەڕووی ئەو سزایانە بووەتە کە لە چواری تشرینی دووەمی ٢٠١٨دا، لەلایەن ئەمەریکاوە بەسەریدا سەپێندراوە.

رزگاربوون لە هەژموونی ئێران

سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لە میانی سەردانەکەی بۆ تاران کە لە ٢١ی تەموزی رابردوودا ئەنجامی دا، بە سەرکردەکانی ئێرانی راگەیاندبوو کە عێراق دەیەوێت پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ ئێران و وڵاتانی دیکە هەبێت، ئەوەیش لەبری کارکردن لەگەڵ ئەو هێزانەی کە کاردەکەن بۆ لەناوبردنی هەوڵەکانی بناتانەوەی دەوڵەتی عێراق. مستەفا کازمی بە قۆناغبەندی هەوڵ دەدات عێراق لەژێر هەژموونی گرووپەکانی شیعە و لایەنە سیاسییەکانی نزیک لە ئێران دەربهێنێت و جگە لەوەیش هەوڵ دەدات عێراق لە ناکۆکی و مللانێیەکانی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی دوور بخاتەوە. وێڕای ئەوەی ئێران هەڵوێستێکی روونی لە حکوومەتی عێراق بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی بەدی نەکردووە، بەڵام بێ گومان وا تەماشای مستەفا کازمی دەکات کە هەڕەشە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق دروست دەکات، چی لە رێگەی گرتنەبەری رێوشوێن بێت دژبە گرووپەکانی شیعە نزیک لە ئێران یان کرانەوەی ئابووری بە رووی وڵاتانی دیکەدا، ئەو هەوڵانەیش کە مستەفا کازمی بۆ گێرانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەرهێنانیان لەژێر هەژموونی هاوپەیمانەکانی ئێران خستووەتەگەڕ. بەر لە سازکردنی قۆناغی دووەمی گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان واشنتۆن و بەغدا، هاوپەیمانەکانی ئێران، هێرشەکانیان دژبە بەرژەوەندی و هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق زیاد کرد، ئەوەیش وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر مستەفا کازمی تا سنووردێک بۆ پاڵپشتیکردنی لە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دابنێت. وەک ئەوەی شیکردنەوەی بۆکراوە مستەفا کازمی درک بەوە دەکات کە تا ماوەیەکی نزیک ناتوانێت دەستبەرداری هێزی سەربازیی ئەمەریکا بێت لە عێراق بە تایبەتیش کە هێشتا هەڕەشەکانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش بەردەوامە و کردە تیرۆریستییەکانی رێکخراوەکەیش لە ژمارەیەک ناوچەی عێراق زیادی کردووە و هێزە ئەمنییەکانیش لە رووی زانیاری هەواڵگریی، مەشق، راوێژکاریی و پرچەککردن پێویستیان بە پاڵپشتیکردنی هێزەکانی ئەمەریکا هەیە. گرووپە چەکدارەکانیش کە گومان دەکرێت سەربە گرووپە چەکدارەکانی نزیک لە ئێران بن، بەر لە سەردانەکەی مستەفا کازمی بۆ واشنتۆن، شەش هێرشی مووشەکی و پێنج هێرشی دیکەیان بە بۆمبی چێنراو دژبە بەرژەوەندی و هێزەکانی ئەمەریکا لە ماوەکانی ١٢ و ١٩ی ئەم مانگەدا، ئەنجامدابوو.

بەرەنگاربوونەوەی داعش

لە ١١ی مانگی حوزەیرانی رابردوودا، عێراق و ئەمەریکا دەستیان بە سازکردنی گفتوگۆی ستراتیجیی کرد و یەکەم قۆناغی گفتوگۆکەیش لە بەغدا سازکرا. لە یەکەم قۆناغی گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان عێراق و ئەمەریکا سەبارەت بە کۆمەڵێک تەوەر بیرووڕا ئاڵوگۆڕ کرا لەوانە ئاسایش، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئابووری، وزە و بابەتە سیاسیی و کولتوورییەکان. قۆناغی دووەمی گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان عێراق و ئەمەریکا لە ١٩ی ئەم مانگە لە واشنتۆن سازکرابوو کە لە میانیدا جەخت لەسەر شەراکەتی ستراتیجیی دڕێژەودای نێوان هەردوو وڵات کرایەوە ئەویش لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەری عێراق و بەڵێنی بەغدا بۆ پاراستنی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی لە عێراق. لە قۆناغی دووەمی گفتوگۆی ستراتجییدا، ئەمەریکا پابەندبوونی خۆی دووپات کردەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی لەگەڵ عێراق لە میانی هەماهەنگیی ئەمنی دووقۆڵیی و هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان عێراق بۆ شکستهێنان بە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و جەختی کردبووەوە کە بەردەوام دەبێت لە مەشق و پاڵپشتیکردنی هێزە عێراقییەکان.


لە میانی قۆناغی دووەمی گفتوگۆی ستراتجییدا، هەردوولا رێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، دوای ئەوە سەرکەوتنانەی کە هەردوو وڵات لە قۆناغی یەکەمی شەڕی دژبە داعش بەدەستیان هێناوە، لەگەڵ مانەوەی بەشێک لە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بۆ مەشق و پێشکەشکردنی زانیاری هەواڵگریی بە هێزەکانی عێراق. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بەر لەوەی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی کۆبێتەوە لە ٢٠ی ئەم مانگە، رایگەیاندبوو کە ژمارەیەکی کەمی سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق ماون، بەڵام بوونی ئەو سەربازانە لە عێراق بۆ یارمەتیدانە، ئەگەر ئێران هەر کارێکی نەشیاو ئەنجام بدات.

دان پێدانانێکی فەرمی عێراقی بە گرنگیی بوونی هێزی سەربازی ئەمەریکی

دوای گەڕانەوەی لە واشنتۆن میدیاکانی عێراق لە زاری مستەفا کازمی بڵاویان کردبووەوە، سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە لە میانی سێ ساڵی داهاتوودا، هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکشێنێتەوە و لە دەرەوەی عێراق جێگیریان دەکات، بەڵام ژمارەیەکی کەمی سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق بۆ مەشق و پێشکەشکردنی زانیاری هەواڵگریی بە هێزە ئەمنییەکان لە عێراق دەمێننەوە. ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمانی ئێران وا پێشبینی دەکەن کە ئەوەی مستەفا کازمی لە ترەمپ گواستووەتەوە دەستکەوتە بۆ ئەوان، وێڕای ئەوەی لە هیچ ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا ئاماژەیان پێ نەکردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمەریکا لە میانی سەردانەکەی مستەفا کازمی بۆ واشنتۆن، دان پێدانانێکی فەرمی عێراقی سەبارەت بە گرنگی بوونی سەربازیی ئەمەریکا لە عێراق، بەدەست هێنا، جگە لەوەیش وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق دەمێننەوە تا ئەو کاتەی ئەرکەکانیان کۆتایی دێت. پێدەچێت مستەفا کازمی یارمەتیدانی بۆ ڕزگارکردن و دەرهێنانی دەوڵەتی عێراق لە هەژموونی ئێران لەگەڵ ئیدارەی ئەمەریکا تاوتوێ کردبێت، بەڵام ئەو پرسە بەرپرسانی ئەمەریکا یان عێراق لە لێدوان و بەیانی کۆتایی قۆناغی دووەمی گفتوگۆی ستراتیجیی ئاماژەیان بۆ نەکردووە.

بنیاتنانی عێراقێکی نوێ

ئەگەر ئەو ڕێوشوێنانەی کە مستەفا کازمی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە کەرتەکانی ئەمنی و ئابووری گرتوویەتەبەر سەربکەوێت، ئەوا بنتانانی عێراقێکی نوێی لێ دەکەوێتەوە کە خاڵییە لە هەژموونی دەرەکی یان هەژموونی گرووپە چەکدارە شیعەکان. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکانی شیعە، ئەوا پێویستە مستەفا کازمی توانای هێزەکانی دژەتیرۆر پتەوتر بکات، چونکە ئەو هێزانە لەلایەن ئەمەریکاوە پێکهێنراوە و مەشقیشیان پێ کراوە، تەنانەت هەر لەلایەن ئەمەریکاوە پرچەککراون، جگە لەوەیش ئەو هێزانە لە شەڕکردندا، شێوازی سەربازانی ئەمەریکا بەکاردەهێنن کە بە پاڵپشتی ئەمەریکا دەتوانن بەرەوڕووی ئەو گرووپە چەکدارانە ببنەوە، لەوانەیە ئەو پرسە لەنێوان مستەفا کازمی و ئیدارەی ئەمەریکادا گفتوگۆی لەسەر کرابێت. ئەستەمە مستەفا کازمی لەسەر داوای ئەمەریکا دژبە گرووپەکانی شیعە هیچ هەنگاوێک بنێت لە کاتێکدا ئەمەریکا بە روونی رایگەیاندووە کە لە میانی سێ ساڵی داهاتوودا، هێزەکانی لە عێراق دەکشێنێتەوە و تا ئەو ماوەیە ناتواندرێت توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق پتەوتر بکرێت تا دەسەڵاتی دەوڵەت بسەپێنن بڕیاری سەروەریی وڵاتیش بگێڕنەوە. مستەفا کازمی بۆ چەند ئامانجێک کار دەکات لەوانە گێرانەوەی سەروەری بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت، چەک تەنها لەدەستی دەوڵەتدا بێت، رێگەگرتن لە هێرشکردنە سەر هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژبە داعش، رێگەگرتن لە کردەکانی تیرۆرکردن دژبە چالاکوانانی خۆپیشاندەران و ئەو کەسانەی کە دژبە هەژموونی ئێرانن لە عێراق. هاوکات هەوڵەکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لە گێرانەوەی سەروەری بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت و بوونی هەژموونی ئێران لە عێراق ڕووبەڕووی بەرهەڵستی بووەتەوە. لەوانە بەرهەڵستی ئێران لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی، بێبەتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەنێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و گرووپە شیعەکان کە بەم دواییانە هێرشەکانیان دژبە هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی بەرابەرایەتی ئەمەریکا زیادی کردووە.



فەرمانی دەستگیرکردنی سەرۆک حزبێکی عێراقی دەردەچێت

بەهۆی بڵاوکردنەوەی گۆرانی لە رۆژی گیان لەدەستدانی ئیمام حوسێن، ئیمامی سێیەمی شیعەکان، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سەرکردەیەکی باڵای عێراقی دەردەچێت. دوێنێ دووشەممە ٣١-٨-٢٠٢٠، دادگای ڕەسافە لە بەغدای پایتەختی عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ جەمال کەربولی، سەرۆکی پارتی حەلی عێراقی دەرکردووە.

جەمال کەربولی بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەرنامەیەکی گۆرانی و هەڵپەڕکێ لە شەوی عاشورا لە کەناڵی دیجلە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە. کەربولی هاوکات لەگەڵ سەرۆکایەتیی حزبەکەی، خاوەنی کەناڵی دیجلەیە و بە سووکایەتیکردن بە هەستی شیعەکان، کە لە یادی عاشورادا گۆرانی پەخش کردووە، تۆمەتبار دەکرێت.

دادگای ڕەسافە هەروەها داوای لە دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی عێراق کردووە دەست بە ڕێککاری یاسایی دژی کەناڵی دیجلە بکات. عاشورا (١٠ی مانگی موحەرەمی ساڵی کۆچی)، لە لایەن شیعەکان ڕۆژی ماتەمە، بەهۆی ئەوەی ئیمام حوسێن، ئیمامی سێیەمی شیعەکان لەو ڕۆژەدا گیانی لەدەست داوە.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق هەوڵی چەککردنی عەشیرەتەکان دەدات



وەزارەتی ناوخۆی عێراق هەوڵی چەککردنی چەکدارانی سەر بە عەشیرەتەکان دەدات. بەپێی هەواڵی میدیا عێراقییەکان، وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە دوای شەڕە گەورەکەی دوو عەشیرەتی باکووری بەغدا، بڕیاری سەدنەوەی چەکی لە چەکدارە عەشائیرییەکانی داوە. لیوا خالید مەحنا، گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە میدیاکانی حکوومەتەکەی ڕاگەیاندووە، شەڕی عەشیرەتەکان مایەی هەڕەشەن بۆ سەر کۆمەڵگەی عێراقی.

لیوا خالید مەحنا هەروەها ڕایگەیاندووە، بڕیاری دەستگیرکردنی هەشت چەکداری دوو عەشیرەتەکەی باکووری بەغدا دەرچووە. ڕۆژی هەینیی ڕابردوو چەکدارانی دوو عەشیرەتی شارۆچکەی حوسێنییە لە باکووری بەغدا بە چەکی بچووک و گەورە ڕووبەڕووی یەک بوونەوە و بەهۆیەوە چەندین خانوو و دوکانی هاووڵاتییان وێران بوون.



هێرشی مووشەکی بۆسەر نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا

بە مووشەکی کاتیوشا هێرش کرایە سەر نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا. شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە دوو مووشەکی کاتیوشا لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا کەوتوونەتەخوارەوە.

لە کاتێکدا باس لەوە دەکرێت کە هێرشەکە زیانی گیانیی لێ نەکەوتووەتەوە، لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە دەستی پێ کردووە. تا ئێستا هیچ کەس و لایەنێک بەرپرسیارێتی هێرشەکەی نەگرتووەتە ئەستۆ.

پەیامی فەڕەنسا و ئەڵمانیا بۆ دیالۆگ لەگەڵ تورکیادا

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا: تورکیا لە خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کایەی دەریایی وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپای پێشێلکردووە ئەوەیش جێگەی قبووڵکردن نییە

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا: تورکیا لە لیبیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەتی (ناسەقامگیرکردن) بەڕێوەدەبات و ئەوەیش مایەی قبووڵکردن نییە



وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، جان ئیڤ لۆدریان و وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، هێیکۆ ماس لە پاریس پایتەختی فەڕەنسا، بۆ ئەو باڵیۆزە فەڕەنسیانە دوان کە لە ئەورووپادا کاردەکەن. جان ئیڤ لۆدریان ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە ئەورووپا بەهێزتر بێت، ئەوەیشی خستەڕوو کە بەهۆی هەڵوێستی ناتەبا و ناڕاستی بەریتانیاوە دانوستانەکانی نێوان یەکێتیی ئەورووپا و بەریتانیا لەبارەی ئەو ڕێککەوتنەی کە بازرگانیی و پەیوەندیەکانی داهاتوو دیاری دەکات پێشوەچوونی بەخۆوە نەبینیوە.

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا باسی لەوەش کرد کە تورکیا لە خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کایەی دەریایی وڵاتی یەکێتیی ئەورووپای پێشێلکردووە کە ئەوەیش جێگەی قبووڵکردن نییە.

جان ئیڤ لۆدریان ئەوەشی باس کرد کە جێهێشتنی ئاسایشیان بۆ کاراکتەرەکانی دیکە هەڵەیە و گوتی: یەکێتیی ئەورووپا ئامادەی دیالۆگە. ئەگەر پێویست بووایە بەتوندی ئیدانەی تورکیا بکرایە و سزای بەسەردا بسەپێندرێت یەکێتیی ئەورووپا ئەنجامی دەدا. هەموو ڕێگاکانی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئەنقەرەدا خستووەتەکار بۆ دروستکردنی مەرجەکانی دیالۆگێکی بنیاتنەرتر. لەو بارەیەشەوە ئەڵمانیا و فەڕەنسا هاوبیرن.

لای خۆیەوە، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، هێیکۆ ماس باسی لەوە کرد کە تورکیا لە لیبیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەتی «ناسەقامگیرکردن» بەڕێوەدەبات و ئەوەیش مایەی قبووڵکردن نییە. هێیکۆ ماس باسی لەوە کرد کە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا سەروەری یۆنان و ئیدارەی ڕۆم لە قوبروسی باشوور دەپارێزن و گوتی: تەنها دەتوانین بە دیالۆگ لەو دۆخە هەستیارە دەرچین. لەبەرئەوە پشتیوانی لە پرۆسەی دیالۆگی بۆرێل و چاوشۆغلۆ دەکەین. هەتا ٢٤ی ئەیلوول ئەوەی لەدەستمان بێت ئەنجامی دەدەین بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان.

ماکرۆن: هەڵوێستێکی تووندمان لە دژی تورکیا گرتووەتە بەر و سیاسەتی هێڵی سووریشمان جێبەجێکردووە



سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن ئاشکرایکرد، وڵاتەکەی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا هەڵوێستێکی تووندی لە دژی تورکیا گرتووەتە بەر و «سیاسەتی هێڵی سووریان» جێبەجێکردووە. بەگوێرەی هەواڵێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی DW ئەڵمانی، ئیمانوێل ماکرۆن، لە کۆبوونەوەی کۆتایی هاوینیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، ئاماژەی بەوە کردووە، کاتێک بابەتەکە سەروەری دەریای ناوەڕاست بێت ئەوە دەبێت گوتە و کردەوە یەک بگرن.


ماکرۆن باسی لەوەش کردووە، ئەنقەرە لە وتەکان زیاتر کردەوەکان لەبەرچاو دەگرێت و ڕێزیان دەگرێت و ڕایگەیاندووە: تورکەکان تەنها ئەمە (یەکگرتنی وتەکان و کردەوەکان) بە هەند وەردەگرن و دەتوانم بڵێم ڕێز لەوە دەگرن. ئەوەی فەڕەنسا ئەم هاوینە کردی گرنگ بوو. ئەمە سیاسەتی هێڵی سوورە. سەرکۆماری فەڕەنسا ئاشکراشیکردووە کە پێشتر لە بابەتی سووریاشدا پشتگیری گوتارەکانی بە کردەوە، کردووە. ئیمانوێل ماکرۆن ئاماژەی بەوەش کردووە، لە هەفتەکانی پێشوودا فەڕەنسا بە بڕیاری زیادکردنی هێزەکانی بەشێوەیەکی کاتی لەگەڵ یۆنان، قوبرسی یۆنانی و ئیتاڵیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست مانۆڕێکی سەربازییان ئەنجامداوە و ئەوەشی باس کرد کە وڵاتەکەی هەڵوێستێکی توند و هاوسەنگی نیشانداوە. ماکرۆن گوتیشی: ڕێژەیی بوو، هەموو هێزی دەرياييەکان نەنارد بۆ ئەوێ. باسی لەوەشکرد چالاکییەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست «ئیستفزازین» و بانگەشەی ئەوەی کرد، تورکیا «پەلاماری» سەر سەروەریی و ناوچەی ئابووری تایبەتی دوو وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا کە یۆنان و قوبرسی یۆنانین. سەرکۆماری فەڕەنسا گوتیشی: ستراتیژی ئەم سااڵنەی دوایی تورکیا، وەکو ستراتیژی وڵاتێکی ئەندامی ناتۆ هەڵناسەنگێنم.



وەزیری نەوتی عێراق: پێشبینی دەکەین نرخی نەوت بگاتە سەروو ٥٠ دۆلار

وەزیری نەوتی عێراق، ئیحسان عەبدولجەبار ڕایگەیاند کە پێشبینی دەکەن لە میانی چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١دا، نرخی نەوت بگاتە سەروو ٥٠ دۆلار. ئیحسان عەبدولجەبار لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: پێشبینی دەکەین لە میانی چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١دا، نرخی نەوت بگاتە سەروو ٥٠ دۆلار، ئەگەر ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ چالاک نەبێتەوە.

دوێنێ دووشەممە نرخی یەک بەرمیل خاوی برێنت لە بازارەکانی جیهاندا بە ڕێژەی یەک لە سەدا، بەرزبوونەوەی تۆمارکرد و هەر بەرمیلێکی بە ٤٦ دۆلار و ٢٧ سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت. هاوکات نرخی یەک بەرمیل خاوی ڕۆژئاوای تێکساس بەڕێژەی ٠.٧ لەسەدا ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد و گەیشتە ٤٣ دۆلار و ٢٥ سەنت. پێشتر کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی ئیمارات ڕایگەیاندبوو کە لە چوارچێوەی پابەندبوونی ئەبوزەبی بە ڕێککەوتنەکەی «ئۆپێک پلەس» ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوودا، بەڕێژەی ٣٠ی لەسەدا، کەم دەکاتەوە.



ژاپۆن.. لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا سەرۆکوەزیرانی نوێ هەڵدەبژێردرێت

چاوەڕوان دەکرێت لە ژاپۆن لە میانی دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەماندا کە ١٧ی ئەیلوولی داهاتوو بەڕێوەدەچێت، سەرۆکوەزیرانی نوێ هەڵبژێردرێت بۆ شوێنی شینزۆ ئابێ کە هەفتەی ڕابردوو دەستی لە کارکێشایەوە. بەپێی هەواڵێکی NHK، پارتی دیموکرات لیبراڵی دەسەڵاتدار LDP، ئەمڕۆ دووشەممە لە ئەنجومەنی گشتیی وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ دیاری دەکات. پارتی ناوبراو لە ڕۆژانی ١٣- تا ١٧ ی ئەیلوولدا، کێبڕکێی سەرۆکایەتی وەزیران بە ئەنجام دەگەیەنێت و داوا دەکات لە ١٧ی ئەیلوولی داهاتوودا دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان سازبکرێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ. لەم نێوەندەدا باس لەوە کرا کە سەرۆکی ئەنجومەنی توێژینەوەی سیاسەت LDP و وەزیری پێشووی دەرەوەی ژاپۆن، فومیۆ کیشیدا و سکرتێری گشتیی پێشووی LDP و وەزیری پێشووی بەرگریی ئەو وڵاتە، ئیشینا شیگیرو بەشداری لە کێبڕکێکەدا دەکەن. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی کیۆدۆ، چاوەڕوان دەکرێت سوگا یۆشیهیدی بەشداری لە کێبڕکێکەدا بکات. ئابێ ئاماژەی بەوە کرد کە لە دوایین پشکنینی تەندروستییدا دەرکەوتووە نەخۆشییەکەی سەری هەڵداوەتەوە، بەو هۆیەشەوە هەفتەی ڕابردوو دوای حەوت ساڵ و هەشت مانگ لە بەڕێوەبردنی پۆستی سەرۆکوەزیران بڕیاری دا دەستەکاربکێشێتەوە.

لوبنان..

ڕاسپاردنی مستەفا ئەدیب بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت



مستەفا ئەدیب لەلایەن سەرکۆماری لوبنان، میشێل عەون بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردرا. دوێنێ دووشەممە ١٨ژانسەکانی هەواڵ ڕایانگەیاند کە مستەفا ئەدیب دوای ئەوەی لە کۆی دەنگی ١٢٠ پەرلەمانتار، دەنگی ٩٠ پەرلەمانتاری بەدەست هێناوە لەلایەن میشێل عەون بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردراوە.

هاوکات سەرۆکایەتی لوبنان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە باڵیۆزی پێشووی لوبنان لە ئەڵمانیا، مستەفا ئەدیب بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردراوە. مستەفا ئەدیب دوای ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی لوبنان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: کاتی بەڵێن و ئومێدکردن نییە، بەڵکو کاتی ئەوەیە هەموان پێکەوە لە پێناو چارەسەرکردنی ڕەوشی وڵاتەکەمان کار بکەین و نیگەرانی لوبنانییەکان بڕەوێنینەوە. گوتیشی: هەوڵ دەدەین حکوومەتێک پێکبهێنین کە لە کەسانی لێهاتوو و شارەزا پێکبێت و چاکسازی خێرایش ئەنجام بدەین کە وڵات بخەتەوە سەر ڕێگەی ڕاست.

مستەفا ئەدیب تەمەن ٤٨ ساڵ نیشتەجێی شاری تەرابلوس باکووری لوبنانە و بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسا و زانستە سیاسییەکان هەیە و لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکوەزیران، نەجیب میقاتی بووە و دواتر لە تەموزی ٢٠١٣دا کرابوو بە باڵیۆزی لوبنان لە ئەڵمانیا. ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو سەرۆک حکوومەتەکانی پێشوو نەجیب میقاتی، تەمام سەلام، سەعد حەریری و فۆئاد سەنیورە ڕایگەیاندبوو کە مستەفا ئەدیب چانسی ئەوەی هەیە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردرێت.

جێی باسە دوای تەقینەوە بەهێزەکەی چواری ئەم مانگەی بەندەری بەیروت، حکوومەتی لوبنان بەسەرۆکایەتی حەسسان دیاب لە ١٠ی ئەم مانگە دەستی لەکارکێشایەوە. لە تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت بەپێی دواییەن ئامار ١٨٢ کەس کوژراون و شەش هەزاری دیکەیش بریندارببوون، هەروەها تەقینەوەکە زیانێکی زۆری مادیشی لێکەوتووەتەوە کە بە ١٥ ملیار دۆلار دەخەمێندرێت.

لە فڕۆکەخانەی بن گوریۆنەوە

یەکەم گەشتی ئاسمانی بازرگانیی ئیسرائیل بۆ ئەبو زەبی لە ئیمارات ئەنجامدرا

ناتەنیاهۆ: زۆر گفتوگۆی دیکەی نهێنیمان لەگەڵ سەرکردەی وڵاتانی عەرەبی و موسڵمان هەیە

لە فڕۆکەخانەی بن گوریۆن، یەکەم گەشتی ئاسمانی بازرگانیی ئیسرائیل بۆ ئەبو زەبی لە ئیمارات ئەنجامدراو چاوەڕوانیش دەکرێت ئەو فڕۆکە ئیسرائیلییە بە ئاسمانی سعوودیە بەرەو ئەبو زەبی بفڕێت. فڕۆکەکەیش سەربە کۆمپانیای فڕۆکەوانیی ئیسرائیل «ئیلعال»ە و شاندی ئیسرائیلی بەسەرۆکایەتی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل، مئیر بن شابات و شاندی ئەمەریکا بەسەرۆکایەتی ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکا، جارید کۆشنەر دەگوازێتەوە. دەستەی پەخشی فەرمیی ئیسرائیل بڵاوی کردەوە کە سعوودیە ڕەزامەندی نیشان داوە، فڕۆکە ئیسرائیلییەکە لە گەشتەکەیدا بۆ ئەبو زەبی بە ئاسمانی سعوودیە بفڕێت. ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکا، جارید کۆشنەر بەڕلە سەرکەوتنی بۆ فڕۆکەکە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە ئەم گەشتەیە مێژوویی و هەمووان لە جیهانی عەرەبیدا چاوەڕێری دەکەن و گوتی: لەو باوەڕەدام، ئاشتی و گەشەپێدان لە ناوچەکە بەدێ دێن.

لای خۆیەوە گوتەبێژی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، ئۆفیر جندلمان لەناو فڕۆکەکەدا لە تویتێکدا ڕایگەیاندووە: نێردەی ئیسرائیل لەگەڵ لایەنی ئیمارات دەست پێ کردنی هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی بازرگانیی، گەشتوگوزار، ئابووریی، فڕۆکەوانیی و ڕۆشنبیریی تاوتوێ دەکات. هاوکات نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردووەتەوە فڕۆکەکە کە دەیان بەرپرسی ئیسرائیل و شاندێکی ئەمەریکا دەگوازێتەوە، سبەی دەگەڕێتەوە ئیسرائیل. ئاماژەی بەوەیش داوە کە شاندەکەی ئەمەریکا لە هەریەک لە ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکا، جارید کۆشنەر و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، ڕۆبێرت ئۆبراین و گەورە ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، ڕۆب گرینوای و نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ دانوستانەکانی نێودەوڵەتیی، ئاڤی بیرکۆڤیتس و نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران، برایان هۆک و سەرۆکی جێبەجێکاری دەزگای گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، ئادام بوهلەر پێکهاتووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە دیداری سێقۆڵیی ئیسرائیل، ئیمارات و ئەمەریکا لە ئەبو زەبی بە بەشداری سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل، مئیر بن شابات و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، ڕۆبێرت ئۆبراین و گەورە ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکا، جارید کۆشنەر و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئیمارات، تەحنوون بن زاید ساز دەکرێت. ڕاگەیەندراوەکەی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ئاماژەی بەوەیش داوە کە هەورەها سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئیمارات ئەنجام دەدات کە لە میانی کۆبوونەوەکاندا سەبارەت بە گرووپەکانی کار کە لە نوێنەرانی ئیسرائیل، ئیمارات و ئەمەریکا لە بوارەکانی دیپلۆماتی، دارایی، ڤیزا، تەندروستیی، ڕۆشنبیری، گەشتوگوزار، بۆشایی ئاسمان، زانست، وەبەرهێنان و بازرگانی گفتوگۆ دەکرێت. ناتانیاهو ڕاشیگەیاندووە، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبینین ئەم ڕێککەوتنە چ پێشکەوتنێک دێنێتە ئاراوە. زۆر گفتوگۆی دیکەی نهێنییان لەگەڵ سەرکردەی وڵاتانی عەرەبی و موسڵمان هەیە، کە بە ڕاستی دەیانەوێت دان بە ئیسرائیل و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێین.

رێکخراوەتەندورستیا جیهانی بکوژمێ 270هزار دولاران هاریکارییێن تەندورستی گەهاندنە دهوکێ



د.عەلی تەتەر پاریزگەرێ دهوکێ هەڤدیتنەك دگەل (د.ئەدهەم ئیسماعیل) بەرسێ رێکخراوا WHOساخلەمیا جیهانی ل عیراقێ کر.

دهەڤدیتنێدا بەرسێ رێکخراوا WHO دیارکرکو ئەوان ب کوژمێ 270هزار دولاران ئامیرەت و پێدڤییێن نوشداری بو ساخلەمیا دهوکێ دابینکرینە.

پاریزگەرێ دهوکێ سوپاسیا رێکخراوا نا ناڤبری کر ل دور ڤان هاریکاریا و خواست کوپتر ئەڤ جورە هاریکاریە بهێنە کرن. هەژی گوتنێ یە هەر وێ روژێ ئەو پێدڤییێن نوشداری رادەستی رێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیێ ل پاریزگەهێ هاتنە کرن. هەر وێ روژێ ب ئامادەبونا پاریزگەرێ دهوکێ رێڤەبەرێ نوو یێ پولیسێن پاریزگەها دهوکێ هاتە گوهورین و عەمید شەعلان احمد وەکو رێڤەبەرێ نوو ب وەکالەت ل شونا رێڤەبەرێ بەرێ لیوا تارق احمد هاتە دانان.

وەزارەتی شارەوانی و دەستەی وەبەرهێنان بڕیارێک لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان دەردەکەن



بەپێی رێککەوتنی نێوان دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی شارەوانی، هەموو ئەو شار و یەکە نیشتەجێبوونانەی وەبەرهێنان خراونەتە سەر وەزارەتی شارەوانی، گوتەبێژی وەزارەتەکەش دەڵێ، بڕیارەکە لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیانداٍیە. کوردۆ شابان، گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند: «بە رێککەوتنی نێوان دەستەی گشتیی وەبەرهێنان و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئەو شارانەی نیشتەجێبوون کە لەلایەن وەبەرهێنانەوە دروست کراون، لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە گەڕاونەتەوە سەر وەزارەتی شارەوانی و ئیدی وەزارەتی شارەوانی ئەرکی گەیاندنی خزمەتگوزاری لەو شارانە جێبەجێ دەکات».

شابان روونیشی کردەوە: «بڕیاری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە بۆ یەکەکانی نیشتەجێبوون لە کەرتی وەبەرهێنان، لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیاندایە، چونکە زیاتر چاودێرییان دەخرێتە سەر و لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییشەوە رێک دەخرێنەوە».

هەولێر .. بەشێکی ئەم شەقامە سەرەکییە دادەخرێت

ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ئاگاداری شوفێران لەبەکارهێنەرانی شەقامی سەرەکی هەولێر - گوێڕ دەکاتەوە، کە ئەمڕۆ دووشەممە31ی 8 ی 2020 بەمەبەستی چاککردنەوەو قیرتاوکردنی تەنها بەشێکی شەقامە سەرەکییەکە لە نزیک دەروازەی کۆمەڵگەی کۆگاکان بەشێوەیەکی کاتی دادەخرێت، واتە تەنها سایدێك لەو شوێنەدا بەکاردێت، بۆ ئەو مەبەستە پۆلیسی هاتوچۆ هەڵدەستن بە ڕێکخستنی جووڵەی هاتووچۆی شەقامی ناوبراو.

شایانی باسکردنە کارەکان شەو و ڕۆژ بەردەوامی دەبێت بۆ مەبەستی هەرچی زووتر تەواوبوونی کارەکانی قیرتاوکردنەکە با کوالێتیەکی ئەندازەیی پەسەندکراو.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی عومەر حەسەن ئیبراهیم،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(عومەر حەسەن ئیبراهیم)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی و پرسەمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوخەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

بەڕێزان، خانەوادەی جەمال حەمەعەلی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك(جەمال حەمەعەلی) بۆ شەهید(نوری حەمەعەلی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان دەکەین، هاوخەمیمان بۆ ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان ڕادەگەیەنین. لە خودای دلۆڤان داواکارین خوالێخۆشبوو(جەمال حەمەعەلی) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئۆقرەی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

بەڕێزان، خانەوادەی شەمسەدین عوسمان بیرۆخی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی قارەمانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(شەمسەدین عوسمان بیرۆخی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

بەڕێزان، خانەوادەی کەریم حاجی عومەر کەوەرتی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (کەریم حاجی عومەر کەوەرتی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

.....

هەڤاڵی بەڕێز خاتوو نەورۆز حەمەعەلی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی شاری سلێمانی، خوالێخۆشبوو (جەمال حەمەعەلی)ی بۆ بەڕێزتانمان بیست. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم کەسوکار و خزم و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی بۆ کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا اليه راجعون

دەزگای ڕۆشنیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەڵمەتی دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمی قەدەغەکراو لە ناو بازاڕو عەلوەکان دەست پێکرا



بێگەرد تالەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان لەهەژماری تایبەت بەخۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووك بڵاوی کردەوەتەوە کەهەڵمەتی دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمی قەدەغەکراو لەناو بازاڕ و عەلوەکان دەستپێکرا.

هەروەها دەڵێ: لە هەر وەرزێك بەرهەمی جوتیارانمان پێ بگات، بەرهەمی هاوردەمان قەدەغەکردووە، نوسراومان بۆ هەموو لایەنە پەیوەندارەکان کردووە کە ڕێگربن لە هاوردەکردنی بەرهەمی قەدەغەکراو.

وەزیری کشتوکاڵ دەشڵێت ، لە پێناو پاراستنی بەرهەمی جوتیارانمان، دوێنێ دووشەممە31/8/2020، لە هەموو پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە هاوکاری لایەنە پەیوەندارەکان هەڵمەتێکی فراوانی دەست بەسەرداگرتنی هەموو بەرهەمە قەدەغەکراوەکان لە عەلوەکان و ناو بازاڕ دەستی پێکرد.

ئەم هەنگاوە یەکێکە لە ڕێککارەکانمان بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی، لە دوای هەنگاوی بڕیاری قەدەغەی هاوردەکردنی چەندین بەرهەم.

لەکۆتادا ناوبراو ڕایدەگەیەنێت ، کە جوتیارانمان دەڵنیا دەکەینەوە بە هاوکاری لایەنە پەیوەندارەکان ڕێککارەکان بەردەوامی دەبێت، تاوەکو بەرهەمەکانیان رکابەری بەرهەمی هاوردە بکەن.



باوکێک و کوڕ بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا

بەبەردەوامی ژمارەی تووشبوون و گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بەرزدەبێتەوە، لە ماوەی هەفتەیەکیشدا لە دهۆك کوڕ و باوکێک بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە. وەعدوڵا محەممەد سێڵکی، لیوای خانەنشین و بەڕێوەبەری پێشووتری پۆلیسی دهۆك و کوڕەکەی رائید رافع وەعدوڵا، ئەفسەر لە پۆلیسی ژینگەی دهۆك، دوای تووشبوونیان بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا.

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی دهۆك ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو وەعدوڵا سێڵکی بە کۆرۆنا گیانی لەدەستدا و پێش پێنج ڕۆژیش کوڕەکەی بەناوی رافع وەعدوڵا گیانی لەدەستداٍبوو. بەپێی ئامارەکانی پاریزگای دهۆك، تاوەکو ئێستا سێ هەزار و 894 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و دوو هەزار و 403 تووشبووش لەڕێگر چارەسەریدانە و 47 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. تاوەکو ئێستا 28 هەزار و 161 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون و 17 هەزار و 679 کەسیش چاکبوونەتەوە. هەروەها تاوەکو ئێستا هەزار و 49 کەس گیانیان لەدەستداوە.

دوکان.. سوتانی 300 دۆنم پوش و پاوان لە شاخی سارا



قایمقامییەتی دوکان ڕایدەگەێنێت ماوەی 2 ڕۆژە بە هۆکارێکی نادیار ئاگر لە بەشێک لە شاخی سارا لە قەزای دوکان دەکەوێتەوە و هێزەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگە بەدەم ئەم ئاگرەوە چوون و لە درەنگانێکی شەودا توانیان کۆنترۆڵی بکەن، بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک ئاگرەکە سەریهەڵدایەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش دوبارە چونەوە سەر ئاگرەکە بەوهۆیەش تائێستا 300 دۆنم پوش و پاوان سوتاوە.

قایمقامییەتی دوکان لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە، سیروان سەرحەد قائیمقامی دوکان و بەڕێوەبەری پۆلیسی بەرگری شارستانی دوکان سەردانی شاخی ساراییان کردوە و هاوشانی تیمەکان و چەندین هاوڵاتی خۆبەخشەوڵی کۆنترۆڵ کردنەوەی ئاگرەکەیان داوە، لە کاتی ئەرکیشدا کارمەندێکی داستان و ژینگە کەوتوەتە خوارەوەو بریندار بوە.

ئامازە بەوەش دەکات کە لەو ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەدا زیاتر لە 300 دۆنم لەوەڕگاو پوش و پاوەن سوتاون و زیانیش بە سەدان درەختی جۆراوجۆری ناوچەکە گەیشتوە، بۆیە داوا لە هاوڵاتیان دەکەن بەخەم سروشتی ناوچەکانیانەوە بن و دەستپاریزی زیاتر بکەن تا نەبنە هۆکاری ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە کە بە هۆیەوە زیانی گەورە بەر ژینگەو داستان و لەوەڕگاکان دەکەوێت.

سلێمانی.. زیاتر لە 100 هەزار پێوەری زیرەکی کارەبا بەستراوە



ڕۆژانە لە سلێمانی 500 پێوەری زیرەك دەبەسترێت و هەتا ئێستا بەستنی پێوەری زیرەکی کارەباش 100 هەزاری تێپەڕاندووە.

وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بە دانان و بەستنی پێوەری زیرەکی کارەبا کراوە و تێیدا هاتووە: «پڕۆژەی پێوەری زیرەك لە سلێمانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوە دەچێت و ڕۆژانە 500 پێوەر دادەنرێت و تا ئێستا لەسنووری پاریزگای سلێمانی زیاتر لە 100 هەزار پێوەری زیرەکی کارەبا بەستراون کە دەگاتە ڕێژەی لە 20%».

لە ڕاگەیەندراوەکدا جەخت لەوەش کراوەتەوە لەگەڵ کەمبوونەوەی پلەکانی گەرما ژمارەی بەستنی پێوەری زیرەك زیاتر دەبێت، چونکە لە وەرزی گەرمادا زۆرێک لە ماڵەکان لەکاتی ئیشکردنی تیمەکانی بەستنی پێوەری زیرەك کارەبایان نابێت.

کاوە عەبدوڵا، سەرپەرشتیاری پڕۆژەی پێوەری زیرەکی کارەبای ماڵان لە سلێمانی ڕای گەیاند: پێوەری زیرەك زۆربەی کێشەکانی کارەبا چارەسەر دەکات، هەر لە ئۆڤەر لۆد و سووتانی محاویلە و تاوەکو گرفتی کۆکردنەوەی کرێی کارەبای ماڵان».

دانانی پێوەری زیرەک بۆ 1 ملیۆن و 562 هەزار و 515 هاوبەشی کارەبا دەبێت لە تەواوی هەرێمی کوردستان.

وێڕای کاریگەرییە نەرێنییەکانی، کۆرۆنا سوودی زۆری بۆ ژینگەی جیهان هەبووە

چالاکوانێکی بواری ژینگەیی: پەتای کۆرۆنا وانەیەکە بۆ مرۆڤایەتی، کە دەبێت بیرکردنەوەمان بگۆڕین و لەگەڵ ژینگە ئاشت ببینەوە

خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی_ن_سۆران



ئەگەرچی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان کاریگەری نێگەتیڤی بۆ سەر کەرتی تەندروستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت پەروەردەییش هەبووە و گۆڕانکاری لە زۆربەی سێکتەر و جومگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دروستکردووە و دۆزینەوەی پێکوتەی پەتاکەش بە گەورەترین ئاریشەی زانستی لە جیهان دادەنرێت، کەچی لە لایەکی دیکەوە پەتاکە کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر ژینگەی گۆی زەوی هەبووە، چالاکوانێکی بواری ژینگەیش لە کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە ئەوەی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا لە ڕێگای دانوستانەوە نەیانتوانی پێبیگەن، کۆرۆنا ڕاستەوخۆ سەپاندی و پێیگوتن، ئەگەر ژینگەیەکی لەبارتان نەبێت ئێوە بە بێهێزی دەمێننەوە.

کاریگەرە پۆزەتیڤەکانی کۆرۆنا لەسەر ژینگە

(هەژار ماهیر ئیدلبی) چالاکوانی بواری ژینگەیی و سەرۆکی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە لە میانەی دیدارێکی لەگەڵ خەباتدا ئاماژەی بە کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی کۆرۆنا لەسەر ژینگە کرد و ڕایگەیاند: کۆرۆنا جوانی و ئازادی بە ژینگە بەخشیەوە، ئەگەر کۆرۆنا زیانی بە زۆربەی سێکتەرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گەیاندبێت، بەڵام سوودێکی زۆری بە ژینگە بەخشی، هەموو ڕێکەوتنامە ژینگەییەکان کە لەسەر ئاستی جیهان سااڵنە مۆردەکران و بە تایبەت لە نێوان وڵاتە زلهێز و پیشەسازییەکان لە ماوەی 50 ساڵی ڕابردوو، نەیانتوانیوە هێندەی چەند مانگی ڕابردووی سەردەمی کۆرۆنا سوود بەژینگە بگەیەنن، بە تایبەت پاکڕاگرتنی بەرگەی هەوا و پاکو خاوێنی ماندەوەی شەقام و کۆاڵانەکان و پاکی مەودای بینین و کەمبوونەوەی ژاوەژاو و کەمتر بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە.

گوتیشی: پەتای کۆرۆنا لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا کاریگەری ئەرێنی خۆی هەبووە و پیسبوونی بەرگەهەوا بەڕێژەیەکی بەرچاو لە عێراق و باشووری کوردستان کەمبووتەوە، وەك دەزانین لە ئێستادا تەواوی جیهان بە قەیرانێکی نوێدا تێدەپەڕێت، کە ئەویش بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنایە، کە تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی لە سەر زەوی بە شێوەیەکی بەرچاو سنووردار کردووە و بەمەش کەم تا زۆر کاریگەری نەرێنی خستۆتە سەر بواڕە جیاوازەکانی وەك پەروەردە و ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشتیاری و پیشەسازی و... هتد، بەڵام ژینگە یەکێکە لەم بوارانەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری جیاواز و ئەرێنی هەبووە لەسەری، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین ڤایرۆسی کۆرۆنا وەك دیاردەیەکی سروشتی پەیدابووە تا لە ڕێگەیەوە بەرگری لە سروشت بکات و سنووردار بۆ زیادەڕەوییەکانی مرۆڤ بۆ سەر ژینگە دابنێت، تەواوی پسپۆڕانی بواری ژینگە و کەشناسی لەو باوەڕەدان کە پەیدابوونی کۆرۆنا ڤایرۆس هەڵێکی تری بە زیان بەخشییەوە، چونکە مرۆڤ بە دریژایی ژیانی لەسەر ئەم هەسارەیە وێرانکارییەکی کارەساتباری داهێناوە و بە پێی پێشکەوتنی مرۆڤیش بێگومان وێرانکارییەکە زیاتر و زیاتر بووە، هەرچەندە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی بواری ژینگە هەمیشە لە هەوڵدابوونە وڵاتان ڕووبکەنە بەکارهێنانی وزەی خاوێن و ڕێگری بکەن لە پیسبوونی ژینگە بە هەموو جۆرەکانییەوە و پلانیان هەبێت بۆ ژیانی دوو دەیەی داهاتوو، سەرەڕای هەموو ئەمانەش سێیەکی کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنایەن نەبووە لەسەر ڕێگریکردن لە پیسبوونی ژینگە، هەر ئەمەش وایکرد ناسا بڵێت (ڤایرۆسی کۆرۆنا فریادڕەسی ژینگەیە).

هەژار ماهیر دەشڵێت: ئەگەر باسی جیهان و چین بە تایبەتی بکەین، دەبینین 36%ـی پاك و خاوێنی ئاووهەوای زۆربەی شارەکانی چین زیادیکردووە، چونکە 70%ـی گەشتە ئاسمانییەکانی ڕاگرتووەو 59%ـی سووتاندنی خەڵوزی بەردی و نەوتی کەمکردۆتەوە، ئەمەش کاریگەری زۆرباشی کردۆتە سەر هەوا و بە پاکی هێشتوویەتییەوە، هاوکات بەرگە هەوای چینی ئۆزۆنیش بەرگێکی نوێ بە خووە بینیوە، جگە لەوەی چینیەکان بڕیاریاندا دوای پەتای کۆرۆنا بازرگانیکردن بە ئاژەڵ ڕابگرن و ڕاوکردن و خواردنی ئاژەڵەکانیش ڕابگرن کە ئەمەش لە بەرژەوەندی پاراستنی ژینگەیە، هەروەها داخستنی هەرچی کارگەو کۆمپانیا و دامەزراوە پیسکەرەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، لە لایەکی تر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین ئامادەنەبوون پابەندی ریکەوتنامە نیودەوڵەتییەکان بن لە کەمکردنەوەی ڕێژەی کاربۆن، بەڵام ئیستا ناچاربوون بەشێك لەکارگەکانیان بوەستێنن ئەمەش لایەنێکی ئەرێنی پەتای کۆرۆنای نیشاندین، کۆرۆنا ئاگاداری کردینەوە کە دەتوانین ژینگە بپارێزین، ئەوەی زلهێزەکانی دونیا نەیانکرد لە ڕێگای دانوستانەوە بەناچاری کۆرۆنا پێیکردن و پێیگوتن ئەگەر ژینگەیەکی لەبارتان نەبێت ئێوە بە بێهێزی دەمێننەوە.

هەژار ماهیر ئیدلبی:

وڵاتە زلهێز و پیشەسازییەکان لە ماوەی 50 ساڵی ڕابردوو، نەیانتوانیوە هێندەی چەند مانگی ڕابردووی سەردەمی کۆرۆنا سوود بەژینگە بگەیەنن

مرۆڤ و گۆڕانی شێوازی ژیانی

هەر لە دریژەی دیدارەکە سەرۆکی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە لە بارەی مرۆڤ و گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی بە هۆی کۆرۆناوە گوتی: ئەم ڤایرۆسە ئاگادارکردنەوەیەکی خێرا بوو بۆ مرۆڤایەتی کە دەرئەنجامی مامەڵەی خراپی مرۆڤ بەرامبەر ژینگە و ئاژەڵە کێوییەکان ئەم کارەساتەی دروستکردووە، مامەڵەی ناتەندروست و خراپ لەگەڵ ئاژەڵ و پەلەوەرەکان هۆکارێك بووە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە، یەکێك لە شارەزایانی بواری نەخۆشییە درمییەکان پێیاندەڵێت کە 80%ـی نەخۆشییە درمییەکان لە ژینگەی پیس ز ئاژەڵ و پەلەوەرەوە دەگوازرێنەوە، لە ڕابردوودا کە مرۆڤ دوور بوو لە ئاژەڵەکان و بازرگانی پێوە نەدەکردن و تێکەڵاوی نەدەبوو لەگەڵیان پارێزراو بوو لە نەخۆشییەکان، بەڵام دوای ئەوەی مرۆڤ مامەڵەی ڕاستەوخۆی هەبوو بە شێوەی ناتەندروست ئەم دەرئەنجامە خراپەی لێکەوتەوە، لە لایەکی تر کاتێك مرۆڤ داری دارستانەکان دەبڕێت یان دەسووتێنێت، کاتێك مرۆڤ لانەی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان تێکدەدات، ئەوانیش ناچارن شوێنەکانیان جێبهێڵن و بێنە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ، لە ئەنجامیشدا دەبنە هەڕەشە بۆ ژیانی مرۆڤ و کارەسات دروست دەکەن، کە هەموو ئەم پەتا ترسناکانە بەهۆی ئاژەڵەوە گوازراونەتەوە بۆ مرۆڤ.

هەژار ماهیر ئیدلبی دەشڵێت: ئێمە لە ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە وەك ڕێکخراوێکی ژینگەیی بۆ ماوەی حەوت ساڵە خۆبەخشانە داوامانکردووە کە دەبێت لە هەموو کات و ساتێکدا گرنگی بە پاك و خاوێنی و دەستشوشتن و جۆرەکانی تری پاکوخاوێنی بدرێت، بەڵام کۆرۆنا وای لە تاکەکان کرد کە نەك پابەندی ئەم ڕێنماییانە بن بەڵکو ڕۆژانە زیاتر لە پێنج جار دەستەکانیان بشۆن و دوورکەونەوە لە شوێنە پیس و قەرەباڵغەکان، هەر بۆیە ناکرێت لە هیچ بارودۆخێکدا هەستی ژینگەپارێزییمان لە لا کەمبێتەوە بۆ ئەوەی پارێزراو بین لە نەخۆشییەکان، هەموو لایەکمان جەخت لە مانەوە لە مااڵ دەکەینەوە، چونکە کۆرۆنا ڤایرۆسێکە چارەسەرەکەی تەنیا دانیشتنە لە مااڵ و تێکەڵنەبوون و بەرنەکەوتنە لەگەڵ کەسانی تری تووشبوو، هەر لەم سونگەیەوە دەمەوێ پێتان ڕابگەینم پاك و خاوێنی چەندە گرنگە و خۆپاراستن چەندە پێویستە، کۆرۆنا فێری کردین تەندروستی گەنجینەیەکی چەندە گەورەیە و گەوهەرێکی چەندە بەنرخە، فێری کردین پاراستنی ژینگە دەبێ لە ئەرکە پێشینەکانمان بێت، چونکە ژیانی مرۆڤی پێوە بەستراوە، کۆرۆنا پیشانی جیهانیدا کە دەبێت خەڵك لەڕووی هەموو سێکتەرەکانی ژینگەوە هۆشیاربێت و ئاگاداری ئەو دەرهاوێشتە خراپانە بێت کە لە ئەنجامی پیسکردنی ژینگەوە دێنە ئاراوە.

ژینگەی دوای کۆرۆنا

شارەزایانی ژینگە لەسەر خاوێنبوونەوەی ژینگە بە هۆی کۆرۆناوە کۆکن، بۆیە لە ئێستادا دەکرێ پرسیار لەوە بکرێت کە لە دوای کۆرۆنا مرۆڤایەتی چۆن مامەڵە لەگەڵ ژینگە دەکات و چۆن ئەو دەستکەوتە ژینگەییانە دەپارێزێت کە بە هۆی کۆرۆناوە بەدەستهاتوون، لەمبارەیەوە هەژار ماهیر ئیدلبی گوتی: سەرەڕای ئەم کارەساتە مرۆییەی کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە لە تەواوی گۆی زەویدا، بەڵام هێشتا کات ماوە و دەتواندرێت زەوی ڕزگار بکرێت لە چەندان کارەساتی تر، ئەگەر ئێستا هەر یەکێکمان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە دەست پێ بکەین و سیستەمی ئابووری و سیاسیش هاوکارمان بێت، دەتوانین هەسارەکە لە لەناوچوون ڕزگار بکەین. ئەگەر دەسەڵاتداران کاری جدی نەکەن لە بواری پاراستنی ژینگە ئەوا ئایندەی خۆراك لە ماوەی 10-20 ساڵی داهاتوو دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە، ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان هۆشیاریانداوە لە گۆڕانی کەشوهەوا و دەرکەوتنی کەشوهەوای نامۆ و ناجێگیر و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریا و زەریاکان، لە چەند ساڵی داهاتوودا قەیرانی ژینگەیی خراپتر دەبێت، بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا وانەیەکە بۆ مرۆڤایەتی کە دەبێت لە دوای کۆرۆنا ئێمە بیرکردنەوەمان بگۆڕین و شێواز و مۆدێلی ژیانی خۆمان بگۆڕین و لەگەڵ ژینگە ئاشت ببینەوە، زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەوە وانەیەکە کە ئێمە بتوانین بە کاری بێنین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکارییە ژینگەییانەی کەوا ئەمڕۆ هاتونەتە ئاراوە، نەوەك هەر کاتێك کۆرۆنا تەواو ببێت ئینجا بەو خێراییە بگەڕێینەوە بۆ وێرانکردنی ژینگە و قەرەبووی ئەو زیانانە بکەینەوە کە لە سەردەمی کۆرۆنا پێمان گەیشتووە و بگەینەوە ئاستی پێشوو و هەتا بگرە خراپتریش. لەڕووی پاکی ژینگەیی خاکەوەش گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەگەر سەیری شوێنە گەشتیاری و سەیرانگاکانی هەرێمی کوردستان بکەین بەراورد بە ساڵانی ڕابردووی پێش کۆرۆنا، ئەوا لەجیاتی بتڵی ئاو و نایلۆن و پاشماوەی گەشتیاران، شوێنە گەشتیاریەکانمان بە دەشت و نەهاڵ و چیاکانمانەوە لە وەرزی بەهار و گەشت و سەیران بەگوڵ و گوڵزاڕ خەملێندراون، واتە پێویستە ئەم کلتوورە بمێنێت و زیاتر پەرەی پێ بدرێت، دوای کۆرۆنا بە وردی کار لەسەر سێکتەرەکانی بواری ژینگە بکەین بەگشتی، بۆ نموونە وا بکەین خەڵك هۆشیار بێت ئەو کاتەی سەردانی یەکتر ئەکەین دوور بین لە تەوقە و ماچکردنی یەکتر لە کاتی سەردانیکردنمان بۆ لای هاوڕێ و ئازیزانمان کاتەکەی کەمبکرێتەوە واتە گرنگی زیاتر بە ژینگەی کۆمەڵایەتیش بدرێت کە لە شێوازەکەی کۆرۆناوە فێری بووین. هەروەها ئەگەر ژینگەمان خۆشبوێت پێویستە سالانە لە هەموو جیهاندا بە لای کەم مانگێك بکرێتە پشووی کارکردنی گشت کارگە و پڕۆژە پیسکەرەکانی ژینگەو دابخرێن، ئەمانە چارەسەرێکن پێویستە دوای کۆرۆنا بکرێن، ئەگەرنا ساڵ بە ساڵ ژینگە وێرانتر دەبێت.





چارەسەرکردنی کێشەکانی (هەرێم ـ بەغدا) کلیلی سەقامگیری سیاسییەلەعیراقدا

وەیسی سەعیدوەیسی


وەکو چاوەڕوان دەکرێت لەچەندرۆژی داهاتوودارێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرال کۆتایی بێت و واژوو بکرێت.

کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ وستراتیجیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە دیەوێت کێشەکان لەگەڵ حکومەتی عیراق لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکات، کە لە ماوەی دەستبەکاربوونیەوە چەندین شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و تەواوی نیازپاکی هەرێمی کوردستانی بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان دووپاتکردەوە، گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا ئێستاش بەردەوامن، چونکە حکومەتی هەرێم دەیەوێت بە رێککەوتنێکی کۆنکرێتی تەواوی کێشەکان چارەسەر بکات بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ بەغدا بکاتەوە، و دەستوور بنەمای چارەسەرکردنی کێشەکان بێت و ماف و قەوارەی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی پارێزراو بێت، جیا لەوە ئامادەنین سازش لە مافە دەستوورییەکانیان بکەن.

هەرچەندە لەرابردوو و ئێستاشدا هەرێمی کوردستان هەلوێستێکی روونی لەهەمبەر دۆخی عیراق هەیبووە و کێشەکانی ئەوانی بەکێشەی خۆی زانیوە و ئارامترین شوێن بووە بۆ هەموو گەلانی عیراق وهێزی پێشمەرگەش بەشێك بووە لە سستیەمی بەرگری عیراق هەر بۆیەش لەم قۆناغەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان (هەولێر ـ بەغدا) پێویستە بگەڕێنەوە بۆ دەستوور وپابەندبن بەهەموو ماددەکانی لەپێناو بەرژەوەندی گەلانی عیراق کە لە ئێستا دا جێبەجێنەکردنی دەستوورهۆکاری سەرەکی هەموکێشەکانە گەر لە دوای ساڵی2005 کە دەستووری عیراق پەسندکرا وەکو خۆی جێبەجێکرابا. ئەوە بەدلنیایەوە ئەوهەموو کێشانە رووبان نەدەدا کە میژووش سەلماندوێتی هەرکەس ولایەنێك بیەوێت گەلی کوردستان پەراوێزبخات و دژایەتی بکات سەرکەوتوو نابێت لەپیلانەکانی دا کە لە رابردوودا زۆر کەس ولایەن خۆیان تاقی کردوە کەلە ئەنجام دا میژوویکی رەشیان بۆ خۆیان تۆمارکرد. بۆیەش پێویستەحکومەتی فیدرال لاپەرەیکی نوێ هەڵبداتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەتایبەت کەلە ئێستا دا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیەلە زۆربەی بابەتەکانی تایبەت بەهەنارەکردنی نەوت هاوکاری حکومەتی فیدرال بکات کە بەدڵنیایەوە چارەسەرکردنی کێشەکان لەرێگای گفتوگۆوە فاکتەرێکی سەرەکیشە بۆ سەقامگیری سیاسیی لەعیراقدا.

کەمافی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەبەردەوام بێت لەگفتوگۆکانیان بەلام بەهیچ جۆرێك سازش لەسەرماف وشایستەداراییەکانی هەرێمی کوردستان ناکات.

خوای گەورەخاك وخەلکی کوردستان پاریزاووبکات...



عێراق لە نێوان بەرداشی ئەمەریکا و ئێراندا

ئەسرین عاسی شوانی

سەرۆک وەزیرانی عێراق مستەفا کازمی چانسی ئەوەی پێ برا لە نێوان هەموو بەربژاردەکان بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەت متمانەی پێ ببەخشرێت، دوای هەموو ڕەتکردنەوە یەک لەدوای یەکەکان لەسەر دەستی شەقام و خۆپیشاندەران و کوتلە سیاسییەکان و لە دوا وێستگەدا باز لە سەر شانەکانی کازمی نیشتەوە و کابینەکەی پێ ڕاسپێردرا.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کازمی چەندێک سەرکەوتوودەبێت بە تایبەت دوای ئەوەی دەستی بۆ زۆرشتی گەورە بردووە. ئایا ئاستەنگەکان تا چەند ڕێگردەبن لە بەردەمیدا بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی. ئایا کازمی بە چ ئاراستەیەکدا دەتوانێت هەنگاو بنێت؟، لەبەر ئەوەی جارێ شەقامی خۆپیشاندەران تارادەیەک لەجۆشدان و بوونیان هەیە و مەرام و داواکارییەکانیان وەک پێویست جێبەجێ نەکراوە. دەستبردنی کازمیش بۆ بابەتگەلێک کە ئەستەمە تەنها بە خودی کازمی ڕایی بکرێت، ئەگەر هێزێکی کاریگەری لە پشت نەبێت، چونکە وەک دەزانرێت عێراق لە ئێستادا میلیشیا و مەزاهب بەڕێوەی دەبەن و سوپایەکی عێراقی پتەو بوونی نیە و ئەوەی هەشە پێکهاتووە لە خڵتەی حەشدی شەعبی و کەسانی سەر بە کەسایەتییە شیعەکان کە سەدلەسەد ئەجندای ئێران جێبەجێ دەکەن و لە بەرژەوەندییان نیە عێراقێکی بەهێز و سەربەخۆ بوونی هەبێت، ئەمە لە لایەک و ئەگەر بێت و کازمی وەک حکوومەتەکانی بەر لە خۆشی جڵەو بۆ لایەنە شیعەکان و حەشد و ئێران شۆڕ بکەن، ئەمەریکا ئەوەی پێ قوت نادرێ و تەگەرە بۆ کازمی و کابینەکەی دێنێتە گۆڕێ، کەواتە کازمی لەو نێوەندەدا چی پێ دەکرێ؟، ئایا دەتوانێ پشت لە کەسایەتییە شیعەکان و ئێران بکات و سوور بێت لەسەر بچووککردنەوەی دەسەڵاتی میلیشیاکان و دڵی ئەمەریکا ڕازی بکات و گرفتی گەورەی بۆ دروست نەبێت؟!، ئایا ئەو هەنگاو و بریارانەی کە داویەتی دەتوانێت وەک خۆی جێبەجێی بکات لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەژموونی ئێران لەعێراق و پاراستنی سیادەی عێراقی هەر وەک خۆی دەیڵێت؟!، بێگومان ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەمە و خۆ یەکلاکردنەوەی باجی زۆر هەڵدەگرێت، لە کاتێکدا کە کازمی ڕاستە وەک سەرۆکی حکوومەت دەردەکەوێت، بەڵام ئەو کەسایەتییەکی بێ پشت و پەنایە و دژایەتی زۆرترە لە هاوکاری و پشتیوانی کردنی. لەبەر ئەوەی لەئێستا و ڕابردووشدا عێراق لایەنە مەزهەبییەکان بەڕێوەی دەبەن و حکوومەتێکی موئەسەساتی بوونی نیە و لایەن و کوتلە سیاسییە شیعەکانیش بێ بڕیاری تاران پەنجە بە ئاودا ناکەن و بۆ بچووکترین شت پرس و ڕا بە ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەکەن. کەواتە ئەوەی کازمی دەستی بۆ دەبات پەنجەی بە پشکۆی ئاگرەکەدا ئەچزێت، لەبەر ئەوەی گەر لە کاردانەوەی سەردانەکەی کازمی بۆ واشنتن و کۆبوونەوەی لە گەڵ ترامپ بڕوانین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە کازمی لەوەش دەرچووە کە یاری لەسەر دوو پەت بکات، چونکە ئێرانیش و حەشدی شەعبی و سەرکردەکانیان بە ئاشکرا دژایەتیی خۆیان ڕاگەیاند و ئەوان لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون کە کازمی واژۆی وەدەرنانی هێزە بیانییەکان(هاوپەیمانان) بکات، نەک لە سەرداوای ئەمەریکا بە پەلەپرووزێ بگاتە واشنتن و سەردانەکەش بە سەرکەوتوو وەسف بکات، سەرەڕای ئەوەش لە ئێستادا کازمی کێشەی لە گەڵ هەرێمی کوردستان هەیە بە بڕینی بەشە بودجە و مووچەی فەرمانبەران و لەشکرکێشی تورکیاش بۆ سنووورەکانی هەرێمی کوردستان کێشەیەکی دیکەیە.

بۆیە ئاماژەکان وادەری دەخەن کە ئەوەی کازمی بەنیازە ئەمەڵی لەسەر دابنا ژێرەکە دارزاوە و عێراق لە نێو یاری ئەمریکا و ئێران وەکو پشیلە و مشک لە یاری بەردەوامدا دەمێنێتەوە و خەونەکانی عێراق نایەنە دی.

شەهیدی خاکی کەرکوک

مەنسور عەلی ساڵح



بوونی مرۆڤ، بوونی ژیان، بوونی شکۆ و سەروەری مرۆڤ بە خاکەوە بەندە. بۆیە دەبینین کە کوردانی خاك و وڵات لە کات هەڕەشە و هێرش و تەنگانەدا، پۆڵ پۆڵ، دەستە لەسەر دەستە، نەوە دوای نەوە گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی و فیدای خاکی وڵات. ئێمەی کوردیش لە دێرین زەمانەوە هەرلە شۆڕشەکانی بارزان و بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان و شۆرشی ئەیلوول و گوڵان و لەڕاپەرینەی پیرۆزەکەی بەهاری 1991 و شەڕی دژی تیرۆرستانی داعش و شەڕی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە پردێ و سحێلا و مەحموودییە و... هتد، بینیمان ڕۆڵەکانی کوردستان بێی سڵبوونەوە لە مەرگ پێشمەرگەئاسا ڕووح و گیانی خۆیان کردەی فیدای کوردستان.

وەکو وەفایەك بۆ گیانی پاکی یەکێك لەو شەهیدانەی کەلە بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و کەرکوکی دلێ کوردستان گیانی خۆی کردۆتە فیدای خاکی کوردستان، دەخوازین فیداکاری شەهید عەلی ساڵح فەتحوڵڵا ناسراو بە (عەلی بیرانی) یاد بکەینەوە.

شەهید عەلی ساڵح فەتحوڵڵا ناسراو بە (عەلی بیرانی) لە ساڵی 1971 لە گوندی کۆتەڵ سەربەقەزای دووکان، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و نیشتیمان پەروەر چاوی بەدونیا هەڵێناوە. هەرلەمندڵییەوە (شەهید عەلی بیرانی) خولیا و ئاڵودەی خۆشەویستی خاك و نیشتیمان بوو، کەسایەتییەکەی مرۆڤ دۆست و خۆشەویست بوو لە نێو دۆست و هەڤاڵ و کەسوکاری. هەرلە هەڕەتی لاوییەوە (شەهید عەلی بیرانی) بووە ڕێبوارێکی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و لەپێناوی ئەم ڕێبازەدا چەندین چالاکی و داستانی پاراستن و ئازادکردنی خاکی کوردستان ئەنجام داوە. لە ساڵی 1987 (شەهید عەلی بیرانی) پەیوەندی کرد بە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەرلەدەستپێکی خەباتی چەکداری خۆیدا (شەهید عەلی بیرانی) بووە پێشمەرگەیەکی جەربەزە و چاونەترسی پارتی و لە چەندین چالاکی و شەڕی دژواردا بەشداری کردووە و چەندین جار شێرئاسا ڕووبەڕووی مەرگ بۆتەوە و مەرگی بەمەرگداکردووە بەتایبەت کاتێك (شەهید عەلی بیرانی) لەگەڵ براکەی خوالێخۆشبوو (عومەر بیرانی) چالاکییەکی نموونەیی و کەم وێنەیان ئەنجامدا لەسەر ڕێگای دوکان – سلێمانی لە گوندی (کانی خان). (شەهید عەلی بیرانی) تاکو ڕۆژی شەهید بوونی نموونەی پێشمەرگەی فیداکار و گیانبەخشی پارتی و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بووە.

لەساڵی 1997 (شەهید عەلی بیرانی) ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (مروواری ئیبراهیم) پێکهێنا و بوونە خاوەنی چوار منداڵ بەناوی (مەنسور، ئۆنیا، مەسرور، هێلین). دواتر لەساڵی 2006 (شەهید عەلی بیرانی) هاوسەرگیری لە گەڵ خاتوو (تاڤگە سەعید) دەکات. (شەهید عەلی بیرانی) مرۆڤێکی میهرەبان بوو لەگەڵ خانەوادە و کەسوکاری، ڕێزدار و بەخشندەبوو لەگەڵ هەڤاڵ و دۆست و برادەرانی. کاتێکی (عەلی بیرانی) شەهید دەبێت، هاوسەرەکەی (مروواری ئیبراهیم) بەرگەی شەهیدبوونی (عەلی بیرانی) و کۆچی دوایی دەکات.

لەساڵی 2003 (شەهید عەلی بیرانی) لە کەرکوك لەنێو ریزەکانی پۆلیسی قەزاو ناحیەکان دەبێتە پاسەوانی (عەمید سەرحەد قادر) وپێشمەرگە ئاسا بەرگری لە کەرکوکی دڵی کوردستان دەکات و داگیرکەران.

لەشەڕی دژی تیرۆرستانی داعش (شەهید عەلی بیرانی) چەندین جار بریندار دەبێت، بەڵام بریندار بوونی نەبووە ڕێگر لە خەبات و تێکۆشانی لە پێناو پاراستینی خاکی پیرۆزی کوردستان و (شەهید عەلی بیرانی) هەر بەردەوام بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان.

لەساڵی 2014 کاتێك تیرۆرستانی داعش چاویان بریبە خاکی کوردستان و بەتایبەت شاری کەرکوك دڵی کوردستان، (شەهید عەلی بیرانی) ڕووبەڕووی تیرۆرستانی داعش بووەوە و بەدەم دروشمی (کوردستان یان نەمان) لەبەردەم تیرۆرستانی داعش چەقی و سەنگەری چۆڵنەکرد تاکو دوافیشەك یەخەی تیرۆرستانی گرت. بەداخەوە لە 26ی11ی2014 لە باشوری ڕۆژئاوای شاری کەرکوك دڵی کوردستان لە (مەکتەب خالید) پاش شەڕێکی دەستەویەخە، عەلی ساڵح فەتحوڵڵا ناسراو بە (عەلی بیرانی) شەهید دەبێت و گیانی خۆی دەکاتە قوربانی کورد و خاکی کوردستان و شاری کەرکوکی دڵی کوردستان.


پاش شەهیدبوونی (عەلی بیرانی)، کوڕەکەی (مەنسور) لەپێناو پاراستنی خاکی کوردستان درێژەی بە ڕێبازی باوکی دەدات.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و لەسەرووپانەوە و مستەفابارزانی و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.





هەیئەی خاصەی کەرکووک



جەلال کەریم مەنتك

لە مێژووی سەدەی ڕابردوودا، (هەیئە خاصەی کرکوك-الهیئة التحقیقیة الخاصة فی التأمیم)، بە یەکێك لە دەزگا هەرە داپلۆسێنەر و سامناکەکان، لە سەر ئاستی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەت دادەنرێت، بارەگاکەی لە (سەربازگەی خالید-معسکر خالد)، نێوان (ساحەی تەیران و فەیلەق) لە شاری کەرکووك بوو، جێگای ئەشکەنجە و ئازاردانی سەدان و بگرە هەزاران، لە ڕۆژە تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەرەکانی گەلەکەمان بووە. بە پێ زانیاری، ئەو دەزگایە لە پاش 11ی ئازاری ساڵی1974 و هەڵگیرسانەوە و دەستپێکردنەوەی شەڕ، لە نێوان حکوومەتی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول دامەزراوە، بەڵام بەو ناو ناونیشانە نەبووە، دەسەڵاتەکەشی بەم ئەندازەیەیە نەبووە. ئەو دەزگایە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی 1975 و هەڵگیرسانەوە و دەستپێکردنەوەی شۆڕش و گەشەی ڕێکخستنی پارتە سیاسیە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان، لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکان و سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی چەکداری و دروستبوونی مەفرزە سەرتاییەکان، لە بەرزاییەکانی قەندیل و برادۆست و سێگۆشەی هەر سێ سنور (عێراق، ئێران، تورکیا) و دروستکردنەوەی ڕێکخستن و ئەنجامدانی کاروچالاکی شۆڕشگێڕانە لە ساڵانی 1977-1976، دەسەڵاتی زیاتری پێدرا و بەهێزترکرا، بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێگەگرتن لەو تەوژم و ڕەوتە گەرم و گوڕە دژبەوەی بەعسی ڕفتار فاشی، بۆ لە گۆڕانی یەك تۆزقاڵ نۆمید و نەمانی تروسکە ڕووناکی و هەڵکێشانی یەك هەناسەی ئازادی تاکی کورد.

ئەو دەزگایە بە بڕیاری (قرار رقم 1426 ی مجلس قیادە الپورە)ی بعس، لە بەرواری 27 /12/ 1977 ناوی (هیئە التحقیق الخاصە – التأمیم)ی لێنرا. تایبەت کرا بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لە چارەنووسی پێشمەرگەی بە دیل گیراو و ڕێکخستنەکانی ناوشار و ئەوانەی بە بەڵگە و بێ بەڵگە، لەسەر هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەستگیرەکران. ئەو دەزگایە دەسەڵاتی تەواوی پێدرا لە ڕووی (گرتن، ئەشکەنجەدان بە هەموو جۆرەکانی، دەروونی، جەستەیی، ئیهانەی نەفسی، زیندانی ئینفیرادی، هەڵواسین، بەستانەوە، کارەبا لێدان، بێ نان و ئاو کردن، تا دەگەیشتە حوکم دان، لە سێدارەدان، گوللە باران کردن. کارمەند و ئەفسەر و پلەدارەکانی ئەو دامەزراوەیە، وەك ئەوەی دڵیان لە ئاسنی ژەنگ هەڵاتوو و ویژدانیشیان لە خۆڵەمێش دورستکرابێ وابوونە، کەسانی بێ بەزەیی و جەلاد تێنوو بە خوێن و ئەشکەنجە و ئازاردانی خەڵکی ئازیدخواز و دیموکراتخواز بوونە. ئەو دامەزراوەیە لە 1/8 / 1982 کرایە دادگایەکی ئەمنی، بۆ دادگاییکردنی ئەو گیراوانەی پەیوەندیان بە ئاسایشی عێراق و بە تایبەت ئەمنی قەومی عەرەب و بەعس هەبوو، بێگومان کورد و جولانەوەی ئازادیخوازی کوردیشیان، بە دۆزمنی یەکەم و سەرەکیی خۆیان و دەزانی، بەپێ زانیارییەکان، ماوەیەك بارەگاکەی لە ڕێگای بەغدا، نزیك (مستشفی ولادە) بووە . یەکەم ستافی سەرکردایەتی کردنی دادگاکە، پێك هاتبوو لە (مسلم هادی موسی – سەرۆکی دادگا)،(عیقید – داود سلیمان شەهاب و مقدم یاسین عباس احمد) ئەندامی ئەو دادگایە بوون، لە ساڵی 1986 ((عەواد حمد بەندەر)) سەرۆکی ئەو دادگایە و ماوەیەك عقید (تاها حمد) مودەعی عام بووە. لەو دادگایە نادادپەروەردا، لە دوای جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی، دوور لە هەموو بەها و یاسا و ڕێسا و ڕەوشتێك، چەندین سەرکردەی تێکۆشەری گەورەی گەلەکەمان وەکو (عەلی هەژار و کاردۆ گەڵاڵی و مەلا عەلی و د. مارف عەسکەری).

چەندین قارەمانی دیکە، لە (هەیئە سزای مەرگ و سێدارە و گوللە باران کردنیان بەسەردا سەپێندراوە. دوای جۆرەها ئەشکەنجەی لە باس نەهاتووی کەم وێنە، فەرمانی لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێندرا. لەوێوە دەبوونە سەرقافڵەی کاروانی ئەبەدی و بێگەڕانەوە، بەڕەو ڕەدهکانی ئیعدامی (موسڵ و ئەبوغریب) بەڕێ دەکران، دوای لەسێدارەدان زۆربەشیان شوێن بزر و (گۆڕ غەریب دەکران). بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوانە وەکو ئەستێرە، لە شەوەزەنگی ئەنگوستەچاو هەڵدەکشان و لە ئاسمانی کوردستاندا دەدرەوشانەوە، ئەوسا دەبوونە تەکانی هەڵسانەوەو بەرخودان، دەبوونە: ژیلەمۆی گەڕ، ئاگری دوژمن سووتێن، چرای ڕێ ڕوونا ککەرەوە، هەوێنی شۆڕشی ڕاستەقینەی کرێکار و جووتیار و ئاستەنگ کێشانی کوردستان. دەبوونە سەرچاوەی هێز و وزە و بەردی بناغەی بڕوابوون بە وەرگرتنی مافی نیشتیمانی و نەتەوایەتی گەلەکەمان، وەکو خاك و کورد و کوردستان.

سەرچاوەکان:

1ـ بڕوانە ((ئەنفال و کوردو دەوڵەتی عێراق)) نووسینی شۆڕش حاجی ڕسول کۆیی – چاپی دووەم ساڵی 2003 سلێمانی لاپەڕە ،41 .


2ـ بڕوانە ((کاردۆ گەڵاڵی نووسەرو پارێزەر و سیاسەتمەدار)) نووسینی اسماعیل تەنیا – چاپی یەکەم ساڵی 1997 ،((گلب مصداقە حکم اعدام))ی، هەریەکە لە ... علی هەژار و کاردۆ گەڵاڵی ... عدد 302/ ح / 82/ 20 لە 20/ 6/ 1982 . لاپەڕە 89 .

3ـ بڕوانە دیوانی ((شەهید مەلا علی)) – کۆپڵە شیعرە نیشتیمانپەروەریەکانی زیندانی – هیئە خاصە کرکوك – مانگی 5 /1979 و ڕەدهەی اعدام - موصل - لە 15 /7 / 1979 .

4ـ بڕوانە((هەیئە)) لە نووسینی سلام عبدالله - بیرەوەریەکانی زیندانی ((هیئەی خاصە کرکوك)) لە مانگی 8 / 1977،چاپی پێنجەم ساڵی 2013 لاپەڕە 36، لاپەڕە 37 ، لاپەڕە 38 .

5ـ بڕوانە ((ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو)) لە نووسینی ((سابیر کۆکەیی)) ساڵی 2011 ، لاپەڕە 41، لاپەڕە 42، لاپەڕە 43.

6ـ بڕوانە چەند نامەیەك لە ((زیندانی فاشیەکانەوە)) دەزگای چاپ بڵاکردنەوەی تایبەت بە ئارشیفی شەهیدان لە ((هیئەی خاصە کرکوك و ردهە اعدام موصل))، لاپەڕە 43.



لە دانیال میترانەوە بۆ فلۆرانس پارلی

شەنگە هاوار کاکەیی*

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە سەردانێکی فەرمیدا وەزیری بەرگری فەرەنسا فلۆرانس پارلی و شاندی یاوەری گەیشتنە پایتەختی هەرێمی کوردستان و لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕێزدار نیچیرڤان بارزانی و سەرۆکی حکوومەت ڕێزدار مسروور بارزانی کوردستان پێشوازی کران. ئەگەرچی گرێدانی ئەم دیدارانە پاش گەرانەوەی شاندەکەو چاوپێکەوتنە فەرمییەکان بوو بەگوڕە بەرپرسانی حکوومەتی فیدراڵەوە،بەڵام بۆ ئێمەی کورد لە هەرێمی کوردستان و لەپایتەختی ئارامییەوە، هەڵگری مەغزایەکی جیاوازە بەدەر لە نواندنی ڕۆڵی نێوەندگیری ئەم وڵاتە! چونکە ریشەی پتەوبوونی پەیوەندیی دۆستایەتی نێوان فەرەنسا و کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ گرێدانی ڕەگ و ریشەیەکیی کۆن لە پەیوەندییە دیبلۆماتو و دۆستایەتییەکان لە ڕووچوون بۆ قووڵایی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی هەردوولا، کە وڵاتی فەرەنسا بە بەردەوامی هەڵگری پەیامی ئاشتی و تەبایی و ئازادی هەڵگرتووە بۆ میللەتی کورد، بەو پێیەی هەڵوێستی ڕاشکاوانەی وڵاتی فەرەنسا لە کۆمەك کردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لۆجستی و لە پاڵپشتی هێزی سەربازیی هەرێمی کوردستان، ئەم دەرهاوێشتانە هەمووی لە خۆڕایی دروست نەبووە، بەڵکو لە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستە سیاسییەکانی ڕابردووەوە سەوز بووەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشەکانی کوردستان تا دەگاتە سەردەمی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش نزیکترین دۆستی گەلی کورد فەرەنسا بووە.


هەروەها لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکانیشدا فەرەنسا ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاوی هەبووە لەپارێزگاریکردن لە گەلی کورد لە ڕژێمی بەعس ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی لۆبی لە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ پشتگیریکردن و پاڵپشتیکردنی بڕیاری ناوچەی دژە فڕین و دروستکردنی هێڵی 36، بۆیە دۆستایەتی ئەم وڵاتە بۆ گەلی کورد ریتمێکی تازەی سیاسەتی ئەو وڵاتە نییە! بگرە دۆستایەتییەکی دێرین و بەردەوامە.

ڕەنگدانەوەی ئەم دۆستایەتییەش یەکێکە لەو سیما گەشانەی کە بە شەقامی کوردییەوە دیارە، دانانی پەیکەری هاوسەری سەرۆکی پێشووتری فەرەنسا، خاتوونی کۆچکردوو خاتوو دانیال فرانسوا میتران کە بە دایکی کوردان ناسراوە لە شەقامێکی گشتی سەرەکی لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ....دەکرێ پێگەی هەرێمی کوردستان بەرز بنرخێنین، چونکە ئەم دەرهاوێشتانە پێمان دەڵێن کەوا گۆڕانکاری خێرا لە عێراقدا لەئارا دایە، چونکە ئەم سەردانە و ئەم هاموهانگییە پاش سەردانی کازمی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەوتە بەرباس و لە ئان و ساتێکی هەستیاردا کەوتەڕوو کە عێراق و ناوچەکە سەرتاپاگیرە بەکێشەو قەیران و ئاڵۆزیی سیاسی و ئابووری و ناسەقامگیریی ڕەوشی ئەمنی و داڕووخانی دۆخی ئابووری بە هۆی بەربڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناوە.

لەم چوار چێوەیەدا ئەم کۆبوونەوە دوو قۆڵییەی کە کرا و وڵاتی فەرەنساش پشتیوانی خۆی نیشان دا بە دووپاتکردنەوەی پاڵپشتی بۆ گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەدا لەئەگەری سەرهەڵدانەوەی شەڕی داعش کە لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی بەغدا بەدی دەکرێن، وەکو چیاکانی قەرەچوغ و بیابانەکانی ئەنبار و ناسریەدا هەروەها جەختکردنەوەی فەرەنسا لە گرنگیی بەردەوامبوونی هەماهەنگی ئەمنی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق، هەڵبەتە ئەم ئاماژانە و ئەم پێشهاتانە کە لەکاتێکی هەستیار دەستپێکرد پێمان دەڵێ کەوا گۆڕانکارییەکی خێرا لە عێراق لەئارا دایە. لەسیاقی ئەم ڕووداوانەدا لە مەشقی گۆڕەپانی سیاسەتدا و لە هەیمەنەتی ئەم تەحەدیاتە نێوەخۆییانە لەم وێستگەیە تازەیەدا بە مەدام پارلی ئەڵێن بەخێر بێیت بۆ پایتەختی ئارامی.

* ماستەر لە یاسای گشتی/ زانکۆی حیکمە بەیروت



مۆدێلی نوێی پۆپۆلیزم لە کوردستان

ئاواره حاجی دێلۆیی*

ئەگەر تەماشای دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بکەین، ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی سیاسیی و ئابووری و تەندروستی بۆتەوە و ئەوەش زەمینەی خۆش کردووە کە بەشێك لە سەرکردە پۆپۆلیستەکانیان بە پێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن و هەوڵی بەلاڕێدا بردنی هەموو فاکتەکان بدەن. بەر لەوەی بێینە کرۆکی بابەتەکە، پێویستە ئاماژە بە پێناسەی چەمکی پۆپۆلیزم بکەین کە لە لایەن (ژان ڤارنەر میولەر) ئاماژەی بۆ کراوە و دەڵێت: «جۆرێکە لە تێگەیشتنی سیاسیی کە تێیدا کۆمەڵگە دابەش دەبێت بە سەر دوو بەرەی دژ بە یەك، بەشێکیان پاك و بێگەردن و بەشەکەی دیکە گەندەڵ و لادەر و دژی بەرژەوەندیی ئەوی دیکە ڕەفتار دەکان، کە خۆیان بە پاك و بێگەرد پێناسە دەکەن»، تا ئێرە ئەو پێناسەیە ڕوونە و ئەو وڵاتانەی کە لە سیستەمی دیموکراسیدان پێیان وانییە کە هەر کەسێك ڕەخنە لە دەسەڵات و دەستەبژێری سیاسی بگرێت پۆپۆلیستە، بەڵکو بە هەموو توانایەکەوە یارمەتیدەرن بۆ ڕزگاربوونی وڵاتەکەیان لەو تەنگژە سیاسی و ئابووریانەی کە وڵاتەکەیان تێیکەوتووە، ڕەخنەی بونیادنەر لە دەسەڵات دەگرن و بە پرۆژە و ڕاسپاردە کار بۆ چاککردنی گەندەڵی و هێنانەکایەی شەفافییەت و چاکسازی دەدەن. لەم نێوەندەشدا کە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدایە، مودێلێکی نوێی پۆپۆلیزم سەری هەڵداوە، کە لە هیچ شوێنێکی ئەم گیتییە بوونی نییە، تەنها لە عێراق و کوردستان بوونی هەیە، ئەویش پۆپۆلیزمی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بوونە لە یەك کاتدا، پێیەکیان لە حکوومەتە و پێیەکەی دیکەشیان لە ناو ئۆپۆزسیۆنە، ئەم شێوازە مامەڵەکردن زیان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و تەواوی کایەی سیاسیی و حوکمرانی وڵات دەگەیەنێت. لە کوردستان بەشێك لە پارتە سیاسییەکان پابەندییان بە پەیام و بەڵێنەکانیان هەیە و لە بەرپرسیارییەتی ڕاناکەن، بەڵام هەندێک لایەنی سیاسی کە بەشداری کارای دەسەڵاتن، لە ڕێگای هەندێ لە سەرکردەکانیانەوە پۆپۆلیست ئاسا دەکەونە ڕەخنەگرتن لە حکوومەت، وەك ئەوەوابێت کە بەشدار نەبن لە حکوومەتدا، لە کاتێکدا ڕۆڵێکی کاریان لە ئەدای حکوومەت و پرکردنەوەی تەواوی جومگەکانی حوکمرانی هەیە. پێویستە ئەو لایەنە سیاسییانەی کە پەیڕەوی ئەو جۆرە مۆدێلە دەکەن، ڕاستگۆ بن بەرانبەر ئەو بەڵێن و پەیمانانەی بە دەنگدەرانیان داوە و هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییەش لە کوردستان ئەوەی سەلماندووە کە ئەو لایەن و دەستانەی ئەو شێوازە پەیڕەو دەکەن باجی زۆریان داوە وکێرڤی لایەنگرانیان بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە و متمانەی جەماوەریان لە دەست داوە.

* قوتابی ماستەر.



خواستی گەل لە کوێیە؟

ڕەجەب جەبار زێباری

ئەگەر لە ساڵانی هەشتاکان لە کوردستاندا لە کەسێکت پرسیبا خۆشترین شت چیە لە لای تۆ ئەوا بێگومان وەڵامەکەی بریتی دەبوو لە ژیانێکی ئازاد و ڕزگاربوون لەژێر زوڵمی حوکمی عێراق و سەدام، ئەوکات خەڵك دوو ئەرکی سەرەکی یاخود دوو تێکۆشانی لە بەردەمدا بوو و پێکەوە هەردوو تێکۆشانەکەیان بەجێ دەگەیاند، ئەوانیش بریتی بوون لە تێکۆشان لەپێناو ئازادی و لەپێناو دابین کردنی بژێوی ژیان. خەڵك لە ژێر گوشارێکی زۆر قورسی دەزگا ئەمنییەکانی ئەوکاتی عێراقدا نەیاندەتوانی هەناسەیەکی ئارام هەڵمژن، بۆیە وەڵامەکەی ئەمە بووە. لە ئێستادا وەڵامی خەڵك شتێکی تر، خۆشترین شت لای خەڵك ئێستا دابینکردنی جێگایەکی خۆش، وەرگرتنی پوستی بەرز، بەدەستهێنانی بڕوانامەی بێ زانست و کات بەسەربردنی خۆشە. لەم قۆناغەدا خەڵك بیری لای ئازادییەکەی یان بەردەوام هێشتنەوەی ئەزموون و ئازادییەکەی نەماوە، چونکە گەلێك کە میژووەکەی لەسەر خۆڵ بنووسرێت نەك بەرد، بروانامەکان جوان بن نەك زانستی، هەستە کاتییەکان شوێنی هەستە هەمیشەییەکان بگرن، بارودۆخەکەی بەم شێوەیە دەبێت کە دیارە ئێستا. لە ڕاستیدا لە ژیانی میللەتەکاندا تەنیا شتێکی بێ کۆتایی بریتییە لە بەردەوامیدان بە هێشتنەوەی ئەزموون و ئازادییەکەی، چونکە ئەمانە پێداویستییە سەرەکییەکانی مانەوەی میللەتانن، بۆ ئەوەی ئێمە توانای چاکسازی ئابووریمان هەبێت، دەبێت توانای بەرەوپێشەوە بردنی زانستمان هەبێت، چونکە زانست لە هەربوارێکدا بێت، ئەوا وەکو ڕووناهییەك پێشی میللەتان ڕوون دەکاتەوە. لەم قۆناغەی کە هەیە لە کوردستان خەڵك لە ژیانێکی سەختی مادیدا دەژیت، بەڵام لە ژیانێکی هەرە بەهێزی مەعنەویدا دەژیت، بو دەربازبوون لە قۆناغە سەختەی ئابووری و مادی، دەبێت ئاستی مەعنەوی خۆمان زیاتر بەهێز بکەین. کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری نەبووە، ئەوەی هەیە قەیرانی دارایی، کە ئەمەش ڕەنگبێت نەمێنێت ئەگەر پرۆژەی چاکسازی گشتگیر بکرێت و بکەوێتە کار. ئەم قۆناغە دەرفەتێکی زێرینە بۆ ئەوەی حکوومەت بشێت دەست بەسەر داهاتی وەڵاتدا بگرێت و بیکاتە خەزێنەیەکی میللی. هەروەها زۆر گرنگ دەبێت ئەگەر حکوومەت ئاوڕێك لە ژێرخان و سەرخانی وەڵاتدا بداتەوە، ژێرخان ئەوەی پەیوەندی بە ئابوورییەوە هەیە و سەرخانیش ئەوەی پەیوەندی بە هەزرەوە هەیە دەگرێتەوە. بۆچی گرنگە حکوومەت ئەم دووانە پێش بخات؟ لە ڕاستیدا ئەمانە تەنیا دوو ستونن کە وڵات لەسەری دەوەستێت و حکوومەتیش لەسەری ڕاییدەبێت. ئەگەر حکوومەت ئابووریەکەی لە داهاتی ناوخۆیەوە دابین بکات بێگومان دەبێتە ئابووریەکی بەهێز، کە ئەمەش کردارێکی ئاسانە، حکوومەت لەلایەکەوە دەتوانێت پشت بە بازرگانی دەرەکی ببەستێت بۆ ئەوەی وڵاتە دراوسێکان نەبنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، لەلایەکی تریشەوە ئەو پارەیەی کە دەنێرێتە دەرەوە بو بازرگانی لە ڕێگای گەشتیاری جارێکی تر بێنێتەوە کوردستان. هەروەها لە بابەتی هەزری تاکی کوردستانی بەهەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جوداکانەوە، پێویستە لە ڕێگای پەروەردەیەکی تۆکمە پرۆژەی مرۆڤ سالاری یان پێگەی مرۆڤایەتی بنیات بنرێت، هەر گەلێك گەر ڕێزگرتنی مروڤایەتی لە ناویا بەهێزبوو ئەوا گەرەنتی بەهێزبوونی هەموو بواڕەکانی تر هەیە.

وون بوون

ناسنامەی مامۆستای یارمەتیدەر لە کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی بەناوی زانا محمود عباس وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في البعاج

اعلان

الى المدعو : سعدون هبو خلف

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (ساري بركات رشو) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقرر المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / نزار ذنون يونس

***

محكمة المواد الشخصية في القوش

العدد/١٦/مواد/٢٠٢٠

التاريخ/٢٧/٨/٢٠٢٠

اعلان

الى المدعى عليها (هدار جاسم جوهر) الساكن ناحية القوش قرية جكان سابقا وحاليا مجهولة محل الاقامة

قررت محكمة المواد الشخصية في القوش تعين يوم ٢٠٢٠/٩/٨ الساعة التاسعة صباحا موعدا للمرافعة في دعوى تصديق الطلاق المرقمة ١٦/ مواد/٢٠٢٠ المقامة من قبل زوجك المدعي نصير سليمان ابراهيم ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار قرية جكان عليه قرر تبليغك في صحيفتين محليتيين يوميتيين وفي حالة عدم حضورك في اليوم المحدد اعلاه سوف تجري المرافعة بحقك غيابيا وفق الاصول والقانون

القاضي/ حسام الدين احمد علي

***

دائرة كاتب عدل دهوك

العدد / ٥٢٥

التاريخ /٢٠٢٠/٨/٣٠

م / اعلان

الانذار المرقم ١٠٦٩٦ السجل ٥٤ في ٢٠٢٠/٧/١٩

المنذر / ادريس اسماعيل سعيد / وكيله المحامي : نزار صادق سعيد

المنذر اليه / فرح رسول توفيق / العنوان مجهولا محل الاقامة

سبق وان تم الاتفاق بينك وبين موكلي على تقسيط الدين المترتب بذمتك والبالغ قدرة (٣,٠٤٠,٠٠٠) ثلاثة ملايين واربعون الف دينار عراقي على شكل اقساط شهرية بقيمة (٢٥٠,٠٠٠) مائتا وخمسون الف دينار عراقي) لكل شهر تبداء من ٢٠٢٠/٣/١ وقد راعينا طلبك بتاجيل تسديد اقساط شهرين (الثالث والرابع من عام ٢٠٢٠) بسبب الظروف الاقتصادية وازمة كورونا الا انك لم تقوم بتسديد اقساط شهرين (٦ و ٧ من عام ٢٠٢٠) رغم المطالبة المستمرة والاستحقاق ولكونك مجهول محل الاقامة حسب اشعار المختار المتضمن عدم سكنك في المحلة الان وكتاب مديرية شرطة مالطا في دهوك المرقم (٢٧٨١) في ٢٠١٩/٨/٢٧ والانذار المرقم (٥٤/١٠٦٩٦) المصدق من قبل دائرة كاتب عدل دهوك في ٢٠٢٠/٧/١٩ عليه ننذرك بواسطة الصحف المحلية بضرورة تسديد القسطين المذكورين والبالغ مجموعهما (٥٠٠,٠٠٠) خمسة مائة الف دينار عراقي من تاريخ النشر وبعكسه سوف نضطر الى مراجعة المحاكم المختصة لقاضاتك وتحميلك رسوم ومصاريف الدعوى واتعاب المحاماة وقد اعذر من انذر

نيدار محمد محمد مهدي المفتي

المدير (كاتب عدل دهوك)

***

محكمة تحقيق سنجار

الموقع البديل في فايده

العدد/١٠٢٢/٢٠٢٠

التاريخ/٣١/٨/٢٠٢٠

اعلان عن مفقود

الى المدعوه (جهان زيدو خلف) بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي / خالد هويدى وكاع

***

محكمة تحقيق سنجار

الموقع البديل في فايده

العدد/١٠٢٦/٢٠٢٠

التاريخ/٣١/٨/٢٠٢٠

اعلان عن مفقود

الى المدعوه (١- غاليه مردان خلف ٢- وضحه مردان خلف) بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي / خالد هويدى وكاع

***

محكمة تحقيق الشمال

الموقع البديل في فايده

العدد/٢٦٦٠/٢٠٢٠

التاريخ/٣١/٨/٢٠٢٠

اعلان عن مفقود

الى المدعوه (دنيا رياض قاسو) بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي / عبدالكريم محمد صادق

***

دادگای کەتنی خەبات

ژمارە:٤١/ك/٢٠٢٠

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/١١

جاردان

ئاگادارکردنەوە

ئامازە بە داوای ژمارە (٤١/ك/٢٠٢٠) بۆ تۆمەتباران وهاب درویش حمو وە هرکی وهاب درویش لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگا بریاری بە ئاگادارکردنەوەتان لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی نیشتەجێبوونی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژی دادگایی ٢٠٢٠/١٠/١٨ کاتژمێر ٩:٠٠ی نیوەڕۆ لە دادگەی بەدایەتی دهۆك ژمارە ٤١٣ لە یاسای سزا لە داوای ژمارە ٤١/ك/٢٠٢٠ بەپێچەوانەوە دادگایی کردن دەرهەقتان ئەنجام دەدرێ.

دادەر/ سمکو روستم سمین

***

دادگای کەتنی خەبات

ژمارە:٦٢/ك/٢٠٢٠

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/١١

جاردان

ئاگادارکردنەوە

ئامازە بە داوای ژمارە (٦٢/ك/٢٠٢٠) بۆ تۆمەتبار محمد خالد عبدالله لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری بە ئاگادارکردنەوەت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لە ڕۆژی دادگایی ٢٠٢٠/١٠/١٨ کاتژمێر نۆی لەسەر بەیانی بۆ دادگایی بەپێی مادە ٤٣٣ لە یاسای سزا لە داوای ژمارە ٦٢/ك/٢٠٢٠ بەپێچەوانەوە دادگایی کردن دەرهەقت ئەنجام دەدرێ.

دادەر/ سمکو روستم سمین

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:١١/ت/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٥٥١٣٤/هەولێر) جۆری (هیوندای توکسون) مۆدێل (٢٠١٢) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (صلاح طاهر عبدالله) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٩/١٦) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با نامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١٤,٢٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار).

دادەری یەکەم / دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە:٣٢/ب/٢٠٢٠/١

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/٣٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو/ (المدير المفوض لشركة رولسن للاستثمار العقاري)

داواکار (جوان حمید محمود) داوای ژمارە (٣٢/ب/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختار (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی تورەق) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێڕاگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەی بۆیە دەبێت نامادەبێت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دابینی ڕۆژی (٢٠٢٠/٩/٢١) بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت پەشاشەملە.

دادەوەری یەکەم/ مجید سعید برادوستی

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٢٧٧ /ش/ ٢٠٢٠

ڕێکەوتی / ٢٦ / ٨ / ٢٠٢٠

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : کارینا فریدك

ئ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٢٧٧ /ش/٢٠٢٠) ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٧/٢٨) بکەتا تەلاقا داواکاری (محمد علی عمو) ژتە بەرامبەری ئ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٧/٢٨) و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دیف دەقی یاسایی کو پێتقیە ئاگەهدارا تە دەمێ دەرکەتنا بیاری ژی ئاگەهدارا تە بێتە کرن بر ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دەوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ئ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .

دادەور / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٢٩ /ش/ ٢٠٢٠

ڕێکەوتی / ٣٠/ ٨ / ٢٠٢٠

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : دیندار حسن محمد

ل دیف داخوازیا داواکار(نجاة غانم اسعد) وکێشا ژمارە (٣٢٩ /ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازیا ماراپیشەکی (١٩ نوزدە مسقال زیر عیار ٢١) یا خو ژتە دکت ئەوا دیارکری ل پەسەندکرنا مارەبرینا دەرەکی یازمارە (٢٠١٧/٢٠ ل ٢٠١٧/٣/٨) و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسین (بیدار) یا ژمارە (١٥٥٧) ل (٢٠٢٠/٨/٢٣) و نقیسارا بەربژارێ تاخێ (بیدار) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارێا تە بێتە کرن بر ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٩/٧) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیارکەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهێ تە پاشەملی هێتە کرن .

دادەور / دارا طاهر توفیق

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە: ٢٤٧/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٦

جاردان

بۆ داوالێکراو (مثنى دحام خشم)

ئامازە بە داوای ژمارە ٢٤٧/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار (زهراء عبدالالە مجید) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٦ بریاری دا بە (تصدیق طلاق خارجی) لە نیوان تۆ و هاوسەرەکەت بەناوی (زهراء عبدالالە مجید) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەدەلالەتی داواکار بریار درا بەپێ ڕاگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوە و نارەزایەت هەیە لەماوەی ١٠ ڕۆژدا لە پێڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەور/ مسعود سعید صدیق

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە: ٢٥٩/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٦

جاردان

بۆ داوالێکراو (ریان صبحی احمد)

ئامازە بە داوای ژمارە ٢٥٩/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار (هند عبدالجبار احمد) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٦ بریاری دا بە (حضانة) لە نیوان تۆ و هاوسەرەکەت بەناوی (هند عبدالجبار احمد) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەدەلالەتی داواکار بریار درا بەپێ ڕاگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوە و نارەزایەت هەیە لەماوەی ١٠ ڕۆژدا لە پێڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەور/ مسعود سعید صدیق

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە: ٢٥٧/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٦

جاردان

بۆ داوالێکراو (مشتاق عبد جاسم)

ئامازە بە داوای ژمارە ٢٥٧/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار (نور علی محمود) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٥ بریاری دا بە (تصدیق طلاق خارجی) لە نیوان تۆ و هاوسەرەکەت بەناوی (نور علی محمود) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەدەلالەتی داواکار بریار درا بەپێ ڕاگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوە و نارەزایەت هەیە لەماوەی ١٠ ڕۆژدا لە پێڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەور/ مسعود سعید صدیق

***

بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی هەولێر

کارگێری

ژمارە: ٥٩٤

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣٠

بۆ بەڕێز/ دالیا صباح سعید/ یاریدەری ئامار

ناگادارکردنەوە

بەهۆی دابڕانت لە دەوامی فەرمی و دەست بەکار نەبوونەوەت لەفەرمانگە پاش تەواو بوونی ماوەی مۆڵەتی بۆ موچەکەت لە ٢٠٢٠/٨/١٩ بەبێ هیچ هۆیەك بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە دەست بەکاربیت لەسەر ئیش و کارت لەماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لەناو هەرێمی کوردستانی وە لەماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لەڕێکەوتی دەچوونی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەت دەهێندرێت بەپێی بڕگەی ٢ی مادەی ٣٧ لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو.

نزار حمد سماعیل/ بەڕێوەبەری

تاقیگەی بیناسازی هەولێر

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٦٠٥٩/ش/٢٠١٩/٥

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/٢٤

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (فراس ارکان حسیب)

شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ اسمهان حسین عبدالحسن داوای ژمارە (٦٠٥٩/ش/٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تفریق للهجر دەکات، وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر-سیداوە) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دابینی (٢٠٢٠/٩/٢٩) بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادەور/طارق حسین کریم

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە: ١٠٦٤/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠٢٠/١٠٦٤) ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣٣٨٩٦/هەولێر) (تویوتا کرولا) مودێل(٢٠١٣) ی قەرزار (ناظم کریم علی) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێت لەجیاتی قەرزی (بەشدار باسط محمد) کە بڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠)پازدە ملیۆن دینارە، هەرکەسێ ئارەزووی کڕینی دەکات لەماوەی (٧) ڕۆژ لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە نامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتی و دەلالیەکەش لە ئەستۆی کڕیارەو نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بە بڕی (١٨,٠٠٠,٠٠٠) هەژدە ملیۆن دینارە.

جێبەجێکاری داد/کالی قادر پیرۆت

***

دادگای باری کەسایەتی ل دهوك

ژمارە/٣٧٠/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت/٢٥/٨/٢٠٢٠

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە

ب/ ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (سیفینج رزفان الیفا) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٨/١٧ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (جلادت حسین اشور) بریارا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یێ داواکار وتە مافی نەرازیبونێ یێ هەی دماوێ دە ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان

دادەور / زیرڤان احمد حسین

***

دادگەها باری کەسایەتی قەسروك

ژمارە/٩/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت/٣/٣/٢٠٢٠

ئاگەهداری

بو/داوالێکراو (عماد عمر یوسف) نامازە بە داوای باری کەسایەتی ژمارە (٩/ش/٢٠٢٠) کە هاتیە تۆمارکرن لە لایەن داواکار (منی عادل یوسف) تایبەتە بە دواکردنی بژێوی (نفقة) پێویستە ئەم ئاگەهدارییە بێتە بەلاوکردنەوە لە بەر ئەوەی شوێنێ ئاکنجیبونی داوالیکراو (عماد عمر یوسف) دیارە نویسو ئەم دادگایە بریاری دا بە ژمارە (٩/ش/٢٠٢٠) لە ڕێکەوتی (٣/٣/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە جیابونەوەی داواکار (منی عادل اسماعیل) بۆیە بریاردرا ل دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بێتە بەلاوکردنەوەی بۆ ئەوی داوالێکراو کە لە سەروە نامازە ی پێدراوە مافی تانە لێدانی (اعتراض) هەبیت وەلە ئەنجام وینەیەك لە بەلاوکراوەکە بۆمان ڕەوانە بکەن

دادەور/ لؤی فاخر نعمت

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە /٤٩/خ/٢٠١٨

ڕێکەوت/٢٣/٨/٢٠٢٠

ئاگەهداری

ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە ٢٨٤٨/١ کەرتی ٤ منصوریە) یا قەزدار (اسماعیل شکری موسی) بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/بازدە) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە

ڕوونکرن :-

ژمارە وجە :- ٢٨٤٨/١ کەرتی ٤ منصوریە)

ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە

ڕووبەر :- (٢٤٠ م٢)

بهایێ هاتیە دانان :- (٤٢,٢٠٠,٠٠٠) چل ودوو ملیون ودوو سەد هزار دینارێ عیراقی

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە/ ٢٩٥٦/ ٢٠١٩

ڕێکەوت/٢٠/٧/٢٠٢٠

پێڕاگەهاندن

بۆ / قەردار (ابراهیم یوسف عقیل)

ژبەر نەزانین نەیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف مادەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەیێن بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ نامادەبی لێقەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێن (جبری) بین

ژڤان عزیز محمد / ڕێقەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

***

دادگەها بەرایی دهوك

ژمارە: ٨٧٠/ب/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ١٩/٨/٢٠٢٠

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکری: اراز حازم خورشید-

جهێ ئاکنجیبوا وێ نەدیار

ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تومارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (هلکت کمال عبدالله) ئەوا تێدا داوای دکەت بکوژمێ پارە (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) شێست ملیون دینار ز ئەنجامی زیانین گەهاندینە وی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنکەهین پولیسین قەسروك ژمارە (١٢٩٤) ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٧/٣٠ و راپورتا هەڵبژێری تاخی کفر سور ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٧/٢٦ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێنە ئاگەهدارکرن بڕیکا دوو ڕۆژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا شارستانی بۆئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩:٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠٢٠/٩/٢١ و ئەگەر نامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پاشملە و ئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت و لدیڤ یاسایێ.

دادەور/ ڕێبوار محمد حسن

***

پەرلەمانی کوردستان ـ العراق
رئاسة الديوان
مديرية الشؤون البرلمان واللجان

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لێژنەکان

Kurdistan Parliament – Iraq
General Director of Divan

ئاگەهداری

پالێشت بە بڕگەی (دووەم و سێیەم) لە ماددەی (پێنجەم)ی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠.

پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، بە مەبەستی خۆپاڵاوتن بۆ (سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ) دەتوانن (C.V) خۆیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لێژنەکان/ بەشی کاروباری پەرلەمان لە پەرلەمانی کوردستان بکەن، لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان و ڕۆژنامەدا، وەك لە بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (پێنجەم)ی یاساکە هاتووە پێویستە ئەو بەڕێزەی (C.V) پێشکەش دەکات ئەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێ:

١. هاوڵاتی هەرێم بێت و لێی نیشتەجی بێت.

٢. بەڵایەنی کەم بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ و لەبورای مافەکانی مرۆڤ لێهاتوو و شارەزا بێ.

٣. خووڕەوشتی باش بێ و بەتاوانێك یا کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ.

٤. بەڵێنامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لە ماوەی فەرمانبەرایەتیەکەیدا حزبایەتی نەکات.

٥. بەشداری لەو تاوانەدا نەکردبێ کە دەسەڵاتە داپلۆسێنەرەکان ئەنجامیان دابێ.

لەگەڵ ڕێزدا

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

Kurdistan Parliament – Iraq. Kurdistan.
Phone: 0662220800 – 0662230243
www.perleman.org
پەرلەمانی کوردستان– عێراق، کوردستان.
تەلەفون: ٠٦٦٢٢٢٠٨٠٠ – ٠٦٦٢٢٣٠٢٤٣

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (AMBER INTERNATIONAL A.S امبار العالمیة التجاریة / المساهمة) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / بلند ماهر صالح

ناڤ ونیشان / دهوك - K.R.O

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٦٩٨١١٩



هەنجیر میوەی لەشساغی

دکتۆر کامەران ژاژڵەیی:

هەنجیر ڕێگری لەجەڵتەی دڵ و مێشک و نەخۆشی تەسک بوونەوەی خوێنبەرەکان دەکات

دکتـۆر کامـەران رسـوڵ ژاژڵەیـی ،پسـپۆڕی زانسـتی خـۆراك و نەشـتەرگەری گشـتی دەربـارەی سـودەکانی هەنجیـر کەئێسـتا وەرزی پێگەیشـتنیەتی دەڵێت:هەنجیـر لـەرووی تەندروستیەوە سـودی ئەکجار زۆری هەیـە بـۆ یەپێویسـتە لـەم وەرزە هیـچ ڕۆژێـك خۆمـان لەخواردنـی هەنجیـر بێبـەش نەکەیـن:

ئاسۆریشە عومەر

سود و بەها خۆراکییەکانی هەنجیر

ئەوپسـپۆڕەی بـواری خۆراکـی دەربـارەی سـود و بەهاخۆراکییەکانی هەنجیـر دەڵێـت: هەنجیـر لەلایـەن پسـپۆڕانی زانسـتی خۆراکـەوە بـە یەکێـك لـە گرنگتریـن میوەکانـی لـەش سـاغی دادەنرێـت لەبـەر سـوودە تەندروسـتیە زۆرەکانـی ،هەنجیـر دەوڵەمەنـدە بـە ڤیتامینەکانـی وەك (C , B1 , B1 , A , E) لەگـەڵ کانـزەکان وەك کالسـیۆم ، ئاسـن ، پۆتاسـیۆم ، فسـفۆڕ ، پۆتاسـیۆم ، مەگنسـیۆم ، لـە گـەڵ (Ome-ga- 3 و هەنـدێ لـە بەهێزتریـن مـاددە دژە ئۆکسـان و ڕیشـاڵەکان و ئـاو و و کاربۆهیـدرات ٠

گرنگترین سوودە تەندروستیەکانی هەنجیر


پاشـان دکتـۆر کامـەران دەربـارەی سـودە تەندروسـتییەکانی هەنجیـر دەڵێـت: چارەسـەری قەبـزی و پـاك کردنـەوەی ڕیخۆڵـەکان لـە مـاددە ژەهراوەیـەکان و چالاك کردنی کۆئەندامی هەرس و جگـەر ، نەهێشـتنی بۆنـی ناخۆشـی نـاو دەم و خێـرا چاك بوونـەوەی برینـی نـاو دەم ، پاراسـتنی تەندروسـتی دڵ : لەگـەڵ ڕێگـری کـردن لـە جەڵتـەی دڵ و مێشـك و نەخۆشـی تەسك بوونـەوەی خوێنبـەرەکان ، یارمەتـی توانـەوەی بـەردی گورچیلـە و میزەڵـدان ئـەدات ٠ یارمەتـی کۆنتـرۆڵ کردنـی بەرزی گوشـاری خوێـن دەدات چونکـە دەوڵەمەنـدە بـە پۆتاسـیۆم ، لەگـەڵ دابەزادنـی چەوریـە سـیانیەکان و کـۆ لیسـترۆڵی خـراپ لـە خوێـن دا ، خۆپاراسـتن لـە لـە شـێرپەنجە چونکـە دەوڵەمەنـدە بـە مـاددەی کارۆتێـن کـە بەرگـری خانـە شـێرپەنجەیەکان دەکات و ڕێگـری دەکات لـە بڵاوبوونەوەیـان ، خۆپاراسـتن لـە نەخۆشـی نـەرم بوونـەوەی تێسـك لە بـە سـاڵاچوون دا ، چارەسـەرکرنی کەمـی مـاددەی ئاسـن و کەمخوێنـی و خۆپاراسـتن لێـی ، پاراسـتنی تەندروسـتی پێسـت و گـەش بوونـەوەی و نەهێشـتنی چـرچ و لـۆچ و خـاڵ و زیپکـە و سیسـی دەم و چـاو ، بەهێزکردنـی موەکانـی قـژ و پاراسـتن لـە سـپی بـوون و هەڵوەرینـی قـژ ، میوەیەکـی زۆر باشـە بـۆ نەخۆشـی شـەکرە بـە مەرجێـك ڕۆژانـە سـێ بـۆ چـوار دەنکـی لـێ بخورێـت و بـە وشـکی یـەك دەنـك زیاتـر نەخورێـت ، بـە وشـك کـراوی بـۆ زیـاد کردنـی کێـش زۆر باشـە لـە حاڵەتـی لاوازی و کەمـی کێـش ؛ بـە تەڕیـش لـە کاتـی ڕیجیـم کـردن بـە مەرجێـك ڕۆژانـە تەنهـا دوو بـۆ سـێ دەنکـی لـێ بخورێـت ٠





هەنجیرێکی دوو ڕەنگی
لە گوندێکی شاری ئاکرێ بەرهەم دەهێندرێت





بێریڤانەکانی مووش، ماندوون

خەبات: باکووری کوردستان

لـە پارێـزگای مـووش، بێریڤانـەکان (شیردۆشـەکان) بـۆ دۆشـینی مـەڕ و ماڵەتەکانیـان ڕۆژانـە دەیـان کیلۆمەتـر ڕێ دەکـەن بـۆ گەیشـتن بـە کوێسـتانە بـەرزەکان.

بێریڤانەکانـی گونـدی دەرەجـی کـۆی کـە 35 کیلۆمەتـر لـە ناوەندی شـاری مووشـەوە دوورە، لەگـەڵ یەکـەم کازیـوەی بەربەیانـدا کارەکانیـان دەسـت پـێ دەکات، دوای برینـی ڕێـگای دۆڵ و گردەکان دەگەنـە ئـەو کوێسـتانەی مەڕوماڵەتەکانیـان لێیـە کـە دوو هـەزار و 500 مەتـر لـە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە بـەرزە.

دوای برینـی ڕێگایەکـی سـەخت لـە گەرمـای هاویندا، بێریڤانـەکان ئـەو شیرەی لـە مـەڕ و بزنەکانیـان دۆشـیوە دەکەنـە مەنجەڵـی گـەورەوە و دواتـر ماسـت، پەنیـر و کـەرەی لـێ دروسـت دەکـەن.



کەوسـەر یڵـدز کـە یەکێکـە لـە بێریڤانـەکان، بـاس لـەوە دەکات کـە لەگـەڵ هەڵاتنـی گزنکـی بەیانیـدا، گەشـتە سـەختەکەیان دەسـت پـێ دەکات.

کەوسـەر یڵـدز باسـی لـەوە کـرد کـە دوای برینـی ڕێگایەکـی چەنـد کیلۆمەتـری دەگەنـە ناوچەکـە و گوتـی: "بەیانیـان زوو لەخـەو هەڵدەسـتین. لـە لایـەك نـان دروسـت دەکەیـن و لـە لایەکـی دیکەیـش نانـی بەیانـی دەدەیـن بـە منداڵـەکان. بژێـوی ژیانمـان لەسـەر ئاژەڵداریـە. هـەر یەکێکیـان ڕۆژانـە 10 کیلۆمەتـر ڕێ دەکەیـن و 200 سـەر مـەڕ دەدۆشـین. گەورەتریـن کێشـەمان ڕێکردنـە. بەشـێك لـەو پەنیـرەی دروسـتی دەکەیـن دەفرۆشـین و بەشێکیشـی بـۆ خۆمـان هەڵدەگریـن. بـۆ مـاوی پێنـج مانـگ لـە کوێسـتانەکاندا دەمێنینـەوە.

ئەسپی کۆچەرییەکانی دێرسیم جوانیی دەبەخشێتە سرووشت

خەبات: باکووری کوردستان

ئـەو ئەسـپانەی کـە کۆچەرییـەکان لـە هاویندا باریـان پـێ سـەردەخەن بـۆ سـەر چیای مونـزور، لـە کاتـی بەرەڵاکردنیـان بـە کوێسـتانەکاندا جوانییەکـی دڵڕفێـن دەبەخشـنە سرووشـت..

شـارۆچکەی ئۆڤاجـك کـە 1500 مەتـر لـە ڕووی ئاسـتی دەریـاوە بـەرزە، بـە شـوێنگەلی وەك پارکـی نیشـتیمانی دۆلـی مونـزور، کانیاوەکانـی مونـزور، دۆلـی مەرجـان، تاقگەکانـی کرکمەردیڤـان و ڕووبـاری حەرامـی، و بـە سروشـتە نایابەکـەی، دەوڵەمەندیـی لـە ڕووەك و گـژ و گیـا، نیشـتیمانی چەندیـن جـۆر ئاژەڵـی کێویـیە و هەمـوو ئەمانـەش جوانییەکـی نـاوازە دەبەخشـنە کوێسـتانە سـەوزەکان. کوێسـتانی کەپیـر کـە دەکەوێتـە چیاکانـی مونـزور و لـە بەرزایـی سـێ هـەزار مەتـر لـە ئاسـتی دەریادایـە، لـە وەرزی هاویندا میوانداریـی کۆچەرییـەکان و هـەزاران مـەڕ و ژمارەیەکـی زۆر ئەسـپ دەکات. کۆچەرییـەکان، لـە مانگـی حوزەیرانـدا لەگـەڵ ڕانـە مەڕەکانیـان دەچنـە کوێسـتانی کەپیـر، گوزەرکردنـی ئەسـپەکانیان بەشـێوەی پـۆل، کـە بـۆ هێنـان و بـردن و بارکردنـی پەنیـر و خـۆراك لـە گونـدەوە بـۆ کوێسـتانەکە بەکاریدەهێنـن، دیمەنێکـی دڵڕفێـن دەداتـە کوێسـتانەکە. لـە کوێسـتانەکە کـە ڕەنگـی سـەوزی پۆشـیوە، ئەسـپەکان بـە لەوەڕیـن لەنێـو ئـەو ڕووەك و گیایانـەی کـە لـە قەراغـی چـەم و ڕووبارەکانـدا ڕواون، ئـەم دیمەنـە جوانـە بووەتـە جێگـەی سـەرنجی ژینگەدۆسـتان و وێنەگـران.



پڕژە.. زستانێک لە هەرچوار وەرزی ساڵ

هاوینەهـەواری پـڕژە یەکێکـە لـە شـوێنە گەشـتیارییەکانی سـنووری قـەزای چۆمان کـە هـەر چـوار وەرزی سـاڵ بەفـری لـێ ناتوێتـەوە و ئەمەیـش وای کـردووە سـاڵانە لـە وەرزی گەرمـادا زۆرترین گەشـتیار ڕوو لـەو شـوێنە بکـەن، بـەڵام ئەمسـاڵ بەهـۆی بوونـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا و ڕێکـارە تەندروسـتییەکان، هاوڵاتییـان نەیانتوانیـوە سـەردانی پـڕژە بکـەن.

پلەکانـی گەرمـا هەمیشـە لـەو ناوچەیـە نزمـە و هـەر ئەمەیشـە وای کـردووە بەفـری زسـتان لـە هیـچ وەرزێکـدا نەتوێتـەوە و لـە وەرزی هاوینیشـدا، گەشـتیارانی هەرێمـی کوردسـتان و ناوچەکانـی ناوەڕاسـت و خـواروی عێـراق بـۆ بەسـەربردنی کاتێکـی خـۆش و دوورکەوتنـەوە لـە گەرمـا، ڕوو دەکەنـە پـڕژە. لەگـەڵ دەسـتپێکی گەرمـا، خەڵکێکـی زۆری دەڕووبـەری پـڕژە، بەفـری کەڵەکەبـووی زسـتان هەڵدەکۆڵـن و لـە قـەزای سـۆران دەیفرۆشـن.

پـڕژە دەکەوێتـە دامێنـی چیـای سـەکران و بەڕێگایەکـی سـەخت و هـەورازدا بەنـاو گونـدەکانـی خوشـکان، بندایـزان، ئێنـێ و چەنـد گونـدێکی دیکـەدا تێپـەڕ دەبێـت، هـاوکات ئاوێکـی سـازگار لەژێـر بەفـرە کەڵەکەبووەکـەی پـڕژەدا دێتـە دەرەوە و پلـەی گەرمـای ئاوەکـە تـا پلـەی بەسـتن لـە شـەودا، دادەبەزێـت.



محەمەد سالّح پێندرۆیی (جگەرسۆز):

مندالّ بە سروشتی خۆی، حەزی لە شیعر و چیرۆکە

پەیوەندییەکی نزیک و بەهێز لە نێوان ئەدەب و پەروەردە داهەیە، تەنانەت ئەدەب بەشێکی گرنگە لە پەروەردە

گرنگی بە پێشبڕکێی شیعری بدەن، دەتوانن خزمەتێکی زۆر بە منداڵانی کورد و کوردستان بکەن

دیمانە: ڕۆستەم خامۆش – هەولێر

بۆ گرنگیدان بە ئەدەبیاتی منداڵان و گفتو گۆی زیاتر لەسەر ئەو بوارە، و ئاوڕدانەوە لەو قەڵەمانەی، کە خزمەتیان بە ئەدەبیاتی منداڵان کردووە، بەپێویستمان زانی ئەو دیمانەیە لەگەڵ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس»محەمەد سالّح پێندرۆیی» (جگەرسۆز) ساز بکەین، کە ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانی لە ژمارەی سالّەکانی تەمەنی خۆی زیاترە.

• سەرەتای ئاشنابوونت بە جیهانە جوان و قەشەنگەکەی زارۆکان، بۆ کەی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی بواری ئەدەبیاتی منداڵان؟

- بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان، سەرەتا زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەم، بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە. هەڵبەت بە حوکمی ئەوەی خۆم مامۆستام و ڕۆژانە لە قوتابخانە سەرەدەر لەگەڵ منداڵاندا دەکەم، بۆیە تا حەددێکی زۆر ئاشنای ئەو جیهانە جوانەم، بەڵام لە بواری ئەدەبییدا، لە سالّی ١٩٩٩، دەستم بە نووسینی شیعر بۆ منداڵان کردووە، تاکو جگە لە کاری پەروەردە و فێرکردن، لەڕێگەی شیعریشەوە خزمەت بە منداڵە چاوگەشەکانمان بکەم.

• کەواتە دەستپێکی نووسینت بۆ منداڵان بە شیعر بوو؟

- بەڵێ سەرەتای نووسینم بۆ منداڵان بە شیعر دەستپێکرد.

• کەی بڕیارتدا نووسینەکانت بۆ منداڵان بڵاوبکەیتەوە، یەکەم بڵاوکراوەت چی بوو، لەکوێ بڵاوتکردەوە؟

- سالّی ١٩٩٩ دەستم بە نووسینی شیعر بۆ منداڵان کردووە، یەکەمین شیعریشم بەناوی (کەڤۆکم) لە سالّی (١٩٩٩)، لەژمارە (٤١)ی گۆڤاری (هەنگ) لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

• بە تێڕوانینی تۆ، ئەدەبیاتی منداڵان چییە، یان شارەزایان و لێکۆڵەران چۆن پێناسەی ئەدەبیاتی منداڵانیان کردووە؟

- ئەدەبیاتی منداڵان هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی ئەدەبیی و لە قاڵبی شیعر، یان پەخشان، یان چیرۆک، یان چیرۆکە شیعر بۆ منداڵان دادەڕێژرێت، تاکو گەشە بە توانا کانیان بدرێت و کاریگەریی لەسەر هەست و نەستیان بەجێبێڵێت و بە بەها جوانەکانی ژیان و ڤیان ئاشنایان بکات.

جان جاک ڕۆسۆ لەو بارەیەوە دەڵێت: مەبەست لە پەروەردەکردنی منداڵ، بۆ ئەوەیە تاکو فێربێت چۆن گوزارشت لە هەستی خۆی بکات و جوانیی خۆش بوێت.

• شاعیران و چیرۆکنووسانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن لە نووسینەکانیاندا، چی بە مەرج و پێویست دەزانی کە لێی شارەزابن؟

- پێم وایە ئەو کەسەی بۆ منداڵان دەنووسێت، پێویستە ئەو دوو خاڵە گرنگە لەبەرچاو بگرێت، یەکەمیان: ئاشنابێت بە جیهانی منداڵان، چونکە کەسێک ئەو جیهانە نەناسێت، ناتوانێت بە جوانیی گوازرشتی لێ بکات.

دووەم: ئاشنابێت بە زمانی زارۆکان، تاکو بە زمانی ئەوان بنووسێت و بتوانێت کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزیان جێبێڵێت.

• بەڕێزت وەک شارەزایەک لە هەردوو بواری پەروەردە و دەروونزانیی، ئایا لایەنی دەروونزانیی، چۆن دەڕوانێتە ئەدەبیاتی منداڵان؟

- هەڵبەت لایەنی دەروونزانیی پەیوەندییەکی پتەوی بە هەموو بوارێکی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، چونکە لەڕێگەی ئەو زانستەوە، مرۆڤ دەتوانێت سەرەدەرێکی ڕاستەقینە و واقعی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بکات، لەوانیش منداڵان. بۆیە لەپێناو بەرهەمهێنانی دەقێکی جوانی ئەدەبی منداڵان، پێویستە مرۆڤ ئاشنای زانستی دەروونزانیی منداڵان بێت، بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ منداڵ چ حەز و مەیل و ئارەزوویەکی هەیە و هیوا و ئاوات و داخاز و پێداویستییە دەروونیی و هزریی و جەستەیی و زانستیی و سۆزدارییەکانی چین، هەروەها هەر منداڵێک لە هەر تەمەنێکدا چ تایبەتمەندییەکی هەیە و چۆن بتوانین لەڕێگەی دەقێکی ئەدەبییەوە خزمەت بەو چینە گرنگە بکەین و بەرەو جوانناسیی و بەهابەرزکان ئاراستەیان بکەین.

• تایبەتمەندیی شیعری منداڵان چیە و چۆن لەگەڵ شیعری گەورەسالّان جیاوەکرێتەوە؟

- پێم وایە لە کاتی نووسینی شیعری منداڵان، پێویستە ئەو چەند خاڵانە لەبەرچاو بگیرێن:

١- باشتر وایە شیعرەکە کێش و سەروا (وەزن و قافیە)ی هەبێت، تاکو لای منداڵ خۆشەویست بێت و بتوانێت بە ئاسانی ئەزبەری بکات.

٢ -پێویستە بە زمانێکی پاراو و جوان و ڕەوان بنووسرێت و ڕەچاوی تەمەنی منداڵ بکرێت.

٣- پێویستە شیعرەکە گوزارشت لە هەست ناسکیی منداڵ بکات.

٤- پێویستە، شیعرەکە مەبەستدارێت و شاعیر لە ڕێگەی شیعرەکەیەوە، بتوانێت پەیامی خۆی بگەیەنێت.

٥ -پێویستە شیعری منداڵان دوور بێت لە هەر جۆرە پەیڤێک، کە گوزارشت لە شکاندنەوە، یان سووکایەتی، یان تۆندوتیژیی، یان بێڕێزیی، یان وەڕووخان و بێئومێدیی و... هتد بکات، بەڵکو پێویستە تێکستەکە ژێدەری فێربوونی بەها بەرز و جوانەکانی ژیان و ڤیان بێت.

• تایبەتمەندیی چیرۆکی منداڵان چییە و بەپای تۆ دەبێ چیرۆکی منداڵان چۆن بێ؟

- سەرەتا پێویستە ئەوەی چیرۆک بۆ منداڵان دەنووسێت، ئاشنای هونەری نووسینی چیرۆکی منداڵان بێت، چونکە جیهانیی منداڵان، جیهانێکی تایبەتە و بە هیچ جیهانێکی دیکە ناچێت، هەروەها پێویستە ڕەچاوی تەمەنی منداڵ بکرێت، واتە چیرۆکنووس دەبێت بزانێت بۆ چ تەمەنێک دەنووسێت، چونکە منداڵێکی شەش حەوت ساڵان لە ڕووی ئیدارک و تێگەیشتن و هەست و سۆزەوە، جیاوازە لەگەڵ منداڵێکی دە دوانزە ساڵان، هەروەها زمانی چیرۆکەکە دەبێ زمانێکی منداڵانە بێت و بەشێوازێکی ئاسان و ڕەوان بخرێتە بەردەستی منداڵ. خاڵێکی دیکە، کە زۆر گرنگە و پێویستە چیرۆکنووس لەبەرچاوی بگرێت، بریتییە لە پەیامی چیرۆکەکە، ئاخۆ چیرۆکنووس دەیەوێت لەڕێگەی چیرۆکەکەیەوە چ پەیامێک بەزارۆکان بگەیەنێت و هزری مەندیان بشلقێنێت؟!

• تۆ، زیاتر بە قەد ژمارەی سالّەکانی تەمەنت کتێبت چاپکردووە، بەڵام دەمانەوێ بزانین چەندییان تایبەتن بە ئەدەب و پەروەردەی منداڵان؟

- سوپاس بۆ خوا، تا ئێستا (٥٦) کتێبم بەچاپگەیاندووە، (٢٥) یان تایبەتن بە بواری پەروەردە و فێرکردن و دەروونناسیی منداڵانەوە، لە بواری ئەدەبییشدا، تا ئێستا، دوو دیوانە شیعری منداڵان و دیوانێکیشم بەشێوەی چیرۆکەشیعر بەچاپگەیاندووە، جگە لەو شیعرانەی کە لێرە و لەوێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاومکردوونەتەوە.

• وەکو دەزانین منداڵ زۆر حەز بە وێنە دەکات، بۆ نمونە کاتێک شیعر و چیرۆک دەخوێنێتەوە، پێیخۆشە وێنەی لەگەڵدا بێ، هۆکار چیە و بۆچی؟

- هەڵبەت جیهانی منداڵان، جیهانێکی تایبەتە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیان ئەوەیە، زیاتر حەزیان لە وێنە و نیگارکێشانە، تا نووسین، چونکە وێنە و نیگار هۆکارێکە، منداڵ دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە گوزارشت لە هەست و سۆزەکانی خۆی بکات سەبارەت بە ژینگەی ماڵەوە و دەرەوە. هەروەها منداڵان لە ڕێگەی وێنە و نیگار و ڕەنگەکانەوە، پەیامی خۆیان بە دایک و باوک و مامۆستاکانیان دەگەیەنن و بەهرە و تواناکانیان نیشاندەدەن. هەروەها لە ڕێگای نیگارکێشانەوە، خەیاڵی منداڵان فراوان دەبێت و سۆز و هەستیان گەشەدەکات و فێری بەها جوانەکانی ژیان و ڤیان دەبن.

• چۆن دەڕوانیتە ڕەوشی ئێستای ئەدەبیاتی منداڵانی کورد لە باشووری کوردستان؟

- بە بەراورد، بە (٥٠) ساڵ پێش ئێستا، ڕەوشی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد باشترە، بەڵام لە ئاست بڵندخوازیی (طموح) ی منداڵان و ئەو قۆناغەدا نییە، چونکە لەڕووی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە لە ئاستی پێویستدا نییە و نەیتوانیوە تینوێتی منداڵان بشکێنێت.

• نزیکیی و پەیوەندی نێوان هەر دوو بواری: (ئەدەب و پەروەردە) چۆنە؟

- هەڵبەت پەیوەندییەکی نزیک و بەهێز لە نێوان ئەو دوو بوارەدا هەیە، تەنانەت ئەدەب بەشێکی گرنگە لە پەروەردە، بۆیە شاعیر و ئەدیبان لە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیانەوە، منداڵان لەسەر هەندێ بەها و ئاکار و ڕەوشتی جوان و بەرز پەروەردە دەکەن، تاکو لە ڕێگەی ئەو بەها و ئاکار و ڕەوشتانەوە، فێری جوانناسیی و ژینگەدۆستیی و مرۆڤدۆستیی و ڕەوشتبەرزیی و زانستخوازیی و هەستناسکیی و دەست و دڵ و زمانپاکیی بن و خۆیان و دەوروبەر و جیهان بناسن و شتی نوێ و تازە فێر بن و مرۆڤ و نیشتمان و ژینگە و ژیانیان خۆش بوێت و لە ئاکار و ڕەوشت و کارە ناشیرینەکان دوور بکەونەوە.

• تۆ، وەک مامۆستایەکی بە ئەزموون، کە ڕۆژانە لەگەڵ قوتابیان دەدوێیت، تا چەند منداڵان حەزیان بە شیعر و چیرۆکە، کە تایبەت بەخۆیان نووسراوە؟

- منداڵ بە سروشتی خۆی، حەزی لە شیعر و چیرۆکە، بۆیە ئەگەر شیعر و چیرۆکەکان بە زمانێکی منداڵانە و بۆ هەست و سۆز و جیهانی منداڵان بنووسرێن، کاریگەرییەکی زۆر لەسەر دەروون و هەست و سۆزیان بەجێدێڵێت و هانیان دەدات، کە فێری خوێندنەوەی کتێب بن و ناشنای ئەو جیهانە پان و بەرینەبن. هەڵبەت نزیکەی ٢٠ ساڵێک دەبێت لە قوتابخانە سەرەدەر لەگەڵ منداڵان دەکەم، سەرنجی ئەوەمداوە، کە بەشی هەرە زۆریان حەزیان لە چیرۆک و شیعرە، بۆیە لە بۆنە و هەڵکەوتەکاندا هەمیشە بە گوڕ و تینەوە بەشداری لە بڕگەی شیعر خوێندنەوە دەکەن، تەنانەت ئەوانەی بەهرەی شیعرییان هەیە، چەندین جار بەشداربیان لە پێشبڕکێی شیعر خوێندنەوەدا کردووە و خەڵاتیان وەرگرتووە.


• بۆیە ئەگەر مامۆستایانی هونەر و کوردی لە قوتابخانەکان، لە ڕێگەی کار و چالاکییەکانیانەوە، گرنگی بەو بواڕە بدەن، دەتوانن خزمەتێکی زۆر بە منداڵانی کورد و کوردستان بکەن.

• تۆ، جگە لە نووسین، کاری وەرگێڕانیشت کردووە، ئایا بەپای بەڕێزت، وەرگێڕان توانیویەتی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد بەرەو پێش ببات؟

- بەش بە حاڵی خۆم، لە بڕاڤی وەرگێڕان لە کوردستان ڕازی نیم، نەخاسمە لە بواری منداڵاندا، چونکە شتێکی کەم کراوە، بۆیە پێم وایە ئەگەر وەزارەتی ڕۆشنبیریی و پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە لە دوای ڕاپەڕین، پلانێکی تۆکمەیان هەبووایە، دەتوانرا خزمەتێکی زیاتربە منداڵانی کوردستان بکرێت و چەندین شاکاریی جیهانیی لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان بۆ سەر زمانی کوردی پاچڤە بکرێت، بەڵام بەداخەوە نەکراوە. هەڵبەت ئەگەر وڵاتێکی وەک ئێران بە نموونە وەربگرین، کە خۆم ساڵانێکی زۆر لەوێ ژیاوم، دەبینین ساڵانە بە دەیان و بگرە سەدان کتێب لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان لە زمانانی جیهانییەوە وەرگێڕدراوانەتە سەر زمانی فارسی، تاکو منداڵانیان لێی بەهرەمەندبن! بەڵام لە کوردستان ئەمە نەکراوە و وەک پێویست نەبووە.

پرۆفایل:


محەمەد سالّح پێندرۆیی (جگەرسۆز)



- لە سالّی ١٩٦٨، لە گوندی پێندرۆ، لە بناری چیای بۆتین، لە دەڤەری مزووری بالّا لەدایک بووە.
- لە سالّی ١٩٨٧، خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە.
- یەکەمین شیعری خۆی لە سالّی ١٩٨٧ لە گۆڤاری بەیان لە بەغداد بڵاوکردووەتەوە.
- لە سالّی ١٩٨٧، ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە.
- لە سالّی ١٩٨٨، دەستی بە نووسینی بابەت کردووە و تا ئێستا بە دەیان بابەتی فرە جۆری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوکردووەتەوە.
- لە سالّی ٢٠٠٣ یەکەمین کتێبی خۆی بەچاپ گەیاندووە, بەناوی دەروونناسییا زارۆکان.
- تا ئێستا (٥٦) کتێبی لە بوارەکانی: پەروەردە و فێرکردن و ئەدەب و فەرهەنگ و زمان و ئایین و ڕۆشنبیریی گشتیدا بە چاپگەیاندووە.
- ئێستا (١٨) کتێبی دیکەی ئامادەن بۆ چاپ.
- ئەندامی کارای لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە.
- ئەندامی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازکراوە.
- لە پای کار و چالاکیی و نووسینەکانی چەندین خەڵاتی ڕێزلێنان و سوپاسنامەی پێشکەشکراوە.

چاکترین زەردەخەنە، بە دڵنیاییەوە
زەردەخەنەیە بە چاوی داخراو
چاکترین خەونەکانیش
خەونەکانن بە چاوی کراوە
بەڵام چاکترین گۆرانی
ئەو گۆرانییەیە کە لە دووڕەوە دێت
بەناو پەنجەرەیەکی پەردەداردا
پاراوترین قسەش
ئەو قسەیەیە کە لەوپەڕی بێدەنگی، دەردەبڕێ
لەوانەشە چاکترین گەل
ئەو گەلەبێ کە ئیمپراتۆریەتی فراوانی نییە
چاکترین بڕواش
ئەو بڕوایەیە کە بگۆڕێت بەرەو ئایین
چاکترین ماسکیش، بەبێ گومان
ڕووی مرۆڤە
چاکترین نواندنیش
نواندنی سەرنەکەوتوو
چاکترین خۆشەویستیش
ئەو خۆشەویستییەیە کە هێشتا تەواونەبووە
چاکترین ئازار و ناخۆشیش
ئازاری گوڵە لە گۆرانی
چاکترین مەیمونیش لە جیهاندا، وەک دیارە
مرۆڤە
چاکترین مرۆڤیش، بەبێ گومان
بۆ ئەوە مۆڵەتم بدەن ... منم

بەشێك لە چامەی (چاکترین)



نووسینی: پارۆیەر سیڤاگ

وەرگێڕانی: ئاکۆ عەبدوڵا

* پارۆیەر سیڤاگ (١٩٢٤ – ١٩٧١) بە دیارترین شاعیر و ڕەخنەگری نوێی ئەرمەنی دادەنرێ. بە هۆی شیعرەکانی لە ڕووەکانی ستایل و بونیاد و پێکهاتە، ئەدەبی نەتەوەکەی بەرەو نوێخوازی برد. هاوکات لەناویشیاندا زۆر بە گەرمی گرنگی بە ڕووداوە تاڵەکانی میژووی نەتەوەکەی داوە. بەتایبەتیش ئەو تاڵوانەی لە کاتی قەتل و عامی ئەرمەنییان بە دەستی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩١٥ چێژتییان. ئەو شیعرەی لێرەدا کە لە زمانی عەرەبی بەشێکیان وەرگێڕاوە بە دریژی لە دیوانی (با روناکی هەڵکات) ی شاعیر دەبینرێ.


بۆریس جۆنسۆن (بەریتانیا)


مەحموود ئەحمەدی نەژاد (ئێران)


جاك شیراك (فەرەنسا)


ڕەجەب تەیب ئەدرۆغان (تورکیا)


فرانسوا هۆلاند (فەرەنسا)


ماوریسیۆ ماکری (ئەرجەنتین)

لە شارەوانییەوە بۆ لوتکەی دەسەڵات

لە هەندێ وڵاتی گەورەدا، پۆستی سەرۆکی شارەوانی، یان (والی)، لە ڕووی بایەخ و کێشکردنی تیرۆژەوە، هیچی لە پۆستی سەرۆکی وڵاتەوە کەمتر نییە. بەڕاستی لە زۆربەی وڵاتانی جیهانـدا، چەندان سەرۆك، ڕابەر و چاوتێبڕانی سەرکردایەتی، لە ڕێگەی خۆیان بەرەو لوتکە، بە ئەنجوومەنی دەسەڵاتی خۆماڵییەوە ڕەت بوونەتەوە. لەنێو دیارترین سەرکردەکانی ئێستای جیهانیشدا، دووان لەوان وەکو سەرۆکی شارەوانی ناسراون:


فیلی برانت (ئەڵمانیا)


یەکەمیان بۆریس جۆنسۆن، سەرۆك وەزیرانی ئێستای بەریتانیایە، کە لە ساڵی 2008 دا، بە سەرۆکی شارەوانی لەندەن هەڵبژێردرا و تاکو ساڵی 2016 هەر لەو پۆستەدا مایەوە، ئەو دەمەی کرایە وەزیری دەرەوە، لە ساڵی 2019یشدا، بە سەرۆکی پارتی پارێزگاران و سەرۆکی حکومەت هەڵبژێردرا.

دووەمیان، ڕەجەب تەیب ئەدرۆغان، سەرۆك کۆماری تورکیایە، کە لەماوەی نێوان 1994 و 1998دا، سەرۆکی شارەوانی ئیستەمبوڵ بوو، پاشان لە ساڵی 2003 تاکو 2014 بووە سەرۆك وەزیرانی وڵاتەکەی. دواتریش لە ساڵی 2014 دا، دوای ئەوەی سیستمی دەسەڵات کرایە سەرۆکایەتی، بە سەرۆك کۆماری تورکیا هەڵبژێردرا. بێجگە لەو دوو ڕابەرە، یەکێ لەو کەسە بەناوبانگانەی بووە سەرۆکی وڵاتەکەی، دوای ئەوەی سەرۆکی شارەوانی بوو، **مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆك کۆماری پێشووی ئێران،** کە لەساڵی 2003 تاکو 2005. سەرۆك شارەوانی تەهرانی پایتەخت بوو، دواتر بووە وەزیری هەواڵگری و پاشان وەزیری نەوت، بەر لەوەی لە ساڵی 2005 دا، بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت و تاکو ساڵی2013 لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە.

لە ئەورووپا، بەناوبانگترین والی شاری بەرلین، ڕاوێژکاری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، فیلی برانت، پێشڕەوی سیاسەتی (ئۆستۆپۆلیتیك)، بۆ نزیکبوونەوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دێت. برانت (1992-1913)، پۆستی سەرۆك شارەوانی بەرلینی خۆرئاوای وەرگرت، پێش کەوتنی دیواری بەرلین، لە کۆتاییەکانی جەنگی سارد لە نێوان ساڵانی 1957 و 1966دا. دواتر لە ساڵی 1968دا، کرایە وەزیری دەرەوە، پاشان پێشەوایەتی پارتەکەی (دیموکراتی سۆشیالیستی) بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتدا کرد، خۆیشی لە ماوەی نێوان 1969 و 1974دا، بووە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (سەرۆکی حکومەتی).

هەروەها سەرۆکی فەرەنسا، جاك شیراك هەیە، کە ماوەی 18 ساڵ (1977-1995) سەرۆکی شارەوانی پاریسی پەیتەخت بوو، کە لە هەمان کاتدا لە ساڵی 1986 تاکو 1988، سەرۆکی حکومەتیش بوو، دوای کاروانێکی سیاسیی سەرکەوتوودا، جارێك کرایە وەزیری کشتوکاڵ و جارێکیش کرایە وەزیری ناوخۆ. لە ساڵی 1995 یشدا، شیراك، بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا و تاکو ساڵی 2007 لە پۆستەکەیدا مایەوە.

هەر لە فەرەنسادا، سەرۆك کۆماری سۆشیالیست، فرانسوا هۆلاند، لە سەروبەندی کاروانە سیاسییەکەیدا، بەر لەوەی بچێتە نێو کۆشکی ئەلیزێی سەرۆکایەتی لە ساڵی 2012 و تاکو ساڵی2017 تێیدا بمێنێتەوە، لە نێوان ساڵانی 2001 بۆ 2008،پۆستی سەرۆکی شارەوانی شاری تولوزی لە ناوەڕاستی فەرەنسادا هەبوو.


جانیۆ کوادرۆس (بەرازیل)

لە دەرەوەی ئەورووپا و لە ئەمریکای لاتینیش، زۆرتر لە وڵاتی بەرازیلدا، سەرکردەی چەپڕەو، جانیۆ کوادرۆس، وەکو ئەندام لە شارەوانی ساوپاولۆ، یەکێ لە شارە گەورەکانی بەرازیل، دەستی بە کاری سیاسیی خۆی کرد. لە ئەنجوومەنی شارەوانییەوە دەرچوو و بووە پەرلەمانتار و پاشان والی ویلایەتی سیاسی کرد، دواتر پەرلەمانتار لەسەر ویلایەتی پارانا، بەر لەوەی لە ساڵی 1961دا، بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت، بەڵام تەنیا چەند مانگێکی کەم لە پۆستەکەیدا مایەوە. دوای ماوەیەك گەڕایەوە شاری ساوپاولۆ و بە سەرۆکی شارەوانییەکەی هەڵبژێردرایەوە، دوو ساڵ لە 1986 بۆ 1988 لەو پۆستەدا خزمەتی کرد.

لە ئەرجەنتین، دراوسێی بەرازیل لە باشووردا، کارساز و سیاسەتکاری ڕاستڕەو، ماوریسیۆ ماکری (سەرۆکی یانەی بۆکا جۆنیۆرزی وەرزشیی), لە سەرۆکی شارەوانی بۆینس ئایرسی پایتەختەوە (لە ساڵی2007 بۆ 2015)، بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا لە دوادواییەکانی ساڵی 2015 دا، ماکری، تاکو کۆتایی ماوەکەی لە دوادواییەکانی ساڵی 2019 لە پۆستەکەیدا مایەوە.

هەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، چەندان سەرۆك شارەوانی و والی دەرکەوتوون، لە هەموویان بەناوباگتر و ناسراوتریش، ریچارد دیلی، والی شیکاگۆیە، لە ساڵی 1955 تاکو مردنی لە ساڵی 1976دا. ئەمەو دیلی، بە دروستکەری سەرۆکەکانی دیموکراتی دادەنرێت، بەهۆی زیرەکی و سەرکردایەتیکردنی گەورەترین و کاراترین (ئامێری هەڵبژاردن) لە نێو پارتی دیموکراتدا، بەڵکو کوڕەکەی، ریچارد.م. دیلی، هەمان پۆستی لە شیکاگۆ بە میرات بۆ مایەوە و لە ماوەی نێوان 1989 و 2011 دا، پۆستی والی شیکاگۆی وەرگرت. لە شاری نیویۆرکیشدا، چەند والییەك دەرکەوتوون، لە هەموویان بەناوباگتر، مایکل بلومبێرگی ملیاردێرە، کە لە ماوەی نێوان 2002 و 2013 دا دەرکەوت، کە بیریشی لەوە کردەوە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی داهاتوو بەربژێر بکات- دوای گواستنەوەی لە پارتی کۆمارییەوە بۆ پارتی دیموکراتی- بەکردار بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی بەراییدا کرد، بەڵام لە بەر کەمی پشتیوانی و دواکەوتنی لە دەستکردن بە هەڵمەتی هەڵبژاردن، بڕیاریدا لە جەنگەکە بکێشێتەوە. پێش ئەویش، ڕۆدی جولیانی، براەری سەرۆك، دۆنالد ترەمپ و هاوپەیمانە سیاسییەکەی، لە ماوەی نێوان 1994 و 2001 دا، هەمان پۆستی والی شاری نیویۆرکی هەبوو.

ئا: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www.aawsat.com



مانشێت

ئیندیپیندینت:
بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ڕووسیا ، ئەفسەرێکی پایەبەرزی فەرەنسی لە یەکێك لە بنکە سەربازییەکانی ناتۆ لە لە ئیتالیا دەستگیر کرا.



سپۆتنیک:
لە ناوچەی لداخی سنووری نێوان هیند و چین ، جارێکی دیکە شەڕ وپێکدادان لەنێوان سوپای هەردووك وڵات ڕوویدا.



سکای نیوز:
لە ماوەی 40 ڕۆژدا سوپای میسر زیاتر لە 77 چەکداری توندڕەوی لە سینا کوشت.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دوای دووبارە بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبوانی کورۆنا ، جارێکی دیکە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا پەنا دەبەنەوە بەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزیی.



فرانس 24:
دەسەڵاتدارانی ئیتالیا لە نزیك کەناراوەکانی دوورگەی لامبیدۆزا لە باشووری وڵات بەلەمێکی کۆنی ڕاوکردنیان وەستاند کە 450 پەنابەری هەڵگرتبوو.




کەنالی ئار تی:
حکومەتی چین ڕایگەیاند 17 ڕۆژە هیچ کەسێك لە ناوخۆی چین تووشی ڤایرۆسی کورۆنا نەبووە و ئەوەی ڕۆژانە تۆمار دەکرێ ئەو خەڵکانەن کە لە دەرەوە ڕوو لە چین دەکەن.



شوێنە گەشتیارییەکان نابنە هۆی گواستنەوەی کۆرۆنا


نادر روستی



یەکێک لە تایبەتمەندییە بەهێزەکانی کۆرۆنا، خێرای گواستنەوەیەتی لە کاتی بەریەک کەوتنی کەسەکان لە کەسێک بۆ کەسێکی تر، ئەم بەریەک کەوتنەش لە کۆمەڵێک شوێن رووەدات، بەتایبەت لە شوێنە گشتییەکانی وەک: (بازار، دائیرەی حکومەت، شوێنەکانی بازرگانی، دەزگاکانی راگەیاندن، بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، خزم و سەردانی یەکتری کردن، شوێنە گەشتیارییەکان... هتد)، بەپێی چاودێری و بەدواداچوونی خۆم، زۆرترینی توشبووان بە کۆرۆنا لە بەریەک کەوتنی کەسەکانەوە لە دوو سەرچاوەی سەرەکی، یەکەم بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، دووەم سەردانی خزمان. هەموو لایەک بینیمان کە توانرا دەوام رابگیرێت، بازار و شوێنە گشتییەکان دابخرێن، بەڵام نەتوانرا هاتووچۆی نێوان خزمەکان و بەرێوەچونی تازیە بە تەواوی رابگیرێت!

لە کاتی داخرانی شوێنە گەشتیارییەکان ڤایرۆسەکە زۆر زیادی کرد، لە هەمان کاتدا باری ئابووری زیاتر خەراپ بوو و هەزاران کەس کاریان لەدەست دا و گوزەرانیان تێکچوو، واتە لە هەردوو لا زیان بە هاوواڵتیان و هەرێمی کوردستان کەوت، بۆیە گرنگ بوو، کە حکومەت بڕیاربدا شوێنە گەشتیارییەکان بکرێنەوە و جۆڵەی ئابووری دەست پێبکاتەوە، ئەمەش وایکرد کە زیانە ئابوورییەکە کەم بکرێتەوە و دۆخی کۆرۆناش وەک خۆی بمێنێتەوە. دوو جۆر شوێنی گەشتیاری هەیە، یەکەم کە شوێنی خێزانی و تایبەتن، دووەم شوێنی گشتی و بەکۆمەڵ، لە شوێنی خێزانی و تایبەت کەمترین بەریەکەوتە دروست دەبێت، وەک بن کەپرەکان و مۆتێل و مێزی تایبەت لە ریستۆرانتەکان، بە ئاسانترین شێوەش رێکارەکانی خۆپارێزی لەو شوێنانە جێبەجێ دەکرێن، کە ئەمەش مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە زۆر کەم دەکاتەوە، زۆرترین شوێنی گەشتیاری هەرێمیش لەم جۆرەیە. شوێنی دووەم، وەک بەردەم تاڤگەکان و ناو ئاو و رووبارەکانە، کە گەشتیاران رووی تێدەکەن، کە بەریەک کەوتن زۆر دەبێت و کەمتر ئەو شوێنە گشتییە کۆنترۆڵ دەکرێ، بەڵام شوێنەکان کراوەن و هەوای پاک زۆرترە و مەترسی کەمتر هەیە، من نالێم مەترسی نییە، بەڵام وەک بازار و هەندێک فەرمانگە و دائیرە کە زۆر بەریەکەوتن هەیە، ناتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ، شوێنە گەشتیارییەکەش بەهەمان شێوە ناتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ، لەگەڵ ئەوەش هەوڵەکان بەردەوامن بۆ جێبەجێکردنی رێنماییەکان.

ئەگەر شوێنی گەشتیاریش نەبێت، کۆمەڵێک شوێنی تری بەیەک گەیشتن و بەریەکەوتن هەیە، ئەگەر خۆمان نەپارێزین لە هەر شوێنێک بین دواجار هەر توشی ئەم ڤایرۆسە دەبین. بۆیە پێویستە هەموومان بگەینە ئەو باوەڕەی کە بڵێین: با ژیان بەردەوام بێت و ئابووری بەهێز بێت، با تاکەکانیش بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا خۆیان بەهێز کەن. بەستنی ماسک و لەیەک دوورخستنەوەی گەشتیاران و بەکارهێنانی مادەی پاکەرەوەکان لەو شوێنانەی بەرکەوتەی زۆری تێدایە، باشترین رێگایە بۆ سەلامەتی گەشتیاران.

رووسیا لەسەردەمی کۆرۆنا پشتگیری بوژانەوەی گەشتوگوزاری وەڵاتەکەی دەکات

لە ناوەڕاستی مانگی تەممووزەوە لەوکاتەوەی رێوشوێنەکان دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا کەمکرانەوە و دەرگای گەشتی ناوخۆیی بەڕووی هاووڵاتیانی رووسیادا کرایەوە، گەشتیارانی رووس بە لێشاو دەچنە شار و ناوچە گەشتیارییەکانی وڵاتەکەیان و پشوو دەدەن، دوای چەند مانگێک سڕبوون و لەدەستدانی 500 ملیار رۆبڵ، ئێستا ماوەی مانگێکە کەرتی گەشتیاری ناوخۆیی رووسیا بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە گەشەکردنە.

ژمارەی گەشتیاران لە هەموو شارەکانی رووسیا لە مانگی ئابدا بەراورد بە ساڵانی رابردوو زیادیکردووە، بەتایبەتی شاری سۆچی و هەرێمی کریم، هەریەکەیان زیاتر لە ملیۆنێک و پێنج سەد هەزار گەشتیاری لەخۆگرتووە، ئەو ژمارەیەش تادێت زیاد دەکات.

حکومەتی رووسیا بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری ناوخۆیی، هەوڵدەدات سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت کە ئێستا گەشتیارانی رووسیا گەشت ناکەن بۆ دەرەوەی سنوور، ئۆفەرێکی پێشکەش بە گەشتیارانی وڵاتەکەی کردووە تاوەکو هانیان بدات زیاتر گەشت بکەن، هەر گەشتیارێك لە 20 تاوەکو 75 هەزار رۆبڵ لە گەشتی ناوخۆیی خەرجکات، بڕی 5 تاوەکو 15 هەزار رۆبڵی بۆ دەگەڕێندرێتەوە، بەڵام مەرجە دەبێت گەشتکردنەکەیان لەڕێگەی نووسینگەیەکی گەشتیارییەوە بێت، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەت 15 ملیار رۆبڵی تەرخانکردووە. سەرچاوە: راپۆرتێکی روداو





وەیسی وەڵاتی

هونەری ئیدارەدانی شوێنە گەشتیارییەکان کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە هونەری بەرێوەبردن هەیە، کە کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، بەپێی شارەزای و ئەزموونی خۆم چەند خاڵێک بە شێوەی گشتی دەخەمەڕوو:

1- پێوستە لە ئیدارەکردنی پڕۆژەکان ستراتیژییەتی تایبەت هەبێت، بەر لە هەموو کارێک کەسەکان خوول ببینن، هەروەها پلان بۆ بارودۆخی نەخوازراوهەبێت، تاکو بتوانی بە سەری دا سەربکەوێت. یاسایەك هەیە دەڵێت: (1*2 ، 1*3 ، 1*4 ، 1*5)، واتە ئەگەر هۆتێلی تۆ 60 ژوور بێت، لایەنی کەم دەبێت 20 کرێکارت هەبێت، واتە 1* 3 واتە هەر 3 ژوور کرێکارێک، بۆ ئەوەی ئاستی خزمەتگوزاری پڕۆژەکەت باش بێت.

2- لەرووی خەرجیەوە، بەهەمان شێوە یاسایەك هەیە، دەڵێت: (خەرجی مانگ، دابەش 30ڕۆژ، دابەش لقی بەرهەم، وەك ژمارەی غورفە و ریستۆرانت و مەساج...هتد). بۆ نموونە خەرجی مانگانەی هۆتێلی (60) ژووری بەرێزت 30,000 دولارە، دابەش 30 ڕۆژ دەکەیت، دەکاتە 1000 دولار خەرجی ڕۆژانە دابەش 60 ژوور دەکەی، دەکاتە 16,66 دولار خەرجی هەر ژوورێک، هەر ژوورێک بە کرێ نەچوو خەرجی دەچێتەوە سەر ژووەرەکانی تر، لقی تریش هەن وەك: (مساج ، ریستورانت...هتد) خۆت لقە بەرهەم هێنەکان دەزانیت.

3- مانگانە بڕێک پارە لە قازانجی پڕۆژەکەت لە هەژماری بانکی خوت یاخود قاسەی ژمێریاری خوت دابنێ، بۆ کرێی کارەبا و رسوماتی ساڵانەی پڕۆژەکە.

4- هەموو کاتێک 20% خەرجیەکانت با لە بواری چاککردنەوە بێت، چونکە پێویستە ڕۆژانە و مانگانە بە بەردەوامی ئاگاداری چاکردنەوە(سیانە) بیت، تاکو پڕۆژەکەت هەر بە نوێیەتی بمێنێتەوە و تەمەنی درێژ بێت، نەك کەلەکە بکەیت، لەوانەیە لە کوتاییدا توانای پارەیەکی زۆرت نەبێت بۆ نۆژەنکردنەوە.

5- با هەموو کاتێک یەکێک لە خەرجییە جێگیرەکانت بریتی بێت لە خەرجی ڕێکلام.

6- هەموو کات هەول بدە بۆ بەدەست هێنانی خزمەتگوزاری نوێ، خزمەتگوزاری پێشکەوتوی هۆتێل، هەوڵبدە لە وەڵاتانی پێشکەوتوو لە بارەی خزمەت گوزاری نوێ لە کەرتی گەشتوگوزار بەتایبەت هۆتێل، زانیاری وەربگری، چونکە جیهان بەردەوام لە پێشکەوتن دایە.

7- تا خەرجییەکان نەکەیت قازانج ناکەیت، با خەرجیەکان لەو خالانەی سەرەوە بێت، بەتایبەت خزمەتگوزاری ڕۆژانەی کە لە هۆتێل پێشکەشی گەشتیار دەکەیت. بە خزمەتگوزاری باش دەتوانی رکابەری لەگەڵ رکابەرەکانت بکەیت، نەك نرخ، نرخ چەند دابەزێنیت، کاتێك خزمەتگوزاریەکانت وەك پێویست نەبوو، ناتوانی قازانجی باش بکەیت. بەڵام کاتێك خزمەتگوزاریەکانت زۆرباش بوو، گەشتیار هەموو جارێك دێت بۆلای تۆ، سەیری نرخ ناکات با بەرزیش بێت. چونکە ئەو پارەی دەیدات بەرامبەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە، نەك تەنها نووستن.

8- هەموو کات لەگەڵ گەشتیار ڕاستگۆبە، ئەوەی هەتە کەمتر پێی بڵێ، با زیاتر بەچاوی خوی ببینێت باشترە، نەوەك زۆری پێ بڵێیت و نیوەی وانەبێت. یاخودی بچیت لە سوشیال میدیا وێنەی هۆتێلی دەرەوەی وڵات دابنێیت. کاتێك دێتە هۆتێلەکە وانەبێت، بۆیە گرنگی زور بەم خاڵە بدە.

خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان چۆن ئیدارەی پڕۆژەکانیان بکەن؟







بەرپرسانی ریاڵ لەسەر مێسی دێنە وەڵام

بەرپرسانی ریال مەدرید بەهۆی لایەنگیریکردنی بەرشلۆنە، لە خاڤییێر تیباس سەرۆکی کۆمەڵەی لالیگا تووڕەن.

ماڵپەڕی دیڤینسا سێنترالی ئیسپانی ئاشکرایکردووە، دوای ئەوەی کۆمەڵەی لالیگا بەیاننامەیەکی بڵاوکردووەتەوە و پشتیوانی خۆی بۆ یانەی بەرشلۆنە دووپاتکردەوە و رایگەیاند مێسی ئەگەر بیەوێت بروات دەبێت ٧٠٠ ملیۆن یۆرۆ بدات کە نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەیەتی لە یانەکەی.

فلۆرێنتینۆ پێریز و بەرپرسانی ریال مەدرید لەم بەیاننامەیەی تیباس نیگەرانن و پێیانوایە ئەم بەیاننامەیەی لالیگا لایەنگیریکردنە، چونکە چەند مانگێك پێش ئێستا تیباس لە لیدوانێکیدا گوتی رۆیشتنی کریستیانۆ رۆنالدۆ لە لالیگا کاریگەرییەکی زۆر کەمی لەسەر لالیگا هەبوو، بەڵام مێسی باشترین یاریزانی مێژووی تۆپی پێیە و کاریگەرییەکی زۆری دەبێت.

بۆ پێنجەم جار لەسەر یەکتری
ئافرەتانی لیۆن بوونە پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا

تیپی ئافرەتانی یانەی لیۆنی فەرەنسی بۆ پێنجەم جار لەسەر یەکتری توانیان ناسناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بۆ ئافرەتان بەدەست بهێنن، دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا بە 3گۆڵ بەرامبەر بەگۆڵێك توانان لە ئافرەتانی یانەی فرلفسبۆرگی ئەڵمانی ببەنەوە.

یاریبەکەش لە شاری سان سباستیانی ئیسپانی و بەبێ ئامادەبوونی هاندەران بەڕێوەچوو، بەم ناسناوەش بۆ پێنجەم جار لەسەر یەکتری، ئافرەتانی ئۆلۆمپیك لیۆن خەریکە شان لەشانی پیاوانی یانەی ریال مەدرید دەدەن لەهەمان پاڵەوانێتیدا.

هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندی نێوان مێسی و بەرشلۆنە

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی، هۆکاری راستەقینەی تووڕە بوونی ئەستێرەی ئەرژەنتینی، لیونێل مێسی، کاپتنی یانەی بەرشلۆنەیان، لە کارگێڕی یانەکەی کەتەلۆنیا و بیرکردنەوەی لە رۆیشتن لە ریزەکانیدا ئاشکرا کردووە. بە گوێرەی راپۆرتەکەی رۆژنامەی (میرۆر) ی بەریتانی بێت، دۆڕانە گەورەکەی بەرشا بەرامبەر یانەی بایرن میونشن، لەوانەیە هۆکاری ئەو بڕیارەی مێسی و تووڕەبوونی بێت، لێ هۆکاری دیکەش، رۆڵیان لەوەدا هەبوو، مێسی هەست بە بێهواییەکی زۆر بکات. هۆکاری یەکەم، شکستهێنانی یانەکەیە لە گێڕانەوەی یاریزانی بەرازیلی، نەیمار داسیلڤا، لە هاوینی پارەکەدا، هەرچەندە دەنگەشەی گەڕانەوەی بۆ کامپ نو زۆر گەرمبوو، پێشتر ئەو یاریزانە بەیەکەوە، دووانەیەکی نایاب بوون، بەر لەوەی لە هاوینی 2017دا، نەیمار روو لە یانەی پاریس سان جێرمان بکات. لە جیاتی گێڕانەوەی نەیمار، یانەکە بە دەستەوارەیەکی گەورە، گرێبەستی لەگەڵ ئەنتوان گریزمان، لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە واژوو کرد، کە پەیوەندی لەگەڵ مێسی، چ لە سەر یاریگە و چ لە دەرەوەیدا باش نەبوو. هۆکاری دووەم، دژایەتیکردنی مێسی بوو لە بیرۆکەی دوورخستنەوەی راهێنەر، ئارنێستۆ ڤالڤێردی، کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ مێسیدا هەبوو. لادانی ڤالڤێردی، بووە هۆی ئەوەی، ئیریك ئەبیدال، بەڕێوەبەری وەرزشی یانەکە، رەخنە لە هەوڵی یاریزانان بگرێت و بڵێت، بەشێکی زۆری ئەستێرەکانی یانەکە، لە راهێنەر رازی نەبوون و خۆیان بۆی هیلاك نەدەکرد، ئەوەش تۆمەتێکی روونە بۆ یاریزانانی یانەکە. ئەوەش وایکرد، مێسی لە رۆژی دواتردا، تویتێك لە ئینستاگرام بڵاو بکاتەوە و رەخنە لە کارگێڕی یانەکە بگرێت، بەوەی نەیتوانیووە بەپەلە هەڵسوکەوت بکات و یارمەتی یاریزانەکان بدات چارەیەك بدۆزنەوە، لە جیاتی ئەوەی داوایان لێبکات بە رێژەی 70% مووچەکانیان کەم بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە، رۆژنامەی (کلارین)ی ئەرژەنتینی، هۆکارێکی دیکەی ئاشکرا کردووە، کە وایکردووە مێسی، زیاتر لە کارگێڕی یانەکەی تووڕە بێت. رۆژنامەکە روونی کردووەتەوە، مێسی پێی وایە، دزەپێکردنی وردەکاریەکانی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ رۆنالد کومان، راهێنەری تازەی بەرشلۆنە، بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، ئامانجێکی چەپەڵی لە پشتەوەیە. مێسی پێی وایە، کارگێڕی یانەکەی، دەپەوێت مێسی بەگژ جەماوەری یانەکەوە بنێت و پەیوەندی لەگەڵیان تێکبدات. ئەمەو مێسی، کۆتایی بە پشووەکەی لە ولاتی خۆی هێنا و گەڕایەوە ئیسپانیا، بۆ ئەوەی لەگەڵ کومان کۆ بێتەوە و بۆچوونەوەیەدا، مێسی بە کومان راگەیاندووە، دەیەوێت لە بەرشلۆنە بڕوات، بەهۆی خراپی کارگێڕی، بەڕێوەبردنی و تێکچوونی رەوشی یانەکە. دواتریش لە پەیامێکیدا، بە فەرمی ویستی خۆی بۆ رۆیشتن لە ریزەکانی یانەکە راگەیاند، ئەو کێشەیەش تاکو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە و وردەکاریی زیاتری بە دوای خۆیدا هێناوە و دەهێنێت.

رەمزی میرەکانی

بەنهێنی گرێبەستەکەی رامۆس دڕێژدەکرێتەوە

هەواڵەکان لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا لەبارەی تازەکردنەوەی گرێبەستی هەریەك لە لۆکاس ڤاسکویز و سێرجیۆ رامۆسیان بڵاوکردەوە.

سەبارەت بە رامۆس ئەگەرچی ریال نەیویستووە ئەو پرۆسەیە بکەوێتەژر فشاری راگەیاندنەکانەوە، بەڵام هەواڵەکان دزەیان کردووە کە پێڕێزی سەرۆکی یانەی ریال بەنهێنی گرێبەستی ئەو یاریزانەی بۆ ماوەی سااڵێکی دیکە درێژکردۆتەوە لەگەڵ پێدانی پاداشتێك بۆ سەر مووچەکەی، ئەویش لەبەرامبەر ئەو ئاستەی لەوەرزی رابردوودا پێشکەشی کرد.

لە بارەی ڤاسکویزیشەوە دەگووترێت کە لەسەر داوای زێدان ئەو یاریزانە دەمینێتەوە چونکە ئەو زۆر پابەندی رینماییەکانی زێدانە و لەهەرکوێیەك پێی بڵێن یاری دەکات.



براڤۆ بەمەرجێکی سەیر رووی لە ریال بیتس کرد

کلاودیۆ براڤۆ، کاپتنی هەڵبژاردەی چیلی و گۆڵچی پێشووتری بەرشلۆنە و مانچستەر ستی بەشێوەیەکی فەرمی پەیوەندی بە یانەی ڕیال بیتسەوە کرد.

گرێبەستەکەی براڤۆ بۆ ماوەی یەك ساڵ دەبێت و ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە یەکێك لە مەرجەکانی هاتنی براڤۆ ئەوە بووە کە یەکێك گۆڵچی یەکەم یاخود دووەمی بیتس ئەم هاوینە بەڕێ بکرێت تاکو گۆڵچیە ئەزموونداراەکە هەڵی یاریکردنی زیاتری هەبێت.

شایانی باسە براڤۆ بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ڕیزی یانەکانی مانچستەر ستی بووە و ٢٩ یاری بە درێسی یانەی ناوبراو ئەنجامداوە و توانی دوو نازناوی پریمەرلیگ دوو جامی ئینگلیزی و دوو جامی قەلغانی خێرخوازی بەدەست بێنێت لەگەڵ یانەکە.

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Tue.1 Sep. 2020 No.:(5996)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

هەر کەس دەنگێکی گونجاوو تۆنێکی باشی لەئەداکردندا هەبێت دەتوانێت ببێت بە دۆبلێر

دۆبلێر بنار سرێشمەیی: لەکاری دۆبلێری ڕووبەرووی زۆر تانە و تەشەل بوومەتەوە بەڵام کۆڵم نەداوە

بەداخەوە لەکۆمەڵگایەکین بەچاوێکی خراپ دەڕوانن کاری دۆبلێری



مەرج نییە کەسی دۆبلێر شانۆکار بێت، یان دەرچووی پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان بێت، دۆبلێریش بەهرەیە

بۆ ماوەیەک یاریزانی تایکاندۆ بووم بەڵام بەهۆی سەرقاڵیم وازم هێنا

لەکۆمەڵگایەکین لە پراکتیزەکردن تووشی لەمپەری زۆر دەبینەوە، بۆیە پشت شاشەم هەڵبژارد

دیمانە: هێمن ئاری



بنار شەهاب عەزیز سرێشمەیی، لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٧، بەشی زانستی گشتی لەپەروەردەی بنیات تەواوکردووە و لەئێستادا کاری دۆبلێر دەکات. لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەباتدا باس لەکاری دۆبلێری و سەرەتای هاتنی بۆ نێو ئەم بواڕە دەکات و دەڵێت: لەفەزڵی خودا بەزیاد بێ لە زمان زانین بەهرەدارم وەک زمانی (ئینگلیزی ، عەرەبی ، تورکی ، فارسی ، کوردیش بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی) زۆر بە باشی قسەیان پێدەکەم.هەروەها لەهەوڵی فێربوونی فەرەنسیشم.

دوای زانکۆ

لەبارەی دەستپێکی کارکردنی دەڵێت: بەحوکمی ئەوەی زمان باش دەزانم هەمیشە دەرفەتی کارم هەبووە لەدوای دەرچوونم لەزانکۆ لەساڵی ٢٠٠٩ دوای ٥ مانگ توانیم چانسی ئەوە بەدەست بێنم لەکۆمپانیایەکی گەورە دەستم بەکارکرد ئەزمونێکی باشی کارکردنم هەیە لەچەندین کۆمپانیای جیا جیای گەورەو نێودەوڵەتی، لە تەک کارکردنم لەکۆمپانیاش دوای دامەزراندم وەک مامۆستا هەر بەردەوام بووم لە هەردوو کاردا، دوای هاتنی داعش تەنها سەرقاڵبووم بە مامۆستایەتی.

زەحمەتی و کاری دۆبلێری

سەبارەت بەکاری دۆبلێری ئەو ئاستەنگانە لەم بواڕە ڕووبەڕووی بۆتەوە دەڵێت: سەرەتای دەستپێکردنم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەکەم جار دەستم کرد بەکاری ئەگینا چۆن دەتوانی خۆت لەشوێنی ئە کەسە دابنێی هەمان ڕۆڵ بگێڕی و وابکەی بەدەنگ و ئیحساس خەڵک سەیری درامایەك یان فیلمێك دەکات هەست بکات ئەکتەرەکە بە کوردی دەدوێ، ئیحساست هەمان ئیحساسی ئەکتەرەکە بێت، مەرج نییە کە دۆبلێر بووی دەبێ شانۆکار بی یا دەرچووی پەیمانگاو و کۆلێژی هونەرە جوانەکان بیت، ئەوە بەهرەیە هەموو کەسێك نییەتی و دروستیش ناکرێ خۆڕسکە،

خۆم حەزم دۆبلێری لەکۆمپانیای ڕەنگارەبوو ئەوکات تەلەفزیۆن و کۆمپانیا نەبوون وەك ئێستا بەربڵاوبون لەکاری دۆبلاژ تا ئێستاش هەر بەردەوامم لە زۆربەی هەرە زۆری تیڤی و کۆمپانیاکان کاری دەنگی دۆبلاژم کردووە.

دۆبلاژ زەحمەتیەکە تەنها دۆبلێر دەیزانێ و لێی تێدەگات بەتایبەت بۆ ئافرەت، چونکە لە کۆمەڵگایەکین زۆرینە لە بەهاو جوانی و تایبەتمەندی دۆبلاژ تێناگەن بە چاوێکی خراپ دەڕوانن ئەو بواڕە، خودی خۆم ڕووبەڕووی چەندەها تانە و تەشەر و قسەی ناشرین بومەتەوە تا ئێستاش قسە هەر دەکرێ، بەڵام کەمتر لەپێشوو،بەڵام هیچ شتێك منی سارد نەکردەوەو کۆڵم نەدا، دڵنیابووم ڕۆژێك دێت تێدەگەن ئەو کارە چەندە مەزنە.

هەست و دەنگ

دەڵێت: بێگومان بوون بەدۆبلێری بەهرەیەو دەبێ ئەو بەهرەیەت هەبێ، ئەم خولە گوتی: دوای ئەوەی هەستم کرد کە قوتابیانی زمانی فەرەنسی کۆلێژەکان پێویستیان بەدەستگرتنی زیاترە، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم خولە بەخۆڕایی بکەمەوە بۆ ماوەی یەك مانگ، هەروەها گوتی: لەپاڵ گوتنەوەی بابەتی زمانی فەرەنسی هەوڵ دەدەم بەشداربووانی خولەکە بە کلتور و فەرهەنگ و مێژووی وڵاتی فەرەنسایان ئاشنا بکەم ، دەمەوێ قوتاب کورد بچنە ناواخنی وانەکانەوە و شتی تازە فێربن.

جێی باسە ئەو خولە ڕۆژانی یەکشەممەو چوارشەممەی هەموو هەفتەیەك لە ناو کتێبخانەکەی (خۆی گوتەنی زانکۆی فەرهاد پیرابل) لەناو پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێت.



د. فەرهاد پیربالّ خولێکی بەخۆڕایی بۆ قوتابیانی کۆلێژەکانی زمان لە هەولێر دەکاتەوە

خەبات: هاوار مورتکەیی

لەدەستپێشخەرییەکی نمونەییدا، د. فەرهاد پیربال مامۆستای زانکۆ خولێکی فێربوونی زمانی فەرەنسی بۆ قوتابیانی کۆلێژەکانی زمانی فەرەنسی لە کتێبخانەکەی خۆی لەهەولێر کردەوە.

د. فەرهاد پیربال لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات سەبارەت بەکردنەوەی خولەکەی وتی: ئەم خولە بۆ ئەوانەیە کە ئاشنایەتیان بە زمانی فەرەنسی هەیە و دەیانەوێت بەردەوام بن لە خوێندنی و ئاشنایەتیان زیاتر بێت بە زمانی فەرەنسی،